PDF4Kurd

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# ڕۆمان چییە؟





PDF4Kurd

م. ه. ئیبزامر مالكام برادبری نورتروپ فرِای

# رۆمـــــان چییه؟

وەرگێڕانی

جەواد مستەفا

پێداچوونەوەی

هەژاری رەحیمی



PDF4Kurd

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

● **رۆمان چییە؟**

● نووسینی: م. ه. ئیبزامر مالکام برادبری نورتروپ فرای

● وەرگێڕانی: جەواد مستەفا

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: ئاسۆ مامزادە

● ژمارەی سپاردن: ٣٨٧

● نرخ: ٢٥٠٠

● چاپی یەکەم : ٢٠٠٨

● تیراژ: ١٠٠٠

● چاپخانە: چاپخانەی حانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٣٦)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگا پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




## ناوەڕۆک


چاوخشاندنێک بە مێژووی رۆماندا ........................ ١

جۆرەکانی رۆمان........................ ١٥

رۆمانی ئەمڕۆ ........................ ٧٣

پێناسەی رۆمان........................ ٨٩

رۆمان و ریالیزم........................ ١٠٥

پێکهاتەی رۆمان........................ ١٢١

رۆمان و سێ شێوازی تری چیرۆک ........................ ١٣٥

هەندێ لە سەرچاوەکان........................ ١٦٩

چەند تێبینییەک لەسەر کتێبی (رۆمان چییە؟)........................ ١٧٠





PDF4Kurd

**تێبینی:**

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە باسێکی نووسەرانی بیانی کە ناوەکانیان دیاریکراون

محسن سلیمانی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی.



PDF4Kurd

# چاوخشاندنێک بە مێژووی ڕۆماندا

**نووسینی: م. هـ ئیبزامر**

زاراوەی ڕۆمان بۆ ئەو نووسراوە جۆراو جۆرانە بەکاردێت کە تەنها لایەنی هاوبەشیان ئەوەیە کە درێژ و پەخشان ئامێز و چیرۆکین. ڕۆمان لەو ڕووەوە کە گێڕانەوەیەکی بەربلاوە، لە (درێژە) کورتە چیرۆک، و (نوڤلێت)یش -کە لە کورتە چیرۆک درێژترە- جیادەکرێتەوە. گەورەیی و بەرفراوانی ڕۆمان ڕێی هاتنە ناوەوە بە کەسایەتی زیاتر دەدات، بۆیە (چنین)ی Plot (یان پلۆتەکانی)(چنینەکان) ئالۆزترە و ژینگە کۆمەلایەتییەکەشی گۆڕانکاری زیاتر بەخۆوە دەبینێ. جگە لەوەش ڕۆمان زیاتر لە کورتە چیرۆک یان نۆڤلێت دەستی نووسەر بۆ بزاڤی بەردەوامی و جوانی کەسایەتییەکان ئاوەڵە دەکات. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر لە هەڵبژاردنی ڕێباز و شێوازەکەیدا (Mode) وردتر بێت. سەرەنجام دەکرێ بڵێین ڕۆمان لەو ڕووەوە کە گێڕانەوەیەکی پەخشان ئامێزە لە چیرۆکە شیعرەکانی وەک: ((چاوسێر))[١]، ((سپێنەر))[٢] و ((میلتۆن))(٣) جیادەکرێتەوە کە لەگەڵ دەستپێکی سەدەی هەژدەهەمدا شوێنی خۆیان بۆ ڕۆمان بەجێ هێشت.



بەگوێرەی ئەو چوارچێوەیەی کە دیاریمانکرد زاراوەی ڕۆمان هەموو جۆرە بەرهەمێکی وەک ((پامێلا))[٤]ی ((ریچاردسۆن))[٥]، ((تریسترام شەندی))[٦]ی ((ستێرنە))[٧]، ((کاغەزەکانی پیک ویک))[٨]ی ((چارلزدیکنز))[٩]، ((باڵەکانی کۆتر))ی ((هینری جیمز))[١١]، ((ڕۆژیش دەردەکەوێ))[١٢]ی ((هەمەنگوای))[١٣]، ((ئۆلیسەس))[١٤]ی ((جیمز جویس))[١٥]، ((بێگانەکان و براکان))[١٦]ی ((چ. پ سنۆ))[١٧] و ((ئادای))ی ((نابۆکۆڤ))[١٩] دەگرێتەوە.

ئەمڕۆ لە زۆربەی زمانە ئەورووپییەکاندا زاراوەی (Roman) بەکاردێت، کە لە زاراوەی (ڕۆمانسی Romance) سەدەکانی ناوەڕاستەوە داتاشراوە. هەڵبەت لە زمانی ئینگلیزیدا لە جیاتی ((ڕۆمان)) وشەیەکی تر (Novel) بەکاردەبەن کە لە زاراوەی ئیتالی ((نۆڤێلا))وە (Novella) وەرگیراوە بە واتای شتی بچووک و نوێدێت و بە چیرۆکی کورت و پەخشان ئامێز دەگوترێت. لە سەدەی چواردەیەمدا لە ئیتالیا کۆکردنەوەی چیرۆکە کورت و پەخشان ئامێزەکان زۆر باوبوو. هەندێ لەم چیرۆکانە (جدی) بوون و هەندێکیشیان پەیوەندییان بەبێ ئابڕوویی تاکەکانەوە هەبوو. بەناوبانگترینی ئەم کۆمەڵە چیرۆکانە ((دیکامیرۆن))[٢٠] ی ((بۆکاشیۆ))[٢١] بوون کە هێشتا وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەیان لە کۆگای هەندێ لە کتێبفرۆشییە ناودارەکاندا هەیە.

هەروەها یەکێکی تر لە بنەماکانی ڕۆمان، حیکایەتەکانی (پیکارسک)ن کە لە سەدەی شازدەیەمدا لە ئیسپانیا هاتوونەتە ئاراوە. بەڵام سەیر لەوەدایە کە سەرنج ڕاکێشترین و پەسەندترین نموونەیان ((گیل بلاس))[٢٢]ە کە لە (١٧١٥ز)دا نووسەرێکی فەرەنسی بەناوی ((لۆساج))[٢٣] نووسیویەتی. ((پیکارۆ)) (Picaro) زاراوەیەکی ئیسپانییە و بە مانای (فێڵباز و هەڵخەڵەتێنەر) دێت و بەو چیرۆکانە دەگوترێ کە کەسایەتییەکانیان لە یاسا لادەر و فێڵبازن و بێ باکانە ژیان دەبەنەسەر.



PDF4Kurd

ئەو کەسایەتییە بەدرێژایی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی چیرۆکەکە زۆر کەم دەگۆڕێت (هەڵبەت ئەگەر لە بنەڕەتدا گۆڕانی کەسایەتی لە ئارادا بێت) چیرۆکەکانی پیکارسک لە ڕووی شێوەی داڕشتنەوە ریالیزمین و لەڕووی پێکهاتەشەوە پڕن لە ڕووداوی بەیەکەوە نەبەستراو. ئامانجیشیان زیاتر (هەجو و گاڵتەپێکردن) بووە. هەڵبەت هێشتا دەتوانرێ لە ناو زۆر لەو ڕۆمانانەی کە لە قۆناغەکانی دواتردا نووسراون، مانەوە و بەردەوامی چیرۆکەکانی (پیکارسک) بەدی بکرێن؛ وەک ڕۆمانی ((هاکلبری فین))[٢٤]ی ((مارک تواین))[٢٥] یاخود ((ڕووداوەکانی ئوگی مارچ))[٢٦] لە نووسینی ((سوێل بلو)).[٢٧] دەبێت بزانرێ کە کامڵبوونی نووسینی ڕۆمان زۆر قەرزاری ئەو بەرهەمانەیە کە بەشێوەی چیرۆکە پیکارسکەکان دەنووسران، تا ئەو لە خۆبایی بوونە خەیاڵی و سنگ دەرپەڕاندنە شێوە خوازراو و پەسەندەکانی چیرۆکە باوەکانی ئەو سەردەمە کە لە رابردوودا زۆر چیرۆکی کورت و پەخشان ئامێز بەو مەبەستە دەنووسران. شاکارەکەی ((سێرڤانتس))[٢٨] واتە ((دۆن کیشۆت))[٢٩] (١٦٠٥ز) کە بۆهەمان مەبەست نووسرا، گرنگترین و تەنیا باپیرەی ڕۆمانی ئەمڕۆیە، کەسایەتی سەرەکی ئەو ڕۆمانە پیاوێکی شێت، بەڵام قسە خۆشە کە هەوڵدەدات بەپێی ئامانج و بیروباوەڕە ڕۆمانسییە قارەمانییەکانی ئەو سەردەمە بژیت و، ئەو پیاوە بووە هۆکارێک تا ڕۆمان بە باشی خەیاڵ و واقیع لە ژیاندا نیشانبدات.

لە پاش ئەم پێشەکیانە و بابەتەکانی دیکەی وەک ئەو کورتە نووسینانەی لە سەدەی هەڤدەهەمدا دەربارەی تاکەکەسەکان نووسراون (ئەو نووسینە کورتانەی کە تیایاندا باس لەو کەسانە دەکرا کە لەسەر مۆدێل دەڕۆن یان باس لە شێوە ژیانێکی تایبەت دەکرا)، ئەو نووسینەی کە ئێمە ئەمڕۆ ناومان لێناوە ڕۆمان لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئینگلتەرادا هاتووتە ئاراوە. بەو مانایەی کە ((دانییل دیفو))[٣٠] لە ساڵی



(١٧١٩) سەرەتا ((رابنسۆن کرۆزۆ))[٣١] و دواتریش لە ساڵی (١٧٢٢ز) ((مۆل فلاندەرز))[٣٢]ی نووسی.

ئەم دووڕۆمانە هەردووکیان لە ڕووی پێکهاتەوە لە جۆری (پیکارسک)ن چونکە لە کۆمەڵێک ڕووداوی یەک لە دوای یەک پێکهاتوون کە تەنیا لە ڕێگەی کەسایەتییەوە بە یەکەوە بەستراون و ئەم پێکەوە بەستانەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هەموو ڕووداوەکان بۆیەک کەس ڕوودەدەن؛ هەرچەند (مۆل) ژنێکە کە هەندێ ڕۆڵەکەی جوانکاریی بۆکراوە، بەڵام وەرگێڕاوی هەمان ((پیکارۆ))ی کۆنی ئیسپانییە. لەلایەکی تریشەوە (یەکێتی کردەی چیرۆکی) لە ((رابینسون کرۆزۆدا) لە چیرۆکەکانی پیکارسک بەهێزترە. چونکە هەموو ڕووداوەکانیان بەدەوری ((گێروگرفتی مانەوە و بەردەوامی ژیان لە دورگەیەکی چۆڵ و دووره دەست)) دەسوڕێنەوە. هەروەها هەردوو چیرۆکەکە کەسایەتیگەلێکی سەرەکی قبوولکراوی نێو جیهانێکی واقیعی و بەرجەستە دەخەنەڕوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە شانازیی نووسینی یەکەمین (ڕۆمانی ڕووداو) بە (دیفۆ) بەخشراوە.

بەڵام دەکرێ بڵێین، تاڕادەیەک هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکەمین ڕۆمانی کەسایەتی (ساموێل ریچارد سۆن) لە ساڵی (١٧٤٠ز)دا نووسیویە کە ڕۆمانی (پامیلا) یا (چاکەی بەکری) بوو. ((پامێلا)) چیرۆکی ژنێکی هەست ناسک بەڵام زیرەکە، کە بەدووربینی و تێفکرین، پاکایەتی خۆی دەپارێزێت. لەجیاتی ئەوەی ببێتە خزمەتکارێکی بەدناو و بێ ئابڕوو، دەبێتە ژنی گەنجێکی نەجیب زادە. ناتوانین بەوردی جیاوازیی نێوان ((ڕۆمانی ڕووداو)) و ((ڕۆمانی کەسایەتی)) دیاری بکەین، بەڵام دەکرێ هەر ئەوەندە بڵێین کە لە ((ڕۆمانی ڕووداو))دا زیاتر پشت بەوە دەبەسترێت کە کەسایەتی دەیەوێ ئەنجامی بدات، هەروەها ئەوەی کە ((سەرەنجام چ ڕووداوێک ڕوودەدات))، بەڵام لە ((ڕۆمانی کەسایەتی))دا زیاتر پاڵنەری ئەو



PDF4Kurd

کارانـە گرنگـە کـە کـەسـەکـە ئـەنجـامی دەدات، و هـەروەهـا ئـەوەی کـە ((کەسایەتی چۆن دەگۆڕێت)).

((پامێلا)) وەکو بەرهەمی بەنرخ و تراژیدی دوای خۆی (Tragic) واتە ((کلاریسا))[٣٤]ی ریچاردسۆن (١٧٤٧ز-١٧٤٨ز)، ((رۆمانێکی نامەکاری))یە. بەو واتایەی کە گێڕانەوەی چیرۆک بەشێوەیەکی تەواو خراوەتە ئەستۆی نامە گۆڕینەوەکان.

هەڵبەت دواتر رۆمان نووسەکان بە باشتریان زانی کە سوود لە شێوەکانی دیکە وەربگرن ، وەک سنووردارکردنی گۆشەنیگای گێڕەرەوە بۆ یەکێک لە کەسایەتییەکان. ئەگەرچی ئێستاش جار بەجارێک گێڕانەوەی چیرۆک بەرێگای نامەکاریی دووبارە سەرهەڵدەداتەوە. بۆ نموونە رۆمانی شاد و پڕ چالاکیی ((مارک هاریس))[٣٥] بەناوی ((هەستە دەبەنگ))[٣٦] (١٩٥٩ز) بەم شێوەیە نووسراوە. هەرچەندە رەنگە خستنە رووی رۆمانەکان شێوازی جیاواز لە جۆری تراژیدی (Tragic) کۆمیدی (Comic) ساتیر (Satire) یان دڵداریانە و رۆمانتیکی (Romantic) بگرێتە خۆی. ((هاو تورن))[٣٧]یش لە پێشەکیەکەیدا کە بۆ رۆمانی ((خانوێک بە حەوت جەمەلۆن))ی[٣٨] نووسیوە جۆرە دابەشکردنێکی پێشنیار کردووە کە پاشان چەند کەسێک لە رەخنەگرەکان پەسەندییان کرد و فراوانتریان کرد.

بەپێی بۆچوونی ئەو، دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو جۆری سەرەکی لە چیرۆکە پەخشان ئامێزەکاندا بکەین، واتە رۆمانی ((واقیعی)) و ((رۆمانس)) (چیرۆکە پڕ رووداوە دڵدارییەکان)). دەتوانرێ رۆمان بە چیرۆک دابنرێ کە هەوڵدەدات واقعێک نیشانبدات، و ئەو کارە لە رێگەی کەسایەتییە ئاڵۆزەکانەوە دەکات، کە لە پشت کارەکانیانەوە مەبەستی جۆراوجۆر هەیە. ئەو جۆرە کەسانە رەگیان لە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگادایە و لە کۆمەڵگایەکدا چالاکی دەنوێنن کە پێکهاتەیەکی لە رادەبەدەر ئاڵۆز و



گەشەسەندووی هەیە. هەروەها ئەم کەسانە هەمیشە لە حاڵەتی دانوستان دان لەگەڵ زۆر لە کەسانی دیکە و هەر رۆژەی لەگەڵ جۆرە ئەزموونێکی ماقووڵ و باوەڕپێکراودا رووبەروو دەبنەوە.

بەڵام باپیرەی ((رۆمانسی (جۆری رۆمان) پەخشان ئامێزی ئێستا)) هەمان رۆمانسە پاڵەوانیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و رۆمانە توقێنەر و ترسناکەکانی (Gothic) کۆتایی سەدەی هەژدەیەمن. ((رۆمانس))ی ]ئێستا و رابردوو[ بەشێوەیەکی زانرا و سوود لەو کەسایەتییە سادەبووانە وەردەگرێت کە تیایاندا زیدەڕۆیی کراوە، ئەو کەسایەتیانەش بەتەواوی و بەسادەیی دەتوانرێ لە یەکتر جیابکرێنەوە، چونکە یەکێکیان پاڵەوانە و ئەوەی دیکەش خراپکار و تاوانبارە، یەکێکیان بریار بەدەست و ئەوی دیکەش کۆیلە و قوربانییە. پاڵەوان یا کەسی یەکەمی ئەم رۆمانسانەی ئێستا، زۆربەیان خۆیان لە کۆشکی زێرین و بەرزدا دەبینن و تەنیان، خۆیان بەتەواوی لە کۆمەڵدا دابڕیوە و پلۆتەکانیشیان پشت بە موجازەفە و رووداو دەبەستن و رووداوەکانیشیان بەزۆری و زیاتر کۆششێکن بە مەبەستی گەیشتن بە خواست و ئارەزوویەک. یاخود راوەدوونانی دوژمن لە ئارادایە. بێگومان جارجاریش بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە رووداوە ناواقعی و جارجاریش پڕ سۆز و توانەوەکانیان، بۆ نواندنی رەمزی، ئەو خواست و مەیل و ترس و ئارەزووانەن کە لە قووڵای زەینی مرۆڤدان و دەکرێ لەو رووەوە لەگەڵ توخم و بەرژەوەندی خەیاڵ و ئەفسانە و رێورەسمە مەزهەبییەکان و فەرهەنگی خەڵکدا بەراورد بکرێن، ئەو رۆمانسە شێوە رۆمانانەی کە دەکرێ (لە بەرامبەر رۆمانە واقیعی و ریالیستییەکانی نووسەرانی وەک ((جین ئۆستن))[٣٩]، ((جۆرج ئەلیۆت))[٤٠] ((هێنری جیمس))دا ئاماژەیان بۆ بکرێ بریتین لە:- ((راب رۆی))[٤١]، ((والتەر سکۆت))[٤٢] ((بەرزاییە باگیرەکان))[٤٣]ی ((ئەمیلی برۆنتێ))[٤٤].



PDF4Kurd

هەروەها تەوژمی سەرەکی ئەدەبی چیرۆکی ئەمریکی کە پێشرەوەکانیان ((ئالان پۆ))[٤٥]، ((کۆپەر))[٤٦]، ((هاوتۆرن))، ((میڵڤیل))[٤٧]، ((مارک توین)) تا ((ویلیام فۆکنەر))[٤٨] و ((سۆل بلۆ)) بوون. دەکرێ ڕۆمانەکان بە شێوەیەکی دیکەش پۆلێن بکرێن؛ واتە دەشێ ئامانجە هونەرییەکانیان بەپێی ئەو جیاوازی یانەی کە لەرووی (بابەت) (Subject matter) وهەروەها پێداگرییان کە لەسەر لایەنێک لە بەرژەوەندییەکانیاندا هەیانە، دابەش بکرێن.

## ڕۆمانی بیڵدانگ

بیڵدانگ زاراوەیەکی ئەڵمانییە و بەواتای ((ڕۆمانی گەشە و شێوە وەرگرتن)) (Formation) یاخود ((پەروەردەیی)) دێت.

بابەتی (Subject) ئەم جۆرە ڕۆمانانە دەگەڕێنەوە بۆ گەشەسەندن و شێوە وەرگرتنی هزر و کەسایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە. کەسایەتی سەرەکی ئەم جۆرە ڕۆمانانە، سەردەمی منداڵی لەگەڵ ئەزموونە جۆراوجۆرەکان تێدەپەڕێنێ و زۆرجار تووشی قەیرانێکی ڕۆحی دەبێتەوە، پاشان دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و گەشەسەندنی زەینی و ئینجا تێدەگات لە ناسنامە و ڕەسەنی کەسایەتییەکەی، و ڕۆڵی خۆی لە جیهاندا. ئەم جۆرە لە ڕۆمان نووسین کاتێک باوبووە کە ((گوتێ))[٤٩] ڕۆمانی ((ساڵەکانی ویلهلم مایستر))[٥٠]ی لە (١٧٩٥-١٧٩٦)دا نووسی. ((کێوی سیحراوی))[٥١]ی ((تۆماس مان))[٥٢] و ((پابەندییە مرۆییەکان))[٥٣]ی ((موام))[٥٤]یش لە ڕیزی ئەو ڕۆمانانەن کە بەم شێوەیە نووسراون. لقێک لە ((ڕۆمانی پەروەردەیی)) ڕۆمانێکە کە بە ئەڵمانی پێی دەگوترێ (Kunstler- Roman) واتە ((ڕۆمانی هونەرمەند)). ئەم جۆرە ڕۆمانە پەرەسەندن و گۆڕانکاریی کەسایەتی ڕۆماننووس یا هونەرمەندێک لەسەرەتاوە تا ئەوکاتەی کە پێ دەنێتە



PDF4Kurd

قۆناغی پێگەیشتن و کەماڵەوە و پەی بە چارەنووسی هونەری خۆی دەبات و دەگاتە لوتکەی لێهاتوویی هونەری، دەنوێنێ.

هەندێ لە ڕۆمانە گرنگەکانی سەدەی بیستەم بەشێکن لەو جۆرە ڕۆمانانە. بۆ نموونە ڕۆمانەکانی ((وەبیر هێنانەوەی یادەوەرییە کانی رابردوو))[٥٥]ی ((مارسل پرۆست))[٥٦] و ((ڕوخساری هونەرمەند وەک پیاوێکی گەنج))[٥٧]ی ((جیمس جویس)) یا ((تونیو کروگر))[٥٨] و ((دکتور فاستوس))[٥٩]ی ((تۆماس مان)) و ((سکەلێدەران))[٦٠]ی ((ئاندرێ ژیر))[٦١].

بۆ زانین:

- ئەم ڕۆمانە وەرگێڕ ئازاد حەمە شەریف بە ناوی (هونەرمەند لە تافی لاویدا) کردوویەتە کوردی.

## ڕۆمانی کۆمەڵایەتی

ئەم جۆرە ڕۆمانە جەخت لەسەر کاریگەری قووڵی بارودۆخی کۆمەڵایەتی - ئابووری لەسەر کەس و ڕووداوەکان دەکات و بەزۆری بەشێوەی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ یاخود ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری بۆ جۆرێک لە چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکات، وەک ڕۆمانەکانی ((کۆلیتەی مام تام))[٦٢]ی (( هـ ب. ستیۆ))[٦٣]، ((دارستان))[٦٤]ی ((ئەپتون سینکلر))[٦٥] و ((هێشوەکانی تووڕەیی))[٦٦]ی ((جۆن شتاین بەگ))[٦٧].

## رۆمانی مێژوویی

کات و شوێن و هەندێ کەسایەتی و ڕووداوەکانی لە مێژوووەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەم ناوە زیاتر کاتێک بەسەر رۆمانێکدا دەبڕێت کە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانی بێ لایەنانە و بەوردی لەگەڵ وردەکاریی زۆر نووسرابن و بەشێوەیەکی فراوان ڕوونکرابنەوە. بێجگە لەوەش ڕووداو و ژینگە مێژووییەکەی رۆمان گرنگییەکی سەرەکیان هەبێت. وەک ((ئیڤانهۆ))[٦٨]ی ((والتر سکۆت))، ((چیرۆکی دووشار))[٦٩]ی ((چارلز دیکنز))، ((گوزەرگای باکووری رۆژئاوا))[٧٠]ی ((کونت رابرتز))[٧١].

## رۆمانی ناوچەیی

ئەم رۆمانە زیاتر جەخت دەکاتە سەرکات و شوێن و شێوازی پەیڤین و دابونەریتی ناوچەیەکی تایبەت. بێگومان ئەم جەختکردنە لەسەر وردەکاریی و کات و شوێنی تایبەت، تەنیا بۆ خستنەرووی واقیعانەتری چیرۆکەکە نییە بەڵکو وەک هۆکارێکی گرنگ وایە کە کاردەکاتە سەر خەسڵەت و ئاکاری کەسایەتییەکان و جۆری بیرکردنەوە و هەست و کارەکانیان. وەک ناوچەی ((وێسیکس))[٧٢] لە رۆمانەکانی ((تۆماس هاردی))[٧٣] و سەرزەوی خەیاڵی ((یوکناپاتافا)) (yokna Patawpha)، کە دەکەوێتە هەرێمی (می سی سی پی) لە بەرهەمەکانی ((فۆکنەر))دا. ئەو جۆرە رۆمانە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا کاتێ کە گەیشتە لوتکەی گەشەسەندنی خۆی بەرەبەرە لەرووی خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا شوێنی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی گرتەوە و بە تەواوی جێی چیرۆکە درێژ و ڕێک و پێکەکانی گرتەوە. لەمەش زیاتر هونەری رۆماننووسی بووە جێگای سەرنجی گەورەترین و شارەزاترین نووسەرانی ئەدەبیاتی نوێ وەک ((فلوبێر))[٧٤]، ((هێنری جیمز))، ((پرۆست))، ((مان)) و ((جویس)). لەو کاتەوە تائێستا رۆماننووسی،



هەمیشە ئەزموونی نوێی خستۆتەڕوو و شێوازی نوێی تاقیکردونەتەوە. بۆ نموونە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر لە رۆڵی بەرچاوی نووسەر وەک گێڕەرەوە کەم بکاتەوە، لەسەر شێوەی بەکاربردنی دروستی گۆشەنیگادا، بە تەواوی زاڵبووە، یاخود سوودی لە شێوازە ڕەمزییەکان، ڕوونکردنەوەی بارودۆخ و دەروونی تاکەکان (expressionism) وەرگرتووە. هەروەها شێوەی جۆراوجۆری لە سینەما وەرگرتووە، بەدوای یەکدا هاتنی کاتی لە رۆماندا تێکداوە یان فۆرم و ناوەڕۆکی ئەفسانە و خەیاڵی بەکار بردووە.

بێجگە لەمانە توانیویەتی بە جۆرێک سوود لە بواری شەپۆلی هۆش وەرگرێ، بۆ ئەوەی گواستنەوەی کاری دەرەکی و ڕووداوە ڕووکەشەکان بکاتە شانۆیەکی ژیان کە بە زەینی مرۆڤدا تێدپەڕن ((هێنری جیمس)) لە پێشەکییەکانیدا -کە لە ژێر ناونیشانی ((هونەری رۆماننووسی))[٧٥] لە ساڵی ١٩٣٤زدا لە بەرگێکدا کۆکراونەتەوە- بە نموونەوە ئەو وردەکاری و جوانکاریانە دەخاتەڕوو، کە لە هونەری رۆماندا بەکارهاتوون، رۆمانەکانی ((پرۆست))، ((جویس))، ((ڤیرجینیا وۆلف))[٧٦] و ((فۆکنەر)) ئەوە دەردەخەن کە تا چ رادەیەک داهێنانە نوێیەکان لە بەستێنی شێوەکانی گێڕانەوەی چیرۆک و پەیوەندی دوولایەنەی بەشەکانی رۆماندا کاریگەر و سەرکەوتوو بوون.

لە دەیەکانی ئەم دواییەدا، ئەزموونەکان لە بواری رۆماننووسیدا گەیشتوونەتە رادەی کۆتایی و بونیادیانەی خۆیان. بۆ نموونە دەتوانرێ باس لە ((ڤلادیمێر نابۆکۆڤ)) بکرێ کە لە رووی بەکارهێنانی تەکنیکەوە بالا دەستترین کەسە. نابۆکوڤ چیرۆکگەلێکی ئەوتۆ دەنووسێت کە پێچاوپێچ و ئاڵۆزن (ئەو بەرهەمانەی کە بابەتەکەی باس لە خودی نووسەر و سەرهەڵدان و گەشەسەندن و گۆڕانکارییەکانی دەکات. وەکو رۆمانی ((ئاگری کەم گیان))[٧٧] لەو چیرۆکانەشدا سوود، لە رەگەزدۆزی و



PDF4Kurd

نوکتەی چەندین زمان وەردەگرێت. یان ئەوەتا هونەر و فێڵە جەنگییەکانی یاری شەترەنج لەگەڵ خشتەی وشە یەکتربڕەکان و گەمەکانی تر تێکەڵدەکات. هەروەها وەکو گاڵتەپێکردن لاسایی رۆمانی نووسەرەکانی دیکە و هەندێ لە رۆمانەکانی خۆشی دەکاتەوە و (تەڵەی) زیرەکانە و جۆراوجۆر دەخاتە سەر رێگەی خوێنەرە هۆش رۆیشتووەکان، سەرەرای ئەوەی باسکرا، ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە پێی دەڵێن سەردەمی ((دژە رۆمان)).

بەو واتایەی کە بەرهەمی وا هاتوونەتە ئاراوە کە بونیادەکەیان بە ئەنقەست لە دژی رێوشوێنی ئاسایی رۆماننووسی دانراوە. ئەم جۆرە رۆمانانە بۆ کاریگەربوون، توخمە کلاسیکییەکانی رۆمان لە نووسینەکانی خۆیدا وەلادەنێ و گاڵتە بەو پێشبینی و بۆچوونانە دەکات کە لە ئەنجامی رێو شوێن و شێوازە کۆنەکانی رۆماننووسی، لەنێو خوێنەراندا جێگەیان گرتووە. بۆ نموونە ((ئالێن رۆب گریە))[٧٨] کە لە نێو نوێنەرانی ((رۆمانی نوێ))ی فەرەنسادا وەک رێبەرێکە، کتێبێکی نووسیوە بەناوی ((ئێرەیی))[٧٩] لە (١٩٥٧)دا و تێیدا پێوەر و توخمە کلاسیکییەکانی رۆمان، وەکو پلۆت، کەسایەتی، راڤەکردنی حاڵەتی رۆحی و زەینی کەسایەتییەکان و پەیوەندی ئاسایی نێوان کات و شوێن و دروستبوونی سیستەمێک لە نیشانەکان بۆ رێنمایی خوێنەر، رەچاو ناکات. بەرهەمەکەی ئەو زنجیرەیەک دەرک و هەستمان پیشان دەدات کە بە شێوەیەکی گشتی بێنراو وبەرجەستەن. بە خوێندنەوەی رۆمانەکەی، سەرەنجام خوێنەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە فەزا و شوێنی مادی داگیرکردووە و لە تیژ بینی و تەماشاکردن لەگەڵ هاوسەرێکی پیسکەدا بۆتە هاوبەش و لە کۆتاییدا ئەم رۆمانە خوێنەر دەخاتە بارودۆخێکەوە تاپەی بە حاڵەتی زەینی ئەشکەنجە دراوی ئەم پیاوە ببات کە لە حاڵەتی پارچە پارچە بوون و هەڵوەشاندایە.



## پەراوێزەکان

١- Geoffrey Chaucer شاعیر و نووسەری ئینگلیزی (١٣٤٠-١٤٠٠).

٢- Edmund Spenser شاعیری ئینگلیزی (١٥٥٢-١٥٩٩).

٣- John Milton شاعیری ئینگلیزی (١٦٠٨-١٦٧٤).

4- Pamela.

٥- Samuel Richardson رۆماننووسی ئینگلیزی (١٦٨٩-١٧٦١).

6- Tristram Shandy.

٧- Laurence Stern رۆمانووسی ئینگلیزی (١٧١٣-١٧٦٨).

8- Pick wick papers.

٩- Charles Dickens رۆماننوسی ئینگلیزی (١٨١٢-١٨٧٠).

10- The Wings of the Dove.

١١- Henry James رۆماننووسی ئەمریکی (١٨٤٣-١٩١٦).

12- The sun Also Rises.

١٣- Ernest Hemingway رۆماننوس و کورتە چیرۆکنووسی ئەمریکی (١٨٩٩-١٩٦١ز).

14- Ulysses.

١٥- James Joyce نووسەری ئیرلەندی (١٨٨٢-١٩٤١).

16- Strangers and Brothers.

١٧- Charles Percy Snow نووسەری ئینگلیزی (١٩٠٥- ).

18- Ada.

١٩- Vladimir Nabokov نووسەری ئەمریکی بەڕەچەڵەک رووسی (١٨٩٩-١٩٧٧).

20- Decameron.

٢١- Giovanni Boccaccio نووسەری ئیتاڵی (١٣١٣-١٣٧٣).

22- Gil Blas.

٢٣- Alain Le Sage رۆماننوس و شانۆ نووسی فەرەنسی (١٦٦٨-١٧٤٧).

24- Huckleberry Finn.

٢٥- Mark Twain نووسەری ئەمریکی (١٨٣٥-١٩١٠).

٢٦- Adventures of Augie March.



PDF4Kurd

٢٧- Sanl Bellow نووسەری ئەمریکی (١٩١٥).

٢٨- Miguel de Cervantes ڕۆماننووسی ئیسپانی (١٥٤٧-١٦١٦).

29- Don Quixot.

٣٠- Danial Defoe نووسەری ئینگلیزی (١٦٥٩؟-١٧٣١).

31- Robinson Crusoe.

32- Moll Flanders.

33- Virtue Rewarded.

34- Clarissa.

35- Mark Harris.

36- Wake up Stupid.

٣٧- Nathaniel Hawthorne ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٨٠٤-١٨٦٤).

38- The House of Seven Gables.

٣٩- Jane Austen ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٧٥-١٨١٧).

٤٠- George Eliot ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨١٩-١٨٨٠).

41- Rob Roy.

٤٢- Walter Scott شاعیر و نووسەری ئینگلیزی (١٧٧١-١٨٣٢).

43- Wuthering Heights.

٤٤- Emily Brontë ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨٨١-١٨٤٨).

٤٥- Edgar Allan Poe شاعیر و چیرۆک نووسی ئەمریکی (١٨٠٩-١٨٤٨).

٤٦- James Coopers ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٧٨٩-١٨١٥ز).

٤٧- Herman Melville ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٨١٩-١٨١٩ز).

٤٨- William Faulkner ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٨٩٧-١٩٦٢ز).

٤٩- ؟

50- Wilhelm meisters Apprentice Ship.

51- The Magic Mountain.

٥٢- Thomas Mann نووسەری ئەڵمانی (١٨٧٥-١٩٥٥).

53- of Human Bondage.

٥٤- Willian Somerst Maugham نووسەری ئینگلیز (١٨٧٤-١٩٦٥ز).

55- Remem brance of Things past.

٥٦- Marcel Proust نووسەری فەڕەنسی (١٨٧١-١٩٢٢ز).



57- Aportrait of the Artist as ayoung man.

58- Tonio kröger.

59- Dr. Fanstus.

60- The Counter Feiters.

٦١- Andre Gide نووسەری فەڕەنسی (١٨٦٩-١٩٠٥ز).

62- Uncle Tom Cabin.

٦٣- Harriet Beecher Stowe نووسەری ئەمریکی (١٨١١-١٨٩٦ز).

64- Jungle.

٦٥- Upton Sinclair نووسەری ئەمریکی (١٨٧٨-١٩٦٨ز).

66- The Grapes of wrath.

٦٧- John Steinbeck ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٩٠٢-١٩٦٨ز).

68- Ivanhoe.

69- Atale of Two Cities.

٧٠- North West Passage.

٧١- Kenneth Roberts ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٨٨٥-١٩٥٧ز).

72- Wessex.

٧٣- Thomas Hardy ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨٤٠-١٩٢٨ز).

٧٤- Gustave Flaubert ڕۆماننووسی فەڕەنسی (١٨٢١-١٨٨٠ز).

75- The Art of the Novel.

٧٦- Virginia Woolf نووسەری ئینگلیزی (١٨٨٢-١٩٤١).

77- Pale Fire.

٧٨- Alain Robbe- Grillet چیرۆکنووسی فەڕەنسی (١٩٢٢).

79- Jealousy.



PDF4Kurd

## جۆرەکانی رۆمان

ئەو هەوڵانەی کە تائێستا دراون بۆ پۆلێنکردنی رۆمانەکان زۆر سوودبەخش نەبوون، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە پۆلێنکردنیان تا رادەیەک ڕێگەچارە بێ، دەکرێت کە رۆمانێک لە هەمان کاتدا شوێنی لە چەندین پۆلێندا گرتبێتەوە. بەهەرحاڵ ئەگەر رۆمانەکان لەڕووی بابەت و جۆر و شێوەی تەکنیکی نووسین یان زۆربوونی لایەنێک لەمانە پۆلێن بکەین، لە ئەنجامدا ئەم جۆرە رۆمانانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- رۆمانی کۆمەڵایەتی (Sociological Novel).

٢- رۆمانی سۆزاوی (Sentiment al Novel).

٣- رۆمانی پۆلیسی (Detectire Novel).

٤- رۆمانی پیکارسک (فێڵبازی) (Picaresque Novel).

٥- رۆمانی مێژوویی (Historical Novel).

٦- رۆمانی ئەزموونی (Experimental Novel).

٧- رۆمانی پەروەردەیی (Apprenticeship Novel or Bildungs Roman).

٨- رۆمانی رووداو (Novel of Incident).

٩- رۆمانی دەروونناسی یان رۆمانی بواری شەپۆلی هۆش (The stream of consciousness Novel).

١٠- رۆمانی دەروونی (Psycholgical Novel).

١١- رۆمانی رەفتار و نەریتی کۆمەڵایەتی (Novel of Manners).

١٢- رۆمانی گوندییانە یان شوانی (Pastoral Novel).



١٣- رۆمانی خاک (The Novel of the Soil).

١٤- رۆمانی سیاسی - کۆمەڵایەتی یان رۆمانی کێشە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان (Problem Novel).

١٥- رۆمانی کەسایەتی (Novel of Character).

١٦- رۆمانی دژە رۆمان (Anti- Novel).

١٧- رۆمانی دڵداری و پڕ رووداو (Romantic Novel).

١٨- رۆمانی بیروباوەڕ (Propaganda Novel).

١٩- رۆمانی کلیکدار (Roman a clef).

٢٠- رۆمانی گۆتیک (یا توقێنەر و ترسناک) (Gothic Novel).

٢١- رۆمانی بەڵگەیی (مستند) (Documentary Novel).

٢٢- رۆمانی نامەکاریی (Epistolary Novel).

٢٣- رۆمانی ناوچەیی (Regional Novel).

٢٤- رۆمانی نوێ (Nouveau Roman).

١- **رۆمانی کۆمەڵایەتی:** جۆرێکە لە رۆمانی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە سەرنجی سەرەکیی خۆی، بە چۆنایەتیی کۆمەڵ، بەکارهێنان و کاریگەرییەکانی کۆمەڵ لەسەر کەسەکان دەدات. بەزۆری رۆمانی کۆمەڵایەتی بەنیازی ئامۆژگاری، یان لەوانەیە بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵدا، دەنووسرێت. کەوابوو رۆماننووس هەوڵدەدات، خەڵک لە کەموکورییەکانی کۆمەڵ ئاگادار بکاتەوە و پێشنیارێک بەناوی رێگاچارەی کێشەیەک لە کێشەکانی کۆمەڵ بخاتەڕوو، و بەشێوەیەک لەبارەیەوە بدوێ.

هەڵبەتە دەبێت بزانرێت کەوا رۆمانی کۆمەڵایەتی، بەهیچ شێوەیەک هەمیشە رۆمانی بیروباوەڕی یان پڕۆپاگەندەیی نییە.



PDF4Kurd

لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی (جددیی) پرسە کۆمەڵایەتییەکان، کاتێک بوو بە بەشێک لە پایەکانی ڕۆمانەکان، کە شۆڕشی پیشەسازی ڕوویدا و لە ئەنجامی گرنگی پێدانی هەموو لایەنەی ڕۆمان بە ژیانی کرێکار و خێزانەکانیان، بووە هۆی نوسینی ڕۆمانگەلی وەک ((ڕۆژگاری سەخت))ی[1] ((چارلز دیکنز))، ((ییست))ی[2] ((چارلز لینگزلی))[3]، ((مای بارتن))[4]، (١٨٤٨ز)ی ((ئولیزابیپ گاسکل))[5]، جۆرج ئەلیۆتیش لە ڕۆمانی (میدڵ مارچ) دا[6] لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی یەکێک لە قەزاکانی ئینگلستانی کردە بابەتی چیرۆکەکەی. زۆربەی ڕۆماننووسەکانی ئەمەریکای باکووریش بۆ لێکۆڵینەوەی جددیی کێشەکان پشتگیریی خۆیان نیشانداوە. بۆ نموونە خاتوو ((بیچر ئەستوو)) لە ((کوڵیتی مام تۆم))ەکەیدا بارودۆخی ژیان و شوێنی کۆمەڵایەتیی ڕەشپێستە ئەمەریکییەکانی خستەڕوو و ئەمە ناوەڕۆکێک بوو کە بووە دەستکەوتی بەرهەمی نووسەرگەلێکی وەک ((ج. و. کیبل))[7]، ((ریچارد رایت))[8] و ((رالف ئەلیسۆن))[9]، ((نووسەرانی ئاشکراکاری گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکان))[10] (کۆمەڵێک لە نووسەرانی ئەمەریکای باکوور لە نێوان ساڵەکانی (١٩٠٢-١٩١١ز) کە چەندین بەرهەمیان بە مەبەستی ئاشکراکردنی گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکان داهێنا).

لە سەرەتای ئەم سەدەیەشدا، هەندێ کەس ڕۆمانی کۆمەڵایەتییان نووسی کە لە هەموویان گرنگتر ((دارستان))ی ((ئاپتون سینکلر)) بوو.

جگە لەمە، نووسەرگەلێکی وەک ((جۆن شتاین بێک))، ((جۆن دۆس پاسۆس))[11]، ((ئەرسکین کالدویل))[12]، ((جیمس. ت. فارل))[13] و ((ئالان پاتۆن))[14] بە ڕۆمانی ((وڵاتە خۆشەویستەکەم شین بگێڕە))[15] کۆمەڵێ ڕۆمانیان نووسین کە بنەما و تەوەرەکەیان بابەتی کۆمەڵایەتییە.



٢- **ڕۆمانی سۆزاوی**: سۆزاوی بوونی خەڵک لە سەدەی هەژدەیەمدا، نەک تەنیا لە کۆمیدیای سۆزاوی و تراژیدیای خێزاندا ڕەنگیان دایەوە، بەڵکو بووە هۆی هاتنە ئارای ڕۆمانە سۆزاوییەکانیش، لە سەرەتای چاخی ڕۆماننووسیدا دامەزرێنەری ئەم میتودەش، ڕۆمانی ((پاملا)) یان ((چاکەی پاداشتدراو))ی ((ریچارد سون)) بوو لە (١٧٤٠ز)دا. ((پاملا)) چیرۆکی کچێکی خزمەتکارە کە بە توندی لە بەرانبەر دەستدرێژی کردنە سەر شەرەفی، ڕادەوەستێ. ئەگەرچی دوژمنی ئەم جۆرە ڕۆمانانە واتە ڕۆمانە ریالیزمییەکان- وەک ڕۆمانی ((تۆم جۆنز)) و ((فیلدینگ))- بەخێرایی بەرانبەربە ڕۆمانە سۆزاویەکانی ڕاستبوونەوە، بەڵام ڕۆمانە سۆزاوییەکان، بۆ ماوەیەکی درێژ هەروەک خۆیان وەک چیرۆکگەلێکی خەڵک پەسەندمانەوە.

ڕۆمانە سۆزدارییەکان، هەموو کۆششەکەیان لە پێناوی ڕوونکردنەوەی دەردی کەسانی داوێن پاک خەرج کردووە و هەوڵیان دەدا پیشانبدەن کە چۆن ((بە ئابڕوو و شەرەف)) و ((کاری چاک و داوێن پاکی))، ئەنجامێکی سوود بەخشیان دەبێت و پاداشت وەردەگرن، هەروەک چۆن تێدەکۆشان پیشانبدەن کە سۆزی فراوان، نیشانەی باشی و دڵۆڤانییە. بەزۆری ڕۆمانە سۆزدارییەکان سوودیان لە کەسایەتییە سادەو ئازادەکان وەردەگرت و لەو داڕشتنانەدا هەوڵدەدرا بەهەر شێوەیەک بێ سەرکەوتنی داوێن پاکی و کاری بەجێ زامن ببێت، سەرەرای ئەمەش، لەم جۆرە ڕۆمانانەدا کەسایەتییەکان، ئەو دژ کردەوەیەی کە لە بەرانبەر ڕووداو و کردەوە و سۆزدا، پیشانی دەدەن، زۆر بەهێز و سۆزاویە و بەگشتی لەگەڵ عەقڵیدایەک ناگرێتەوە و نووسەرەکانیان بەم ڕێگەیە تێدەکۆشن کە زۆر بە ناسکی، هەستی خوێنەر باش ببزوێنن و کاری تێبکەن.



PDF4Kurd

یەکێک لە باشترین بەرهەمەکانی ئەم جۆرە، ڕۆمانی ((سەربوردەی خێزانی ویک فیلد))[١٦] لە (١٧٦٦ز) نووسینی ((ئۆلیڤەر گۆڵد سمیپ))ە،[١٧] و بەهێزترین ڕۆمانی لەم جۆرە، ڕۆمانی ((پیاوی پرسۆز))[١٨] (١٧٧١ز) نووسینی ((هنری مەکنزی))[١٩]یە. دەتوانین ڕۆمانی ((تریسترام شندی)) (١٧٦٧-١٩٦٠ز) ((لارنس ستێرن))یش بە ڕۆمانە سۆزدارییەکان بژمێرین.

٣- **ڕۆمانی پۆلیسی:** ڕۆمانێکە تێیدا تاوانێک- کە بەزۆری کوشتنە- ڕوودەدات و ناسنامەی تاوانبار نادیارە. لێکۆڵەرێک لە ڕێگای کۆکردنەوەیەکی لۆژیکی و پێوەنددان و شیکردنەوەی بەڵگە و گەواهییە ئاشکراکان- کە بەسەرەداو ناسراوە- پەردە لەسەر ناسنامەی تاوانبارەکان هەڵدەداتەوە. ئەم پێناسەیە تەنیا ((ڕۆمانی پۆلیسی واقیعی)) دەگرێتەوە؛ بەڵام لەوانەیە بەکردەوە، تووشی زۆر شێوەی جیاوازی چیرۆکە پۆلیسییەکان بێت.

بۆ نموونە لەوانەیە ڕۆمانگەلێک هەبن کە لێکۆڵەرێک یان تێدا نەبێت، یان لەسەرەتادا ناسنامەی بکوژ ئاشکرا بێت، یان قسەوباس لە پرۆسەی مەنتیقی و ڕێکوپێک و شیکردنەوە و تاوتوێکردنی سەرەداوەکان نەبێت؛ کە لەم شێوەیەدا دەبێت ئەمە بە بەشێکی ئازادتر و گشتیتری ((چیرۆکی پۆلیسی بۆ چارەسەرکردنی تاوانە نهێنییەکان)) (Mystry Story) دابنرێت، بەڵام بەزۆری لە هەموو ڕۆمانە پۆلیسییەکاندا، دەتوانرێ ڕەگەز و میتۆدە بەرەواجەکان بدۆزرێنەوە، هەندێک لەم ڕەگەز و میتۆدانە بریتین لە: تاوانێک کە بەڕواڵەت، دۆزینەوەی هۆکارەکانی مەحاڵە، پۆلیسێک کە هاوکاری ناکات یان گێلە، لێکۆڵەرێکی نەشارەزا کە کەسێکی سەیر و سەمەرەیە. کەسێک کە هاوڕێ و هاوسۆزی لێکۆڵەرە بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکان هاوکاری دەکات؛ هێنانە ئارای کەسانی جۆراوجۆری گومان



لێکراو یا خاڵ و ڕووداوی لاوەکی تا هۆشی خوێنەر پەرت ببێت و زوو پەی بە ڕووداوە سەرەکییەکە نەبات؛ خستنەڕووی کەسانی گومان لێکراو کە بەڕواڵەت هەموو گەواهی و نیشانەکان، ناڕاستەوخۆ- دەلالەت لەسەر تاوانباربوونی ئەون و لە پاشان درکاندنی ڕازی سەر بەمۆر بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و هەژێنەر، هەروەها ڕوونکردنەوەی کێشەکە بەهۆی لێکۆڵەرەکەوە، لە بارەی ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانباری سەرەکیی، لە هەر شێوەیەکی ڕۆمانی واقیعی پۆلیسیدا، دەبێت کاتی لادانی پەردە لەسەر تاوانکە، ڕەوتێکی لۆژیکی و هەڵێنجانێکی وورد وبێ کەموکوڕی بگرێتەبەر.

یەکەمین ڕۆمانێک کە کەمێک قوڵتر دەستی دایە مەسەلەی تاوان و پەردە لادان (ئاشکراکردن) لەسەری، چیرۆکی بەناوبانگی ((ڕووداوەکانی کیلب ولیامز))[٢٠] (١٧٩٤ز) نووسینی ((ولیام گادوین))[٢١] بوو، بەڵام زۆر لەو بڕوایەدان کە یەکەم چیرۆکی تاوانباری بە واتا گشتییەکەی، ((ئالان پۆ)) ((تاوان لە چیای مردوو شۆرخانەدا))[٢٢] نووسی، هەروەها دەوترێ کە دامەزرێنەری زۆربەی بەڵێننامەکان و شێوە بنەڕەتییەکانی چیرۆکی پۆلیسی ((ئالان پۆ))یە. ڕۆمانی پۆلیسی لە ئەمەریکا و بەریتانیا وەک نووسینی دڵخۆشکەر و ئاسان کە دەبێتە هۆی حەسانەوەی مێشک، زۆر خۆشەویستە، بێگومان ڕۆمانە پۆلیسییە ئەمەریکییەکان سۆزاویتر و پڕ ڕووداوترن لە ڕۆمانە پۆلیسییە بەریتانییەکان و بەپێچەوانەوە ڕۆمانی پۆلیسی بەریتانیا لەو ڕووەوە شازن کە کۆت و بەندی خستنەڕوویان پتەوتر و شێوە چیرۆکییەکەشیان سەرنج ڕاکێشتر و دڵگیرترە. گەورەترین نووسەری چیرۆکە پۆلیسییەکان ((ئارپە ر کنان دویل))[٢٣] بوو و ((چیرۆکەکانی شارلۆک هۆڵمز))ی ناوبراو[٢٤] لە (١٨٩٠ز)دا، کەسایەتیی، نواندنەکان و فەزا و شوێن و کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەتی بۆ خوێنەرانی



PDF4Kurd

ئینگلیزی بەمیرات بەجێ هێشتن. لەوەو پاش هەموو خەڵک بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشوازییان لە داستانە پۆلیسییەکان کرد.

بێگومان شێوەی ئەفراندنی ((هۆڵمز))[٢٥] و ((دکتۆر واتسۆن))[٢٦] بەهۆی ((کنان دویل))ەوە بوو بە میتۆدێکی پڕ لایەنگر، بەڵام وەک ئەفسانەی لێهات و دەگمەن و بێ وێنە مایەوە.

لە پاش ((دویل))یشەووە نووسینی ڕۆمانی جۆراوجۆر و چیرۆکگەلی پۆلیسی شێوە جیاواز و تەنانەت سەرسوڕهێنەر هەروا بەردەوام بوو.

لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، شەپۆلی تاوانەکان، سەرلەنوێ ڕۆماننووسانیان ناچارکردن، تا ڕۆمانی پۆلیسی بنووسن و لەوەپاش زۆر ڕۆماننووسی مەزن دەستیان بە نووسین کرد و ڕۆمانی پۆلیسییان گەیاند بە لوتکەی هەرەبەرزی خۆی.

لەنێو نووسەرە بەناوبانگەکانی ڕۆمانە پۆلیسییەکاندا، چەند کەسێک زیاتر لەوانی تر شیاوی باسکردنن، لەوانە ((ئاگاتا کریستی)) کە[٢٧] داهێنەری لێکۆڵەر ((ئەرکول پۆیروت))[٢٨] بوو، هەروەها ((دۆرت سیرز))[٢٩] کەسێکی بەناوی ((لۆرد پیتر ویمزی))[٣٠] داهێنا)، ((فریمان ویلز کرافتس))[٣١] ((پشکنەری فەرەنسا))ی داهێنا، ((ئەدگار والیس))[٣٢] ((کۆمیسێر ریدر))ی داهێنا[٣٣] و لە کۆتاییدا ((جۆرج سیمنۆن))[٣٤] لێکۆڵەر ((مگرە)) ە [٣٥]،کە. بەهەمان ئەو ئەندازە ناوبانگی دەرکرد کە ((هۆڵمز)) لە ڕۆژانی ((دویل))دا بەناوبانگ بوو، بەڵام دوا وتە ئەوەیە کە هەموو نووسەرەکانی چیرۆکە پۆلیسییەکان، لەو بڕوایەدان کە لە ڕۆمانە پۆلیسییە واقیعیەکاندا، خوێنەر و لێکۆڵەری ناوچیرۆک دەبێت هاوکات لە سەرەداوەکان ئاگادار بن کە کێشەی ئاڵۆزی چیرۆک لەڕێگای ئەوانەوە بەشێوەی مەنتیقی چارەسەر دەبێت- و لێکۆڵەر دەبێت بە توێژینەوە و تاوتوێکردنێکی مەنتیقی ئەو سەرەداوە، بکات بە حەلکردنی، نهێنی چیرۆکەکە.



٤- **ڕۆمانی پیکارسک:** جۆرە ڕیپۆرتاژێکە (chronicle) بەزۆری لەشێوەی باسی بەسەرهاتە. لەم ڕۆمانەدا ژیانی کەسانی فێڵباز لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا، کە بە خزمەتکاری و نۆکەرییەوە خەریکن و لە ڕێگای فرتوفێڵەوە ژیان دەبەنەسەر تا لە ڕێگای ئیشکردنەوە، باسی لێوەدەکرێ. ڕۆمانی پیکارسک لە ڕووداوی لێکپچڕاو و شڵەژاو پێکهاتووە و لە پێکهاتەی وردی چیرۆکی بێبەشە.

هەروەها مومکین نییە بتوانرێ باوەڕ بەو زنجیرە ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە بکرێ کە پیشاندەدرێت. کەسە شەڕاوییەکان (کەسی فێڵزان) یا کەسایەتی سەرەکی ئەم چیرۆکانە، بەفێڵبازی و سەرگەردانییەکانی وبەکەڵک وەرگرتن لەو ئیمتیازەی کە لەگەڵ تاکەکانی چینەجیاوازەکاندا هەڵس و کەوتی هەیە، ئازادییەک دەداتە نوسەر، کە دەست بداتە هەجوو، گاڵتە پێکردن بە کۆمەڵگا. ڕۆمانەکانی پیکارسک لەڕووی سوود وەرگرتن لە ڕووداو ئەنگێزییەوە وەک چیرۆکە دڵدارییە پڕ ڕووداوەکانن (Romantic)، بەڵام سوود لە پێشکەشکردنی شێوازە ڕیالیزمییەکان وەردەگرن، بەو واتایەی کە وردەکاری زۆر وردی چیرۆک، ڕاستگۆیانە دەخەنە بەردەستی خوێنەر، هەروەها زمانیشیان بەتەواوی پاراو و ڕاستە و لەو ڕووداوانە دەکۆڵنەوە کە پێوەندییان بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە، لە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگادا.

بەبوونی ئەو هاتوهاوار و ئارەزووەی کە لە بارەی ڕۆمانەکانی پیکارسک-ەوە پیشاندەدرێن، ئەم ڕۆمانانەش وەک هەموو چیرۆکەکان، کەم کەم تووشی گۆڕان هاتوون، بۆ نموونە ڕۆڵی کەسی زیرەک و فێڵزان (شەڕاوی)، ئافرەتەکان خستوویانەتە ئەستۆی خۆیان.

تا ئەو شوێنەی کە تەنانەت ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکیی یەکێک لە ڕۆمانە گرنگ و بەناوبانگەکانی ڕابردووی، خستە ئەستۆی ئافرەتێکی



PDF4Kurd

رەبـەن. بۆئـەوەی خوێنـەری زیـاتر بـۆلای خـۆ رابکێـشێت، هـەرچـەنـد ڕووداوەکە زیاتر ناشرین و ترسناک بوو.

پاشان ئەخلاقگەرایانێک پەیدابوون کە هەمـوو هـەوڵـی خۆیـان سـەرفی ئـەوەکـرد کـە خراپـی و ناپـاکی، کـە سـایەتییـە فێلکـەرەکـان نیـشان بـدەن( کەسایەتییە سەرەکییەکانی پرۆکەپیکارکان). بۆ ئـەم کارەش هـەولیان دەدا کە هەرچی زیاتر ڕووداوەکان پەستتر نیشان بدەن، تاخوێنەر زیاتر بهەژێت و نەفرەت لە کەسایەتی فێڵباز بکات.

یـەکـەم ڕۆمـانی پیکارسـک کـە بـە زمـانی ئینگلیـزی نووسـرا، ڕۆمـانی ((ڕێبواری بەخت رەش))[٣٦] بوو کە ((تۆماس ناش))[٣٧] نووسی.

دوای ئەو لەگەڵ بەرهەمەکانی ((دانیال دیفۆ)) لـە سـەدەی هـەژدەیـەمدا، ئـەم جـۆرە ڕۆمانـە لـە ئـەدەبی بـەریتانیاییدا شـێوە و پایـەیـەکی تایبـەتی وەرگـرت. ڕۆمـانی ((مـول فلانـدرز))ی ((دیڤـۆ)) بـاس لـە ڕوونکردنـەوە و نووسینی بیرەوەرییەکانی کەسـایەتییـەکی ((کـەڵـەکبـاز))دەکـات. (Picarcon)- بەڵام لە جۆری ژنی ئەو کەسایەتییانە.

لەوانەیە بتوانین حەوت تایبەتمەندیی سـەرەکیی ڕۆمـانـەکانی پیکارسـک، لە بەرهەمە چیرۆکییەکانی تر جیابکەینەوە:

١- ڕۆمانی پیکارسک هەموو یا بەشێکی ڕووداوەکانی ژیانی کەسێکی فێڵزان و حیلەبـاز- بـە بەکارهێنـانی کـاتی یـەک لـەدوای یـەکی ڕووداوەکـان ڕوون دەکاتەوە و لەوانەیە کە وەک گێڕانەوەی سەربوردە (Autobiography) لە گۆشەنیگای یەکەم کەسەوە، بیگێڕێتەوە.

(بێگومان ئەم بابەتە بەهیچ شێوەیەک ڕێسا نییە).

٢- کەسایەتیی سـەرەکیی ڕۆمـانی پیکارسـک، لـە چینـەکانی خـوارەوەی کۆمـەڵ هـەڵـدەبژێردرێت و لـەڕووی پێوەرە ئاسـاییەکان لـە دروسـتکردنی کەسایەتیدا، کەسایەتییەکی شلەژاوە و پیشەکەشی بەشێوەیەکی سروشـتی-



دیارە ئەگەر زەحمەتی کارکردن بداتە بەرخۆی- نۆکەرییە، بەو واتایەی لە ڕووی ماهیەتییەوە، حەزی لە پیشەی نۆکەرییە.

٣- ڕۆمانەکانی پیکارسک مەیلی زۆریان بە دروستکردنی کەسایەتییەوە نییـە و کـەسـایەتیـی سـەرەکـی، ئـەم جـۆرە ڕۆمانانـە ((گـەشـە ناکـات و پێشناکەوێت))، واتە پیکارۆ (کەسایەتیی فێڵزان و حیلەباز) بە ساختەچێتی و فێڵ دەستپێدەکات و تـا کۆتـایی چیرۆک هـەروا دەمێنێتـەوە، هـەمیشە تـەنیا هەمان ڕەوشت و توانا زاتییەکانی دەخاتەڕوو. هەڵبەت ئەگەر هـەندێ کات گۆڕان و گواسـتنەوەیـەک لـە چیرۆکدا ڕوودەدات دەرەکی و ڕواڵـەتییـە، بـۆ نموونـە کـەسـایەتیـی سـەرەکـی (شـەڕاوی)، دەبێـت بـە میراتگـری مـاڵ و داهاتێـک، یـان بێوەژنێکـی دەوڵـەمـەند مـارە دەکـات، بـەم پێیـە کەسـایەتیی سەرەکیی ڕۆمانە پیکارسکەکان گەشە و گۆڕینی ناوەکییان نییە.

٤- شێوەی داڕشتنی ڕۆمانی پیکارسک ریالیزمییانەیە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆمانی پیکارسک، لەوانەیە بەگشتی شـپرێو و لـەگـەڵ (زێدەڕۆیی)دا تێکەڵ بێ. زمانەکەی ئاسانە و هەموو تێدەگەن و لەم ڕۆمانەدا بەبێ هیچ کۆت و بەندێک سوود لە زاراوەی جیاواز و ئاسایی وەردەگرێت.

سـەرەرای ئـەم لایـەنانـەش- بـەهـەمـان شـێوە کـە تـەنیـا لـە بـەرهـەمـە ریالیزمییەکاندا باوە- زیندوو و بەرجەستەیە.

٥- ڕۆمـانی پیکارسـک، گرنگـی بـە پلـۆت (چـنین) نـادات و چیرۆکـەکـەی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداو کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نییە.

٦- بەدگۆیی (هەجو: Satire) لە ئامرازە بەرجەستە و گرنگەکانی ڕۆمانە پیکارسکەکانە. پاڵـەوانـی فێڵبـازی ڕۆمـانی پێکاریسـک لـەگـەڵ کـەسـە جۆراو جۆرەکانی جیهاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، و بەهەمان سادەییەوە، بە جۆرێک خزمـەتیـان پـێ دەکـات و سـەرەنجـام کـەم کـەم پـەی بـە پـەسـتی و کـەم و کورتییە ئەخلاقییەکانیان دەبات. ڕۆمانی پیکارسک- یش، سوودی لە هەمان



PDF4Kurd

ئەو مەسەلانە وەرگرتووە. چوارچێوە و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پایە نەتەوەیی و رەگەزییەکان دەداتە بەر هەجوو.

٧- پاڵەوانی رۆمانی پیکارسک، تووشی جۆرەها هەڵە دەبێت، بەڵام هیچ کاتێک دەست ناداتە تاوان، واتە ناگۆڕێت، بە تاوانباری راستەقینە. لەنێوان ((رەزیلی)) و ((تاوان))دا سنوورێکی نادیار و لەموو باریکتر هەیە، بەڵام پاڵەوانی زیرەکی رۆمانی پیکارسک، بەهەر شێوەیەک، توانای هەیە کە نەخشەی ئەم سنوورە بکێشێت و بەسەریدا بچێتە پێش.

ئەگەرچی پاڵەوانی رۆمانی پیکارسک بێ باک (فارغ البال)ەو گرنگی بە ئەخلاق و (معنویات) نادات، بەڵام دەست ناداتە تاوان و پاش ئەوەی تووشی هەڵە و هەڵخلیسکانێ بوو، رێگایەکی تر دەگرێتە بەر تا کارەساتەکە لەبیر بچێتەوە و بتوانێت دووبارە دەست بداتە هەڵە و هەڵخلیسکانی تر.

٥- **رۆمانی مێژوویی:** رۆمانی مێژوویی، رۆمانێکە کە باسی نوێکردنەوەی کەسایەتی، زنجیرە رووداو، خەبات، یان ژیان و بارودۆخی یەکێک لە چاخەکانی رابردوو دەکات و بۆ دووبارە داهێنانیان، دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەیەکی جددی و خێرا لە رووداوە راستەقینەکانی چاخی رابردوو. دەبێت بزانرێت کە رۆمانی مێژوویی سوود لە کەسانی نامێژوویی، واتە چیرۆکیش وەردەگرێت. لە راستیدا رۆمانی مێژوویی، بەزۆری، رۆمانی درێژن کە رووداو و گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەشێوەیەک دەخەنە بەرچاو کە لەدید و ژیانی کەسانی مێژووییەوە پێچەوانە دەبێتەوە، بێگومان ئەم رووداو و گۆڕانکارییانە لە هزری نووسەردا رەنگ دەدەنەوە.

((والتەر سکۆت)) لە رێگەی ئەو پێشەکییە جۆراوجۆرانەدا کە لە بۆ ((رۆمانەکانی ویڤرلی))[٣٨] (رۆمانەکانی لە بارەی سکۆتلەندا)) نووسیونی،



هەوڵیداوە تا بنچینە باو و نەریتییەکانی رۆمانە مێژووییەکان بەدرێژی روونبکاتەوە. لەسەر ئەم رێسایە دەڵێت رۆمانی مێژوویی، سەردەمێک لەمێژوو دەکاتە هەوێنی کاری خۆی کە دوو کەلتوور- کە یەکێکیان لەسەر لێواری مردن و ئەوی تریشیان لە حاڵەتی لەدایک بووندایە- لە شەڕو ململانێ دان لەگەڵ یەکتردا، رۆمانی مێژوویی بەسوود وەرگرتن لەم سەردەمە، ((کەسانی داستانی)) دروستدەکات و ئەم کەسانە ناچار دەکات تا لە نێوان ((کەسایەتییە راستەقینە مێژووییەکانی))دا دەست بە ژیان و چالاکی بکەن و بەشدارییان لە رووداوە راستەقینە و مێژووییەکاندا هەبێت.

ئەو کەسایەتییە چیرۆکیانە، دەکەونە ژێرکاریگەری ئەو رووداوە مێژووییانەوە کە کاریان کردووە تەسەر خەڵکانی ئەو دەورانە و، باسیان لێوە دەکەن و لەئەنجامدا سەردەمانی رابردوو لە رێگەی پێوەندییە راستە و خۆ و نزیکەکانی ئەم کەسانەوە، دەنوێندرێن.

نووسەر و رەخنەگرانی رۆمانە مێژووییەکان لە بارەی ئەوەی کە لە هەر سەردەمێکی مێژوودا کامە رووداو گرنگترە و کام رووداوی مێژووییە لەبەر گرنگییەکەیان- هەر دەبێت لە رۆماندا بێت، هەروەها لەسەر ئەوەی کە چ کەسایەتیگەڵێکی واقیعی و مێژوویی لەهەر سەردەمێکدا بێت دەبێ بەشێکبن کە ئەکتەرەکانی ئەو دەورەیە، جیاوازی بیروڕایان هەیە. سەرەرای ئەمە لەبارەی چۆنیەتی نووسینی رۆمانی مێژووییەوە، هەروەها لەبارەی ئەوەی کە چ سەردەمێک لەنێوان سەردەمەکانی رووداوە مێژووییەکان دەتوانرێ بەنادیار دابنرێت، لەسەر یەک ڕا کۆک نین، بەڵام ئەمانە هەموویان لەو بڕوایەدان کە نووسەری رۆمانی مێژوویی دەبێت وێنەیەکی واقیعی لەو سەردەمە بخاتەڕوو کە باسیدەکات ، هەروەها رۆمانی مێژوویی بەزۆری هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی رووبەڕووی بارودۆخ و مەرجە تایبەتییەکانی کۆمەڵ دەکات.



PDF4Kurd

دەتوانرێ رۆمانە مێژووییەکان بەپێی ئەو جۆرە سوودەی کە نووسەرەکەی لە مێژوو دەیبینێ، بۆ ((رۆمانسی نەریتی و باو)) و ((رۆمانی کەسایەتی)) دابەشبکرێن.

((رۆمانسی تەقلیدی)) وەک زەمینەیەک بۆ رووداوەسەرسوڕهێنەرەکان یان رووداوە دڵدارییەکان سوود لە مێژوو وەردەگرێت؛ ئێستا ئەوەی کە ئامانجی ((رۆمانی کەسایەتی)) (وەک رۆمانی (پەڵەی شوورەیی)[٣٩] ((هاوپورن)))ە، زیاتر خستنەڕووی کەسەکانە، تا شوێن و کات و سەردەمی مێژوویی، لە راستیدا سەردەمی مێژوویی بۆ ئەم جۆرە رۆمانانە لە پلەی دووەمی گرنگی دایە، جگە لەمە دەتوانرێ بەشێوەیەکی تریش رۆمانە مێژووییەکان پۆلێن بکرێن، واتە دەتوانرێ بەپێی جۆری روانینی نووسەرانی رۆمانە مێژووییەکان، بۆ مێژوو، بۆ سەر ((رۆمانە مێژووییە خەیاڵییەکان)) و ((رۆمانە مێژوویی و ریالیزمیەکان یا زانستیەکان)) دابەشبکرێن.

لە رۆمانە مێژووییە خەیاڵییەکاندا رۆماننووس سوود لە رووداوە مێژووییەکان وەردەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی خەیاڵی لەمانە دەکۆڵێتەوە و راڤەیاندەکات.

بەو واتایەی کە رۆماننووس ئەو بەڵگانەی کە بۆ رووداوی رووداوە مێژووییەکان دەیانهێنێتەوە هزری و خەیاڵین.

بۆ نموونە ((واڵتەر سکۆت)) لە باتی ئەوەی کە لە نووسینەکانیدا هۆی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، پشتەوەی رووداو و شەڕەکان ئاشکرا بکات و لێیان بکۆڵێتەوە، بەڵگەی وەک وڵات پەرستی، عەشق و بەهەڵە تێگەیشتن، بۆ ئەمانە دادەتاشێ. لە نموونەکانی تری ئەم جۆرە رۆمانانە دەتوانین ((بابردوی))[٤٠] ((مارگرێت میچل))[٤١] ناوببەین. بەڵام لە رۆمانە مێژووییە ریالیزمیی یا زانستیەکاندا رۆماننووس ژیانی خێزانێک، وەک



نوێنەرێک لە هەموو کۆمەڵدا نمایشدەکات و ئەوان لە پێوەندی نەپچڕاو لەگەڵ گۆڕانکارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە) وە، بۆ نموونە ((تۆلستۆی))[٤٢] لە رۆمانی ((شەڕ و ئاشتی))[٤٣]دا خێزانی ((ڕاستۆف)) وەک نوێنەری گشتیی کۆمەڵگای رووسی لە سەدەی هەژدەیەمدا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ئەو گۆڕان و گۆڕانکارییانەی کە بەسەر کەسایەتییەکانی ئەم خێزانەدا دێن لە رووی پایە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان، وەک نموونەیەک لە گۆڕان و گۆڕانکارییە گەورەتر و فراوانترەکان لە هەموو کۆمەڵدا پیشاندەدات.

ئەگەر چی لە چاخە زۆر دوورەکانەوە تا ئێستا گەلێک نووسەر مێژوویان کردووە بە هەوێنی چیرۆکەکانی خۆیان، هەروەها((مێژوو نووسانی ئەدەب)) تووشی دەرکەوتنی جۆربەجۆری رۆمانی مێژوویی - لە بەرهەم شێواز گەلێکی زۆردا- بوون؛ بەڵام بۆ نووسینی رۆمانی مێژوویی، دەبێت رۆماننووس، ڕوانین و ڕای جدی و گەلێک قووڵی لەبارەی مێژووەوە هەبێت.

سەرەرای ئەمە دەبێت بە تەواوی لە بارەی سەردەمی مێژووی رۆمانەکەی بکۆڵێتەوە و هەوڵبدات کە هەموو شتێک بەپێی واقیع بباتە پێش.

لەنێو ئەو نووسەرانەی کە رۆمانی مێژووییان نووسیوە، دەتوانین ناوی ئەمانە بەرین: ((تۆلستۆی))، ((پاکری))[٤٤] ((ئەلیکساندەر دۆماس))[٤٥]، ((ڤیکتۆر هوگۆ))[٤٦]، ((جیمس کۆپەر))، ((چارلز ڕید))[٤٧]، ((کونت ڕوبرتز))، ((هارڤی ئالن))[٤٨]، ((ت. ه. وایت))[٤٩]، ((کارولا ئۆمن))[٥٠]، ((ماری ستوارت))[٥١] و ((جورجت هیر))[٥٢].

٦- **رۆمانی ئەزموونی:** رۆمانی ئەزموونی جۆرێکە لە رۆمانی سروشتگەرایی. لە بارەی سروشتگەراییەوە لە رۆماندا، دەبێت لە شوێنێکی



PDF4Kurd

تر بە درێژی باسی لێوە بکرێت، کە لێرەدا جێگای نییە. بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێین سروشتگەرایی جۆرە دژکردەوەیەکی باشە لە بەرانبەر زانستی ئەزموونیدا، ڕۆماننووسە سروشتگەراکان لەو بڕوایەدان کە پێویستە لە ڕۆمان نووسیندا تەواوی بنچینەکانی زانستە ئەزموونییەکان بەکاربهێنرێن و وەک زانایانی زانستە ئەزموونییەکان کاربکەن.

ئەمیل زۆلا یەکێک لە ڕۆماننوسە بەرجەستە سروشتگەراکان، لە کتێبەکەی خۆیدا ((ڕۆمانی ئەزموونی))[٥٤] (١٨٨٠ز) دەڵێت: ((دەمەوێت لەم کتێبەدا بیسەلمێنم کە ئەگەر شێوەی زانستی ئەزموونی دەبێتە هۆی ناسینی ژیانی ماددی و مەعنەوی، ئەم شێوەیە هەروەها دەبێت ئێمە بەرەو لایەنی مەعریفەی ژیانی عەقڵانی و هەستەوەری پاڵ پێوە بنێت، و ((ڕۆماننووسی ئەزموونی کەسێکە کە خاڵ و مەسەلە سەلمێندراو (زانستییەکان) پەسەند دەکات و هەوڵدەدات کە ئەو ڕەوشت و کار و دیاردە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییانەی کە زانستی ئەزموونی سەلماندوونی، پیشانبدات. سەرەرای ئەمە هیچ کاتێک هەستەکانی خۆی ناخاتە ناو کارەوە؛ مەگەر لە بابەتێکدا کە هێشتا مەسەلەیەک روون نەبێت و چۆنیەتییەکەشی ئاشکرا نەبێت.

ڕۆماننووسی ئەزموونی تا ئەو شوێنەی کە دەتوانێت هەستی کەسایەتی، بەرهەمەکان، بیروڕاو ئەو چەمکانەی کە بەرێگایەکی نا ئەزموونی بەدەستی هێناون لە ڕێگەی بینین و تاقیکردنەوەوە لە مەحەکیان دەدات)) و ڕۆماننووسیش دەبێت وەک زانای زانستە ئەزموونییەکان بێلایەن و دوور لە هەر جۆرە پرەنسیپێکی ئەخلاقی، پەیماننامە کۆمەڵایەتییەکان و پێشدا وەرییەکان، دەست بداتە تاقی کردنەوەو، پێویستە ڕۆمان لەسەر کۆکردنەوەی بەڵگەی وردی زانستی بێ و ڕۆماننووس بێ لایەنانە، دیاردەیەکی دیاریکراو ببینێ و تاقیبکاتەوەو نەخشەی ئەنجامی تەواو بکێشێت لەم ئەزموونەدا)).



ڕۆماننووسە سروشتگەراکان لەو باوەڕەدان کە چارەنووسی مرۆڤ لەپێشدا بە ڕێگای ((ژینگە)) (هۆکار و بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی، ئابووری و تاد) و ((هۆکارە ژینگەییەکان)) وە (بۆ ماوە و ئارەزووەکان) دیاریکراوە و مرۆڤ هیچ جۆرە ئازادییەکی هەڵوێستی نییە. کەوابوو ڕۆماننووسی سروشت گەرا، هەروەک ئاژەڵ تەماشای مرۆڤ دەکات کە ئەسیر و بەرهەمی هەل و مەرجە ژنیگەیی و هۆکارە ژینگەییەکانە. پرۆپاگەندەی هەندێ لە ڕۆماننووسە سروشتگەراکان لەسەر ئەوەی کە ئەوان ریالست ترن لە نووسەرە ڕیالستیەکان، بیانوویەکی دایە دەستیان تاشێوەی نووسەرە ڕیالستیەکان (واتە پۆلێنکردنی ئەو بەشانەی کە لەڕووی ئەخلاقییەوە پەسندبن) پەسند نەکەن، و بە نووسینی ڕۆمانە بێ ئابڕوو خراپەکان، زەلکاوەکانی کۆمەڵ هەرچی زیاتر لێکبدەن.

٧- **ڕۆمانی پەروەردەیی:** ڕۆمانی پەروەردەیی ئەو ڕۆمانەیە کە گەشەکردن و شێوە وەرگرتنی کەسایەتییەک لە منداڵییەوە (یا هەندێ جار لەوساتەوە کە لە دایک دەبێت) تا ئەوکاتەی پێ دەنێتە ئاستی پێگەیشتن و گەورەبوون و تێدەکۆشێت کە لە چۆنیەتی ئەم جیهانە تێبگات و بۆ دۆزینەوەی واتا و ئەزموونەکان لەم جیهانەدا هەنگاو بنێت و فەلسەفەیەک بۆ ژیانی خۆی پەیدا بکات و هونەری باشی ژیان فێر ببێت؛ هەندێ جاریش تامردن، باس دەکات. ((گۆتێ)) یەکەم ڕۆمانی پەروەردەیی نووسی، ڕۆمانەکانی ((ئاواتە گەورەکان))[٥٥]. و ((دێڤید کۆپەر فیلد))ی[٥٦] (کە لەمانەدا سەرگوزشتەی تاک لە منداڵییەوە تا پێگەیشتن روون دەکرێتەوە) ((چارلزدیکنز))و ڕۆمانی ((فێربوونی سۆز))[٥٧] و ((فلۆبێر)) و ڕۆمانی ((منداڵانی توندوتیژی))[٥٨] نووسینی ((دوریس لیسینگ))[٥٩]- کە لەم دواییەدا بڵاوبۆوە- ڕۆمانی پەروەردەیین.



PDF4Kurd

٨- **ڕۆمانی ڕووداو:** ئەم زاراوەیە بە ڕۆمانێک دەوترێت کە لایەنە سەرەکییەکانی، کاری چیرۆکی و (هەندێ جاریش) ڕووداوی لێکپچڕاو بن لەگەڵ یەکتر.

لەم جۆرە ڕۆمانانەدا (پلۆت- Plot) و ((کەسایەتی دانان)) دەکەوێنە پلەی دووەمی بایەخ پێدانەوە، سەرەڕای ئەمە پێکهاتەی پلۆتیان بۆ تێگەیشتن ئاسانە، بەڵام بەبێ گرێ و گۆڵە، و سەرنجی سەرەکی لەجیاتی ئەوەی لەسەر ((دروستکردنی کەسایەتی)) و ((گومان و چاوەڕوانی بەردەوام و پێویست)) بێت، زیاتر دەدرێتە پیشاندانی ڕووداوی سەرسوڕهێنەر و سەرنجڕاکێش، لەوانەیە ((ڕۆبنسۆن کروزۆ))ی ((دیفۆ)) ئەگەر بە ڕۆمانی بزانین- نموونەیەکی باشتر بێت بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی زیاتری ((ڕۆمانی ڕووداو))، ئەو ڕووداوانەی کە لەم جۆرە ڕۆرمانەدا ڕوو دەدن، واتە گەمیە نقووم بوون، ڕووبەڕووبوونەوەی ((کرۆزۆ)) لەگەڵ ((فرایدەی))[٦٠]، ململانێی لەگەڵ نیشتەجێییە کۆنەکان و ئەوانی تر، بەپێی کاتی یەک لەدوای یەک لە پشت سەری یەکەوەدانراون، بەڵام پێوەندی زیادیان لەگەڵ یەکتردا نییە و هەر ڕووداوێک بە گومان و چاوەڕوانییەکی بەهێزەوە بەڕووداوی دواییەوە گرێ نادرێ، ڕۆمانی ((سێ چەکدار))[٦١]ی ((دۆما))یش ((ڕۆمانی ڕووداو))ە، ئەگەر چی پلۆتی ئەم ڕۆمانە باشترە لە پلۆتی ڕۆمانی ((دیفۆ))و زیاتر فراوان کراوەتەوە.

٩- **ڕۆمانی دەروونزانی یا ڕۆمانی شەپۆلی هۆش:** ڕۆمانی دەروونزانی جۆرە ڕۆمانێکی دەروونییە کە بابەتەکەی، ڕەوتی((شێوەزنجیری و نەپچڕاو)) و گۆڕاو و بێ کۆتایی ویژدان یا شعوری خودئاگای، کەسێک یا چەند کەسێکە. مەبەست لە ووشەی (ویژدان یا شعوری خودئاگا) لێرەدا، کۆمەڵەی زانیارییە جیاواز و دژکردەوە زەینی و هەستییەکانی تاکن و ئەم



کۆمەڵە ، نزمترین قۆناغی پێش شکڵ گرتنی زارەکی و قسەکردن تا لوتکەی قۆناغی پەیدابوونی بیروڕا و باسە عەقڵ پەسندەکان لە خۆدەگرێ. هەروەها لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە زەینی تاک ((ڕەوتی شەپۆلی زەین))

(زاراوەی شەپۆلی هۆش - Stream of conscionsness) بۆ یەکەم جار ((ویلیەم جیمس))[٦٢] لە کتێبی ((بنەماکانی سایکۆلۆژی))[٦٣].(١٩٨٠ز)- بەکاری برد) یا ئەو(ڕۆماننوس) لە کاتی دیاری کراودا، لە ئاستە جیاوازەکانی ئاگایی، ڕەوتی بەر دەوامی هەستەکان، فکر و خەیاڵ و ئارەزوو بیرەوەرییەکان و تێرامانەکانەوە ویا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە زۆربەی ڕۆمانە دەروونییەکان،پێکهاتووەو، هەرکاتێک کە قەراربێت ناوەرۆکە تەواو ودروستەکەی شیبکرێتەوە و وەسف بکرێت(زەین یاخودئاگا)، دەبێت ئەم ڕەگەزە جۆراوجۆر ولێکپچڕاو بێ پەیوەندی و نالۆجیکییانە وەکو شەپۆلێکی ووشە، وێنەی خەیاڵی و فکر دەربکەون.(واتە دروست وەک ڕەوتی تێکەڵ و پێکەڵ و نارێکی زەین). ڕۆمانی دەرونزانانە سود لە مێتۆدگەلی جوراوجور وەردەگرێ تا خودئاگای مرۆڤ هەرچی تەواوتر وبەهێزێکی کاملترەوە بنوێنێ.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە زۆربەی ڕۆمانە دەروونییەکان، یا وەک ((هنری جیمس)) و ((دۆستیۆڤسکی))[٦٤] ڕەوتی خودئاگان کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک شعوریان شیکردۆتەوە، یان وەک ((مارسێل پرۆست)) لە ڕۆمانی ((لە سۆراخی زەمەنی ونبوودا))[٦٥] (١٩١٣-١٩٢٧ز)، لە ڕێگەی پەی بردن بەمانایەک بەهۆی مانایەکی ترەوە، لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی ڕابردوویان هەڵداوەتەوە و نووسیویانەتەوە؛ بەڵام ڕۆمانی ڕەوتی شەپۆلی هۆش یا دەروونزانی، زۆرترین بایەخی دەداتە قۆناغی پێش شێوە پێکهاتنی زارەکی (لفظ) و وتار (واتە ئاستی نازارەکی و ناوتاریی مرۆڤ)، لەم قۆناغەدا، وێنەی خەیاڵ، دەبێت جۆری ئەو دژکردەوە و



PDF4Kurd

وەڵامانە بکێشێتەوە کە وەسف نەکراون و نەخراونەتە چوارچێوەی ووشەوە چونکە لەوەها جیهانێکدا، لۆژیکی ڕێزمانی نییە.

بە هەرحاڵ، لەگەڵ ئەوەیدا کە ڕۆمان نوسەکان بۆ نوسینی ڕۆمانە دەرون ناسانەکانیان سودیان لە شێوازە جیاوازەکان وەرگرتووە، بەڵام وا پێ دەچێ کە هەموو ڕۆمانە (دەرون ناسانەکان) ئەم بنەما هاوبەشانەیان لە خۆگرتبێ:

١- هەبوون و بوونی پڕ واتا و گرنگی مرۆڤ، لەناو دەروونی ئەو و لەناو پرۆسە و چالاکییە زەینی و هەستیەکەی دایە نەک لە جیهانی دەرەکی و دەرەوەی ئەودا.

٢- ژیان و بوونی زەینی و هەستی مرۆڤ لێکپچڕاو و پەرت و بێ ڕەوتی مەنتیقییە.

٣- سەرئەنجام نمونەی دەروونی ((دەرک کردنی ئازادی واتاکان))، زنجیرەی هزر و هەستەکانی مرۆڤ تێکەڵدەکات و دەیانگۆڕێت، نەک سومبوڵی ((پێوەندی و ڕەوتی مەنتیقی)).

کەوابوو لە ڕۆمانی دەروونزانیدا ڕۆماننووس تەنیا پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەروونی کەسەکان دایە، و فەزای زەینی و ئەوەی کە لە دەروونی کەسەکاندا دەگوزەرێت، مەودای کاری ئەون. دەبێت لێرەدا بیر لەم خاڵە بکرێتەوە کە هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لەو بابەتانەی لە ((ویژدانی خودئاگا و دەروونی مرۆڤ))دا هەڵقوولاون، لە چیرۆکدا بە هیچ جۆر شێوەیەکی مودێرن نییە، لەوانەیە یەکەم جار ((لۆرنس ستێرن)) لە ڕۆمانی ((تریستدام شندی)) (١٧٥٩-١٧٦٧)دا بە دروشمێکی ((ئەپیکتیۆس))[٦٦] (فەیلەسووفی ڕەواقی یۆنانی)لەسەر ئەو بنەمایەی (کە ئەوە کردەکان نین مرۆڤ توشی دڵە ڕاوکێ دەکەن، بەڵکو ئەوە بیرەکانن لە بارەی ئەو کردەوانەوە. و بە پراکتیزەکردنی تیۆرە سایکۆلۆژییەکانی ((جۆن لۆک))[٦٧]



فەیلەسووفی ئینگلیزی) لەبارەی ((لەمانایەک پەی بەمانایەکی تر بردن و بەردەوامی)) (Association and Duration)) لە پێکهاتە و کاری زەینی مرۆڤدا) بەشێوەیەکی سەرنجراکێش سوودی لەم شێوازە وەرگرت. بەڵام لەگەڵ ئەوەیدا کە ((ستێرن)) بەدوای یەکداهاتن و زنجیرەی بیروڕاکانی لە قەیدی وشکی سیستەمی مەنتیقی ڕزگار کرد، نەیتوانی بەو وێنەیەی کە لە ویژدانی خودئاگای ((تریسترام)) دەیکێشێت، کەناڵێک بەرەو ناخی قۆناغی پێش شکڵ وەرگرتنی زارەکی و گوفتار لێبدات.

تەنانەت ((هنری جیمس))یش لە ڕۆمانە دەروونییەکانی خۆیدا، لە هەمان ئاستی ویژدانی خودئاگادا لەگەڵ وتەگەلێکی مەنتقی و ڕێکوپێکدا دەمێنێتەوە.

ڕۆمانی ئەمڕۆیی دەروونزانی یان ڕەوتی شەپۆلی هۆش بەواتای پڕ بەپێستی وشە، لە پاش دەروونزانی ((فرۆید))[٦٨] و تیۆری ((ستراکچەری چینەکان یا ئاستە دەروونییەکانی))ەوە پەیدابوو.

ئەگەرچی ڕەنگە بتوانی بڵێیی یەکەم ڕۆمانی ڕەوتی شەپۆلی هۆش ((ئیدوارد دوژاردن))[٦٩] لە ساڵی (١٨٨٨ز)دا نووسی و تێیدا بۆ یەکەم جار سوودی لە ((مۆنۆلۆگی دەروونی)) بەوشێوەی ئێستای وەرگرت. ((جیمس جۆیس)) کە هەندێ پێیان وابوو بەرهەمی ((ئیدوارد دوژاردن))ی بینیوە و خوێندۆتەوە و شێوەی ڕەوتی شەپۆلی هۆشی لە ڕۆمانەکەی خۆیدا ((ئولیس)) (١٩٢٢ز)، بە باشترین و تەواوترین شێوە بەکارهێناوە. ئەم ڕۆمانە ڕاڤەکردنی ئەزموونەکانی (کردەوە، بیر، هەست، بۆچوون و بیرەوەرییەکان و پێوەندی دانی ڕووداوەکان بۆچوونەکان لەڕێگای پەیبردنی مانا بەهۆی ڕابردوو ئاییندە)ی دووکەسن بەناوەکانی ((لیۆپۆلد بلووم))[٧٠] و ((ستیفن دیدالۆس))[٧١]، بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر (ڕۆژی (١٦)ی حوزەیرانی ١٩٠٤ز) لە ((دبلن))ی ئیرلەندە.



PDF4Kurd

کەلێرەدا خراپ نییە بەشێکی ئەوەی کە لەزەینی(ئۆلیس)دا [دژەپالەوانی ڕۆمانی (جویس)] دەگوزەرێت، لەلاپەڕە١٨٩ ی کتێبی ریایزم دژە ریالیزم لە ئەدەبیات، چاپی حەوتەم، نوسینی دکتۆر میترا، (دەزگای چاپی ئاگاه – ساڵی ١٩٨٨ نەقڵ بکەین:

ساردینی نێو قەفەسەکان تەقریبەن بە روانین دەتوانم بۆیان چێژەکەیان هەست پێ بکەم. ساندویچ؟ ژامبۆن و پێکهێنەرەکانی لەگەڵ خەرتەلە و نان، گۆشتی سورکراوە. ماڵێک کە گۆشتی فرۆشگای (تەماتەی) تێدا نەبێت ماڵ نییە، ناتەواوە. ئەم ئاگادارییەی گۆشتی سورکراوە، چ ئاگادارییەکی دەبەنگانەیە! لەژێر ئاگاداری پرسەدا چاپیان کردووە. وەک شێوەی بڕکە تەماتەی لێ هاتووە. گۆشتی سورکراوەی فرۆشگای دینام، رەشپێستە مرۆڤ خۆرەکان، گۆشت لەگەڵ لیمۆ و برنجدا دەخۆن. بانگەشەکەرانی مەسیحی، سپی پێستی زۆر توندن. بێتامیان کردووە. وەکو گۆشتی بەرازی سوێر.

لوتکەی رۆمانی بێ وێنەی ((ئـولیس))، چل لاپەڕەی مۆنۆلۆگی دەروونی((مۆلی بلووم)) بوو،[٧٢] سەیر لەوەدایە کە بەدرێژایی هەموو ئەم چل لاپەڕەیە، ((جیمس جۆیس)) تەنیا یەک جار سوودی لە نیشانەکانی خاڵ دانان وەرگرتووە.

لە ساڵی (١٩٢٠ز)وە تائێستا زۆر نووسەر تێکۆشاون تا درێژە بەڕێگای ((جۆیس)) بدەن و قەرە لە قەرەی بدەن؛ کە لە نێوانیاندا دوو کەس پتر لە هەموان توانیویانە پەرە بەو شێوەیە بدەن، یەکێک لەمانە ((ڤیرجینیا وۆلف))ە بە رۆمانەکانی ((خاتوو دالاوی))[٧٣] (١٩٢٥ز) (کە لە بارەی بیرکردنەوەی ژنێکە کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە و لە هەر چرکەیەکدا ئیمکانی مردنی هەیە) و ((بەرەو فانۆسی دەریای))(٧٤) (١٩٢٧ز) و ئەوی تر ((ویلیەم فۆکنەر))ە کە رۆمانی ((رق و هاتوهاوار))ی [٧٥]ی خۆی لە ساڵی (١٩٣١ز)دا بەم شێوەیە نووسی. ئێستا ڕۆمان نوسەکان، بابەتەکانی شەپۆلی هۆش یا مەنەلۆگی دەرونی، تەنها وەکو ئامرازێکی هونەری بە



کاردێنێن بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتیەکان و بە شێوەیەکی گشتتی هەموو ڕۆمانەکەیان بە تەواوی ناخەنە بە ردەست ئەم شێوە نوسینەوە. سەرەرای ئەمەش ئیتر ئەمڕۆ شێوازی بەخەیاڵدا چوون، شێوازێکی ئاسایی و لەباو کەوتووە.

١٠- **رۆمانی دەروونی:** رۆمانێکە باس لە کەسایەتی ناوەوەی کەسەکانی داستان، ئەنگیزەکانی پشت کارەکانیان، چالاکییەکانی ناوەوە و دەروونی کەسەکان (کە لە کار و رووداوە دەرەکییەکان سەرچاوە دەگرن و فراوان دەبن)و بارودۆخەکان دەکات. هەروەها هەندێ جار کاردانەوەی دەروونی و زەینی کەسەکان لە بەرامبەر هەندێ لە رووداو و دیاردەکان روون دەکاتەوە. بە دەربڕینێکی تر ئەم جۆرە ڕۆمانەزۆرتر لەگەڵ ژیانی عاتیفی و زەینی مرۆڤەکاندا سەرۆکاری هەیەو زیاتر گرینگی دەدات بە شیکردنەوە و راڤەکردنی کەسایەتی تا(پلۆت) و (ڕووداو). ڕۆمانی دەرونی تەنها بەشیکردنەوەی ڕووداوەکانەوە ناوەستێ، بەلکو هەولیش دەدا(بۆچی) کردە و رووداەکانیش دەربخات.

بێگومان هەموو رۆمانەکان و ئەو بەرهەمانەی کە سوودبەخش بن کەم و زۆر سود لە شیکردنەوە و تاوتوێکردنی دەروونی وەردەگرن.

واتە تێدەکۆشن پێ بنێنە جیهانی زەینی، دەروونی و سۆزی کەسەکان. لەم رووەوە، لەناو زۆر لە بەرهەمە کۆنەکانیشدا دەتوانرێ جۆرە تێکۆشانێک لەرووی سوود وەرگرتن لە توێژنەوە دەروونییەکان ببینرێ. بۆ نموونە لە هەندێ لە چیرۆک و حەکایەت، شانۆنامە و گۆرانییە کۆنەکاندا (Ballads)، هەوڵ دراوە تایبەتمەندییە تایبەتییەکانی کەسایەتییە سەرەکییەکان شیبکرێنەوەو هۆی ئەنجامدانی کارەکانیان روون بکرێنەوە.



PDF4Kurd

بۆ نموونە ((ترولیوس و کریسید))[٧٦] دەکرێ بە جۆرێک ((ڕۆمانی دەروونی بەهۆنراوە)) و ((هاملێت))ی[٧٧] ((شکسپیر))[٧٨] بە جۆرێک لە ((شانۆنامەی دەروونی)) بزانرێن. (ئەگەرچی زۆربەی شانۆنامەکانی شکسپیریش تاڕادەیەک دەروونین). ڕۆمانی دەروونی بە قسەی یەکێک لە ڕەخنەگران، جۆرێک ((ڕوونکردنەوە و توێژینەوەی ژیانی نەبینراوی)) مرۆڤە.

یەکەم جار زاراوەی ڕۆمانی دەروونی بەبەرهەمی کۆمەڵێک لە نووسەرەکانی سەدەی نۆزدەیەم وتراوە. هەندێک لە گرنگترین نووسەرانی ئەو سەدەیە کە زۆربەیان ڕۆمانی دەروونییان دەنووسی بریتی بوون لە خاتو ((گاسکل))، ((جۆرج ئەلیوت)) و ((جۆرج مردیپ))[٧٩]. ((ڤاگری)) و ((چارلز دیکنز))یش، لە بەرهەمەکانیاندا تا ئاستێکی زۆر لەبارەی شیکردنەوەی دەروونی و ئەنگیزەی کەسەکانەوە دواون.

بۆیە لەوانەیە بتوانرێ ئەمانەش بە نووسەرە پێشەنگەکانی ڕۆمانە دەروونییەکان بژمێردرێن. ((دۆستیۆڤسکی)) و ((تۆلستۆی))یش دوو کەس لە دیارترین ئەو ڕۆمان نووسانەن کە ڕۆمانی دەروونیان نووسیوە.

دۆستیۆڤسکی لە ڕۆمانی ((تاوان و سزا))دا، ئەشکەنجەی دەروونیی بکوژێک بەچاکترین شێوە تاوتوێ دەکا و شیدەکاتەوە. تۆلستۆی لە ڕۆمانی ((ئاناکارنینا))[٨٠] بەدەروونزانینێکی قووڵەوە دەست لە دەروونی ئاڵۆزی ژنێک وەردەدات. هەروەها نووسەرانی وەک ((تۆماس هاردی)) و ((جوزێف کۆنراد))[٨١]یش لە بەرهەمەکانی خۆیاندا گرنگیان بە ڕوونکردنەوەی ئەنگیزە دەروونی و بارودۆخە مەعنەوی و دەروونییەکانی کەسەکان داوە و ئارەزوومەندییان لەم بارەیەوە پیشانداوە.

پاشان(هزری جیمز) بەسەرنج و ووردبینیە قوڵەکەی بۆ ژیانی دەروونی کەسەکان، و فراوانکردن وپەرەپێدانی شێوەیەک لە ڕۆمان لە ڕاستای



نواندنی هەرچی زیاتری ئەوکاریگەری یانەی کە ڕوویداوە دەرەکی یەکان لەسەر دەرونی مرۆڤی دادەنێن، بووبە بناغەدانەری ڕۆمانی دەروونی نوێ. لەسەدەی بیستەمدا لەگەڵ پێشکەوتن وبە زانستی بوونی دەروونناسی، زاراوەی ڕۆمانی دەروونی بوو بە زاراوەیەکی جیهانی، بەجۆرێک کە ئیمڕۆ هەموو خەڵک سوود لەم زاراوەیە وەردەگرن. ((فرۆیدیزم))یش تەنووری ڕۆمانی دەروونی گەرمتر کرد. ئیمڕۆ نووسەرانی ڕۆمانی دەروونی یا وەک ((هنری جیمس)) هەموو توانای خۆیان بۆ نووسین و یادداشتی ئەزموونەکانی دەروونی کەسایەتییەکانیان بەگەڕ دەخەن یان وەک ((فۆکنەر)) و ((جۆیس)) سوود لە ((مۆنۆلۆگی دەروونی)) وەردەگرن تا ژیانی وەسف نەکراوی مەعنەوی- دەروونی و ویژدانی نەستی کەسەکان ڕوون بکەنەوە.

**١١- ڕۆمانی هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی:** بەبێ کەم و زیاد ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هەموو ڕۆمانەکان، ڕۆمانی هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتین، چونکە لە ڕۆماندا وێنەی کۆمەڵە کەسایەتییەک دەکێشرێت کە پەیوەست بە چین یا گرووپێکی دیاریکراون و لە کۆمەڵدا سەر بە دابونەریت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایەکی تایبەتن، بەڵام ڕۆمانی هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەت، ڕۆمانێکە کە هەڵس و کەوت و نەریتەکانی ((کۆمەڵێکی بەستراو)) ڕوون دەکاتەوە و فاکتەرەکانی، وەک دابونەریتی کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوت، نەریتەکان، ڕەوشتەکان و خووخدەکانی چینێکی دیاریکراو لەو کۆمەڵگایە دا(لەکات و شوێنێکی تایبەتدا) دەکاتە بنچینە و پایەی کاری خۆی. لە ڕۆمانی ((هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی))ی ڕاستەقینەدا، نەریت، هەڵسوکەوت



PDF4Kurd

و نەریتەکانی گرووپێکی تایبەت پێناسە دەکرێن و بەدرێژی و زۆر بەوردی، شیدەکرێنەوە.

هەروەها پیشاندەدرێت کە ئەم دابونەریتانە چەند بەهێزن و بەسەر ژیانی خەڵکدا زاڵن.

رۆمانەکانی ((هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی)) زۆربەیان - هەڵبەت نەک هەمیشە- هەجوویی و تەنزاوین و نووسەرەکانیشیان پەیڕەوی لە دانانی چیرۆک بەشێوەی ریالیزمیانە دەکەن. هەندێک کەس ((رۆمانی مێژوویی))یش بەرۆمانی ((هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی)) دەزانن، بەو جیاوازییەوە کە لە رابردوودا رووودەدات، هەندێک لە رەخنەگران وتوویانە لەبەر ئەوەی رۆمانەکانی ((هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی)) پێوەندییان بەلایەنی رووی دەرەکی و روخساری کەسەکانەوە هەیە، کەم نرخترن لەو رۆمانانەی باس لە دەروون و ناوەوەی کەسەکان دەکەن، بەلام لەم لایەشەوە، هەندێ لە رەخنەگرانی تر لەو بروایەدان کە ئەگەر بەپێی پێویست، رۆماننووس لەکاری خۆیدا سەرکەوتوو بێت، دەتوانێت بە نووسینی رۆمانی هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی وێنەیەکی تەواو لەو کۆمەڵانە بکێشێت کە کەس و تاکەکان پەروەردە دەکەن. ئەگەرچی لە کۆمەڵگایەکدا کە ئازادی کۆمەڵایەتی تێدا نییە و پێوەندیو شێوەی قسەکردنی خەڵکەکە وشک و رەسمییە و پێوەندی قووڵی نێوان خەڵکان بوونی نییە، کەسەکان- کە لەو کۆمەڵگایەدا دەژین و ناچارن بارودۆخ و هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگایە رەچاو بکەن- سادە و وشک و رەسمی دەردەچن. ((خۆ بەزلزانی و دەمارگیری))[٨٢] ((جین ئوستن))، یەکێکە لە چاکترین نموونەکانی رۆمانی ((هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی)).



١٢- **رۆمانی دێهاتی یا شوانی:** گۆڕەپانی رۆمانە شوانییەکان، گوندەکانن، واتە چیرۆکی ئەم جۆرە رۆمانانە لە گوند روودەدا. بەلام مەرج نییە هەموو رۆمانە گوندییەکان تایبەت بن بە ژیانی شوانان، ەوە، لە پێش هەموو شتێکدا خراپ نییە دوو جۆر لە رۆمانی دێهاتی، واتە ((رۆمانی گوندی زەینی و خەیاڵی)) (Romantic) و ((رۆمانی گوندی ریالیزمی)) لە یەکتر جیا بکەینەوە:

**أ- رۆمانی گوندی خەیاڵی:**

لەم جۆرە رۆمانانەدا بەشێوەیەک ژیانی گوندنشینی شیدەکرێتەوە کە گوایە وەک بەهەشتە. هەروەک شوان خۆی پالخستوە و شمشاڵ دەژەنێ و، ژنێک دێ گۆرانی دەڵێت و هەموو شتێک بەتام و جوانە. بێگومان لەوانەیە هەندێک لەم بۆچوونانە لەمەڕ ژیانی شوانی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، سەرچاوەییان لە گرنگی شوان لە ئایینی جوولەکە و مەسیحیەتدا وەرگرتبێت. هەروەک خودی مووسا و مەسیح (د.خ) لە ژیانی خۆیاندا شوان بوونە، سەرەرای ئەمە بەبۆچوونی خەڵک ژیانی شوانێتی سومبۆلێک بووە لە ژیانێکی ئارام و نەبڕاو و خۆش و پەیوەست لەگەڵ پێش ئەوکاتەی کە ئادەم (د.خ) لە بەهەشتدا دابەزی.

جۆرێکی تری رۆمانە گوندییە خەیاڵییەکان، رۆمانس ((چیرۆکە دڵداری و پڕ رووداوەکان)) شوانی، بوون. ئەم جۆرە رۆمانە،گێڕانەوەی پەخشانی و درێژ بوون کە پلۆتییێکی ئاڵۆزیان هەبوو. هەروەها کەسایەتییەکانیان ناوی گوندیان هەبوو، و خوونەریتی گوندایەتی لەسەر ژیانیان فەرمانڕەوا بووە. وەک (ئارکادیا(٨٣)- ١٥٩٠ز)، (فیلیپ سیدنی)[٨٤] و (روزالیند[٨٥] ١٥٩٠ز)ی ((لۆج))[٨٦] کە شکسپیر شانۆی ((بەهەر شێوەیەک ئارەزووی ئێوەیە))[٨٧] لەمەوە وەرگرتووە.



PDF4Kurd

**ب- ڕۆمانی دێهاتی ریالیزمی:**

ڕۆمانی دێهاتی ڕیالستی، باس لە ڕوونکردنەوەی ڕەنج و موسیبەت و نەخۆشی و دەمارگیری و خوێن ڕشتن و ئەو شەڕانە دەکات کە لە ئەنجامی هەژاری و دەمارگیری و نەفامییەوە لە گوندەکانەوە ڕوو دەدەن)).

سەرەڕای ئەوەی کە سادەیی و بێگەردی، پێوەندی قووڵ، قەشەنگی مرۆڤ، برایەتی و یەکگرتوویی گوندییەکان پیشاندەدات. بەزۆری کەسایەتییەکانی ڕۆمانی گوندی ڕۆژهەڵاتی، لە چینی خوارەوە و لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکاش بەزۆری لە چینی ناوەندین. لە ڕۆمانە گوندییەکانی ڕۆژئاواییدا دەتوانین ڕۆمانی ((پارێزگاری کاستر بریج))(٨٨) لە نووسینی ((تۆماس هاردی)) و لە نموونەی ڕۆمانە گوندییەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆمانی ((حەمەدۆک))لە نووسینی یەشار کەمال ناوببەین.

**١٣- ڕۆمانی خاک:** ڕۆمانی خاک جۆرە ((ڕۆمانێکی ناوچەی))یە کە ڕۆماننووس تێیدا ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ فاکتەرە سروشتییەکاندا (دەربارەی چاندن و خاک) لە پێناوی مانەوە و بەردەوامیی ژیان، ڕاڤە و وەسفدەکات. ئەو جۆرە لە ڕۆماننووسی کە چیرۆکەکەی بەزۆری لە گوند و شوێنێکی دووردەستدا ڕوودەدات بەگشتی لە سەدەی بیستەم کەوتە سەرپێ و ڕەواجی پەیداکرد. دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە ناونیشانی ((ڕۆمانی خاک)) زیاتر ئاماژە بە ((بابەتی کار و ناوەڕۆک)) دەدات نەک بە شێوازەکەی. بەڵام بەزۆری کە باس لە ((ڕۆمانی خاک)) دەکرێت ئاماژە بە ڕۆمانێک دەکرێ کە لە گوند دا ڕوودەدات و، بەشێوازێکی ریالیزمیانە (Realistic) یا سروشتگەرایانە Naturalistic دەنووسرێت. لەنێو ئەو نموونانەی کەشیاوی باسن بۆ ((ڕۆمانی خاک)) دەتوانین ڕۆمانەکانی ((خاکی نەچێنراو))[٨٩]ی (١٩٢٥ز) ((ئالن گلاشگۆ))[٩٠]،



((زەمەنی ئادەمیزاد))[٩١]ی ((ئەلیزابێت مادۆکس ڕۆبێرتز))[٩٢]، ((ڕێگای تووتن))[٩٣]ی (١٩٢٣ز) ((ئەرسکین کالدوێل))، ((هێشوەکانی تووڕەیی)) (١٩٣٩ز)ی ((جۆن شتاین بێگ)) و ((درەختی مرۆڤ))[٩٤]ی (١٩٥٦ز) ((پاتریک وایت))[٩٥] ناوببەین.

**١٤- ڕۆمانی سیاسی- کۆمەڵایەتی یا ڕۆمانی کێشە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان:** ڕۆمانێک بە ڕۆمانی سیاسی- کۆمەڵایەتی ناودەبرێت کە خاوەنی ڕوونکردنەوەی وردی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بێت و ئەو کارە لە ڕێگەی ڕووداو و کەسەکانەوە ئەنجامبدات، بێگومان ئەگەر فراوانتر تەماشای بکەین، لەوانەیە بتوانین بڵێین کە زۆربەی ڕۆمانەکان یا دارشتنە چیرۆکییەکان، هەڵدەستن بە خستنەڕووی کێشەیەکی ئاڵۆز- کە کۆمەڵایەتییە- چونکە هەمیشە ((ململانێ)) (Conflict) یا ((پلۆتی چیرۆک)) بەرەنجامی بەربەرەکانی و تێکچڕژانی چەند فاکتەرێکە لە چیرۆکدا و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ورووژاندنی مەیل و ئارەزوومەندی خوێنەر بۆ چیرۆک کە بە گومانەوە چاوەڕوانی ئەنجامی ڕووداوەکان دەکات. بەڵام ئەم زاراوەیە وردە وردە بۆ جۆرێکی تایبەت لە چیرۆک دەقی گرت. هەڵبەتە هەندێ جاریش لەڕووی بێ سەرنجییەوە، بە ڕۆمانگەلێک کە بۆ مەبەستێکی تایبەت، یا بۆ نواندنی باوەڕێکی دیاری کراو دەنوسرێن، ڕۆمانی سیاسی ــ کۆمە ــ لایەتییان پێ دەگوترێ، کە باشترە ئەم ڕۆمانانە بە ڕۆمانە باوەڕیەکان یا بە پڕوپاگەندەییەکان ناو ببرێن. چونکە ئەو جۆرە ڕۆمانانە بۆ بەرگری یا دژایەتی چینێکی دیاریکراو دەنووسرێن یا پڕۆپاگەندە بۆ شێوازێکی تایبەت لە ژیان یا بۆ کەلتوورێکی تایبەت دەکەن. بەڵام بۆچی نووسینی ڕۆمانە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکان (واتە ئەو ڕۆمانانەی کە مەبەستی ڕوونکردنەوەی کێشەیەک لە کێشەکانی کۆمەڵگایان هەیە، نەک



PDF4Kurd

بەو نیازەی کە پرۆپاگەندە بۆ بیروباوەڕێکی تایبەت بکەن) کارێکی باو و بەرەواجن؟ چونکە پاڵەوانەکانی چیرۆک لەنێو خەڵکدا هەڵدەبژێردرێن و خوێنەریش هەر لەبەر هەمان هۆ ئارەزووی خوێندنەوەی چیرۆکەکەی لەلا دروستدەبێ و مرۆڤەکانیش بیانەوێ یا نەیانەوێ هەمیشە دەرگیری کێشە ((ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان)) یاخود کێشەی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی خۆیانن. هەر لەبەرئەوەشە رۆمانە ریالیزمییەکان- هەروەک دەزانین- هەمیشە کایەی کۆمەڵگا بۆ ناونیشانی چیرۆکی خۆیان، هەڵدەبژێرن و، مەسەلە سەختە کۆمەڵایەتییەکان لە ((دارشتنی چیرۆکەکانیان))دا دەگونجێنن. بەهەر حاڵ سەنتەری سەرەکی ئەم جۆرە رۆمانانە کێشە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان و رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤەکانە لەگەڵیاندا.

١٥- **رۆمانی کەسایەتی:** رۆمانی کەسایەتی رۆمانێکە کە بەگشتی سەروکاری لەگەڵ تێڕوانینی قووڵی کەسایەتی و گۆڕانکارییەکانیان هەیە یاخود ،ئامانجەکەی گەیشتنە بە یەکگرتوویی دارشتنی چیرۆک و پێکهاتەی بەرهەمەکە. کەواتە هەروەک ئاشکرایە رۆمانی کەسایەتی ئەوەندە گوێ ناداتە خستنەڕووی رووداوی سەرسوڕهێنەر (وەک رۆمانی رووداو).

١٦- **رۆمانی دژە رۆمان:** دژە رۆمان جۆرە بەرهەمێکی ئەزموونییە کە یاسا و نەریت و شێوەکانی چیرۆکبێژی و رۆماننووسی رابردوو ژێر پێ دەخات. لەم جۆرە رۆمانەدا، رۆماننووس هەوڵنادات بەشێوەیەکی ریالیستی هەموو شتێک بەواقعی نیشانبدات یاخود سوود لە شێوازی سروشتگەرایی (Naturalism) وەربگرێت، بەڵکو پەیڕەوی لە یاسا ریالیستییە تایبەتییەکانی خۆی دەکات. واتە لێیناگەڕێت خوێنەرەکان هاودەرد و هاوناسنامە بن لەگەڵ کەسایەتییەکاندا، بەڵام لە هەمان کاتدا خوێنەرەکان هاندەدات



PDF4Kurd

بەشداریی لە رووداوەکانی چیرۆکەکەدا بکەن. (بێگومان نەک لە جیاتی کەسایەتییەکانی چیرۆک). بۆ ئەوەی بتوانرێت بەتەواوی دژە رۆمان لە رۆمانە ئاساییەکان جیابکرێتەوە، دەبێ بۆ نموونە بەرهەمەکانی ((تۆماس هاردی)) و ((هێنری جیمز)) لەگەڵ بەرهەمەکانی ((ناباکۆف)) یا ((ساموئیل بێکت))[٩٦] دا بەراوردبکرێن و تێبینی ئەوە بکرێت کە چۆن بەرهەمەکانی ((ناباکۆف)) یا ((بێکت)) دەچنە قاڵبی دژە رۆمانەوە. بێگومان زاراوەی دژە رۆمان (Anti- Novel)، زاراوەیەکی گونجاو نییە، چونکە لەوانەیە زۆر کەس تووشی هەڵە بکات.

دەکرێ قۆناغ و هەنگاوەکانی پرۆسەی گۆڕینی رۆمان بۆ شێوەی تازە دەرکەوتوو ((دژە رۆمان)) لە رێگەی تاقیکردنەوە نوێ و زۆر گرنگەکانی ((جیمس جویس)) (لە رۆمانەکانی ((ئۆلیس)) و ((هۆشیاریی خانەوادەی فینگان))[٩٧] ((ڤێرجینیا وۆلف)) (لەگەڵ رۆمانەکانی ((خاتو دالان)) ((شەپۆلەکان))[٩٨] و ((بەرەو فانۆسی دەریایی))) و ((ساموئیل بێکت)) و (بەتایبەتی لە نووسینە سەرەتاییەکانی)دا ئاشکرابکرێن. دەڵێن کە ((لارنن ستێرن)) زۆر لەپێش ئەوانەوە -تارادەیەک- سەرنجی دابووە توانای گۆڕینی رۆمان بۆ دژە رۆمان و لە ((تریسترام شندی))شدا (١٧٦٠-١٧٦٧ز) دەستی دا بووە ئەزموون گەلێک لەم بەستێنە دا (زەمینە)..

**بەهەر حاڵ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دژەرۆمان ئەمانەن:**

أ- دژەرۆمان دارشتنێکی چیرۆکیانەی دیاریکراو و روونی نییە؛

ب- سوود لە رووداوی پەرش و بڵاو وەردەگرێت؛

ج- کەسایەتییەکان لەو جۆرە رۆمانانەدا زۆر کەم دەگۆڕدرێن؛

د- بە شێوەیەکی رواڵەتی و درێژدادڕی کەرەستە و شتەکان شیدەکاتەوە.

هـ- زۆر سوود لە دووبارە کردنەوە وەردەگرێت؛.

و- هـەمیشە دەست دەداتە ئـەزموونگـەلی نـوێ، لـە پێوەنـدی لـەگـەڵ و وشەکانی زمان و، ڕستەسازی و خاڵبندیدا.

ز- هەمیشە بەدوای یەکدا هاتنی کات لە چیرۆکەکەدا تێکدەدات؛

ح- هەمیشە لە ئەنجامدا شوێنی یەکەم و کۆتایی چیرۆکەکە دەگۆڕێت،

**بەڵام تایبەتمەندییە لە رادەبەدەرەکانی دژە رۆمان ئەمانەن:**

أ- دەتوانرێ لاپەڕەکانی لـە یـەکتر جیابکرێنـەوە، بەشێوەیـەک کـە یـەک لەدوای یەک نەبن.

ب- دەکرێت لاپەڕەکانی وەک کۆمەڵە کارتێکی هاوفۆرم لـەگـەڵ یـەکتردا تێکەڵبکرێن.

ج- هەندێ لە لاپەڕەکانی رەنگکراون.

د- هەندێ لە لاپەڕەکانی سپین.

ە- نووسـەرەکـەی بـۆ شـوێن دانـان سـوود لـە شێوازی تێکـەڵاو یـان پێکەوەلکاندنی وێنە و شتەکان (کۆلاژ) وەردەگرێت؛.

و- سوود لە (هێڵکاری) وەردەگرێت.

ج- سوود لە پیت و خەتی هێروگلیفی (خەتی وێنەیی) وەردەگرێت.

گرنگترین ئەو کەسانەی کە رۆڵیان لەبواری دارشتنی قاڵبی نوێی (دژە رۆمـان)دا گێـڕاوە- بێجگـە لـەو کـەسـانەی پێشتر ناومـان هێنـاون -ئـەم نووسەرانەن: ((سارتەر))[٩٩] (لە دژە رۆمانی((دڵرابوون))[١٠٠] لە ١٩٣٨ز)دا. ((موریس بلانشۆ))[١٠١] (دژە رۆمانی ((تۆماسی نەناسراو))[١٠٢] لە ١٩٤١ز) ((کـامۆ))[١٠٣] (لـە ((بێگانـە))[١٠٤] لـە ١٩٤٨ز)، ((فیلیپ تـوینبی))[١٠٥] (لـە دژە رۆمـانی ((خواردنـەوەی چـایی لـەگـەڵ خـاتوو گودمـەن))(١٠٦) لـە ١٩٤٨)، ((ئـاڵان رۆب گـریێ)) (لـە دژە رۆمـانی ((ئێـرەیـی))[١٠٧] لـە ١٩٥٧ز)،



((بوتور))[١٠٨] (لە دژە رۆمانی ((کات رابواردن))[١٠٩] لـە ١٩٥٧)، ((نابـاکۆف)) لەگەڵ بەرهەمی ((ئاگری کز)) لە ١٩٦٢ز)، ((رینر هێپن ستال))[١١٠] (بـە دژە رۆمانـەکانی ((لـە نێوان))[١١١] لـە ١٩٦٢ز و ((لۆکە چنـەکان))[١١٢] لـە ١٩٦٩)، ((کریستین بـروک روز))[١١٣] (لـە بـەرهـەمـی ((دەرەوە))[١١٤] -لـە ١٩٦٤ز- و ((ئـەو جـۆرە))[١١٥] -لـە ١٩٦٦ز- هـەروەهـا ((لـەنێـوان))[١١٦] لـە ١٩٦٨) لـە کۆتاییشدا ((کلۆدسیمۆن))[١١٧] (لە دژە رۆمانی ((رێگایەک بەرەو فلاندەرەکان))[١١٨].

١٧- **رۆمانی دڵداریی پڕ رووداو:** لـە تایبەتمـەندییە گرنگـەکانی رۆمـانی دڵـداریی پـڕ رووداو ئـەوەیـە کـە لـە رادەبـەدەر بایـەخ بـە دروستکردنی رووداوو کـردەوەی داستانی دەدات و بـەزۆری ئـەو رووداوانـەی کـە دەیانخاتەڕوو، لەسەربنەمای خۆشەویستی و رووداو خولقێنی و شـەڕ و ململانێوە (کە سەرەنجامەکەشی بە خێروخۆشی کۆتایی پێدێت) دامەزراون.

زاراوەی ((دڵـداریی پـڕ رووداو)) (Romantic) ریشـەی لـەو چیرۆکانـەدا هەیە کە پێیان دەگوترێت ((رۆمانس)) (چیرۆکی دڵداری پڕ رووداو) کە لە سـەدەکـانی نـاوەڕاسـتدا خوێندنـەوە و نووسـینیان رەواجـی هـەبـوو. رۆمانسەکان ئەو چیرۆکە پڕ رووداوانە بوون کە ئەکتەرەکانیان بریتی بـوون لـە جـەنگـاوەر و پادشـا بـەناوبانگـەکـان، هـەروەهـا ژنـە دڵتـەنگ و خـەمبـارەکـان. پاڵـەوانـی رۆمانسـەکـان واتـە جـەنگـاوەر و پادشـاکان- کـە تـاڕادەیـەکـی زۆریـش بلیمـەت بـوون- بـەزۆری بـەبـێ بـەڵگـە رووداویـان دەخوڵقاند، بـەڵام هـەنـدێ جـاریش مـەبـەستیان لـە خوڵقانـدنی رووداوێک خۆشـەویستی ژن، پـارە، سـوودی تاکـەکـەسـی یـاخود بـاوەڕی ئـایینی بـوو. بێگومان لە پاشان ((رۆمانە دڵداری و پڕ رووداوەکان)) تـۆخمی نوێیـان بـۆ رۆمانسـەکـان زیـادکرد و ((رۆمانسـی نـوێ)) واتـە ((رۆمـانی دڵـداری و پـڕ



PDF4Kurd

رووداو)) یان هێنایە ئاراوە. ((رۆمانە دڵداری و پڕ رووداوەکان)) گرنگی بە دروستکردنی کەسایەتی نادەن و وەک رۆمانس زیاتر هەوڵی راڤەکردنی رووداو و بەسەرهاتەکان دەدەن؛ بەڵام لەو رووەوە کە چیرۆکەکانیان لە هزری نووسەرەوە هەڵقوڵاون، زیاتر لە چیرۆکەوە نزیکن نەک رۆمانی خەیاڵی. بێگومان رۆمانە دڵداری و پڕ رووداوەکانیش تەواو وەک رۆمانسەکان هەوڵدەدەن خوێنەر سەرگەرم بکەن، تائەوەی کە بیانەوێت بە واقعییەتەکانی ژیانی ئاشنابکەن.

گوتمان کە باسکردنی ((دڵداری و دڵداربوون)) لە تایبەتمەندییە گرنگ و بەرجەستەکانی ((رۆمانی دڵداری پڕ رووداو))ە. بەڵام بەزۆری ئەو دڵداری و مەیلە پڕ لە سۆزە لەنێوان کەسایەتییەکانی چیرۆکدا -وەک ئەوەی لە رۆمانی ((بابردەڵە))ی ((مارگرێت میچل)) دادە بینین- پێکچوونێکییان نییە، لە پەیوەندی ئاسایی و سروشتی نێوان کەسەکاندا. هێشتا رۆمانە دڵداری و پڕ رووداوەکان- وەک رۆمانی ((پشتکوری نۆتردام))[۱۱۹]ی ((هۆگۆ))- سوود لە شوێن و زەمینە ترسناک و ئاماژە پێ کراوەکانی رۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست وەردەگرن. بەڵام لەوانەیە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە رۆمانانە تێڕوانینە خەیاڵی و زەینییەکەیان بێت بۆ ژیان. بەواتایەکی تر، لە رۆمانی دڵداری پڕ رووداودا هەموو شتێک رەش یان سپی دەبینرێت. واتە کەسەکان یا بەتەواوی باشن یاخود پیس و شەڕەنگێزن. لەرووی رۆمانە دڵدارییە پڕ رووداوەکانەوە هەرکەسێک یان شەیتانە یاخود فریشتەیە، ئاستێکی ناوەندی لەنێوانیاندا نییە و، لەوەش گرنگتر لەو جۆرە رۆمانانەدا سەرەنجام خاوەن ماف بە مافی خۆی دەگات، چاکە سەردەکەوێت و تاوانبار بەسزای کارەکەی دەگات و بکوژ بەسزای خۆی و خاوەن هەقیش، بەمافی رەوای خۆی دەگات و دادپەروەری بەرقەرار دەبێت و ئەگەر کاتێک ناعەدالەتییەک، یا ستەمێک دەبینین،



هۆیەکەی تێنەگەیشتنە، یاخود هەڵەیەک لە گۆڕێدا بووە. لێرەدا واباشە بۆئەوەی هەموو رۆمانە دڵدارییە پڕ رووداوەکان وەکو یەک حیساب نەکەین. جیاوازییەک لەنێوان دوو جۆر لەو رۆمانەدا دیاری بکەین:

أ- هەندێک لەو رۆمانانە واقیعی ژیان و رووداوە راستەقینەکان روونەدەکەنەوە، واتە سوود لە شوێن و زەمینە و نیشانەی ئاڵۆز و سەرسوڕهێنەر و نامۆ وەرناگرن، بەڵام جۆری روانینی ئەوان بۆ ژیان و کێشەکانی رواڵەتیی و زەینییە. بۆ نموونە لە رۆمانی ((لەخۆبایی بوون و دەمارگیری)) ((جین ئوستن))دا کەسەکان واقعی و بەرجەستەن و زەمینە و شوێن و رووداوەکان هەمووی وەک رووداو و بەسەرهاتە ئاساییەکانی ژیانن، بەڵام نووسەر زیاتر باسی کێشە ڕواڵەتی و کۆنەکانی ژیان و ئەو هەڵە تێگەیشتنانە دەکات کە لە ((لە خۆبایی بوون و دەمارگیری)) یەوە پەیدا بوون، تا ئەوەی کە باسی کێشە قوڵەکانی ژیان بکات، کەسەرەنجام کەسایەتییە سادەو ڕواڵەتییەکانی (جین ئوستن)یش دەگەنە ئەو ئەنجامەکە لە خۆبایی و دەمارگیربوون. و دواجار جیاوازی و کێشەکانیان دەخەنە لاوە و، چیرۆکەکە بەچاکی و خۆشی تەواودەبێت.

ب- لە جۆرێکی تری ئەو رۆمانانە دا (وەک رۆمانی ((خاتوو بۆڤاری))[۱۲۰]ی ((فلۆبێر)))یش کەسایەتییەکان و پلۆتی چیرۆکەکانیش زەینی و نا واقیعین؛ بەڵام جۆری تێڕوانینی رۆماننووس بۆ ژیانێکی ریالیزمیانەیە، بۆ نموونە لە رۆمانی ((خاتوو بوڤاری))دا، ((ئاما)) کەسایەتی سەرەکی رۆمان، کەسێکی خەیاڵاوییە و بە ژیانە دیاریکراوەکەی لە گوندێکی بچووکدا، وبە مێردەکەی ئەگەرچی دکتوریشە، بەڵام لەبەرئەوەی وەک گوندیەکانە، ڕازی نییە، هەربۆیە دەیەوێت بێ ئەوەی کە سەرنجی واقیعیەتی ژیان بدات بگاتە ژیانێکی وەکو پێویست و خەیاڵی، بەڵام لەجیاتی ئەوە، رووبەڕووی رووداوی ترسناک دەبێتەوە و دەبێتە هاودەمی کەسانێک کە



PDF4Kurd

له كۆتاييدا دەبنە هۆی خليسكان و لەناوچوونی، هەرچەندە لەو رۆمانەدا ((فلۆبێر)) كەسايەتييەكی خەياڵی و خەياڵ پەرست رووبەرووی رووداوە زەينی و خەياڵييەكان دەكاتەوە، بەڵام لە كۆتاييدا نيشاندەدات كە چۆن كەسايەتييەكی خەياڵ پەرست و رۆمانتيك- ئەگەر بيەوێت چاو لە واقعيەتە ئاشكراكانی ژيان بپۆشێت و بەپێی ئارەزوو وخەياڵييەكانی بژی- لەژێر كوتكی راستی و كێشە ئاڵۆزەكانی ژياندا وردوخاش دەبێت. رۆمانەكانی ((بەرزاييە باگرەكان)) ((ئەميلی برونتێ)) ((خەمەكانی ورتەری لاو))[١٢١]ی ((گۆتێ))و ((رۆمانەكانی ڤيورلی)) (كۆمەڵە رۆمانێك دەربارەی سكۆتلەندا)ی ((ڤۆڵتەر سكات)) هەروەها تارادەيێك ((بێ سەرپەرشتان))[١٢٢]ی ((ڤيكتۆر هۆگۆ))ش بەشێكن لە رۆمانە دڵدارييە پڕ رووداوەكان.

١٨- **رۆمانی بيروباوەڕ يا پروپاگەندەيی:** بەشێوەی سەرەكی بەو رۆمانە دەگوترێت رۆمانی بيروباوەڕ يا پرۆپاگەندەيی، كە كێشەيەكی تايبەتی كۆمەڵايەتی، سياسی، ئابووری، ئەخلاقی يا گيروگرفتێكی ئاڵۆز بە بنەمای كاری خۆی دابنێت و پاشانيش بەناوی بەرگريكردنەوە بەسەختی بەرگری لە بيروبۆچوونی ئەو كێشە ياگيروگرفتە بكات. بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێك هەوڵبدات لە رێگەی رۆمانەوە رێگايەك بۆ سەلماندنی بۆچوونی تايبەتيی سياسی و كۆمەڵايەتی و ئابووری،....تاد. خۆی نيشانبدات، لەوانەيە -لەكاتی نووسينی رۆماندا- كەسايەتی و شوێنەكان بەجۆرێك رێكوپێك بكات كە لەگەڵ تيۆر يا بيروباوەڕەكەی بێتەوە و لە ئەنجامدا ناتوانێت بەو شێوەيەی كە پێويستە پەردەكانی رووداوەكە يا كەسايەتييەكان بە واقعی بێنێتە بەرچاو.

هەربۆيەش بەرهەمەكەی رەنگ و رووی پرۆپاگەندەيی بەخۆوە دەگرێت. هەڵبەتە لەكاتێكدا ئەگەر ئەو هەل و مەرج و ئەو قۆناغەی كە



دەبێتەهۆی هێنانە ئارای رۆمانی پروپاگەندەيی، تێپەربێ و هێشتا بەرهەمەكەش بۆ خوێندنەوە بشێ، دەبێ بگوترێ كە ئەو رۆمانە شتێكی بالاتری لە پروپاگەندەو دابينكردنی پێويستييەكانی، هێناوەتە ئاراوە. بەرهەمی پرۆپاگەندەيی بێلايەن نييە، چونكە لەبنەرەتدا بە مەبەستی بڵاوكردنەوەو پرۆپاگەندەكردن بۆ بيروباوەڕ يا بۆچوونێكی تايبەت دەنووسرێت. هەندێ لەو نووسەرانەی كە هەوڵيان داوە لە رێگەی بەرهەمەكانيانەوە بيروباوەڕی كۆمەڵايەتی، سياسی يا ئايينی بڵاوبكەنەوە و نيشانی هەموو خەڵكی بدەن، ئەمانەن:-

((هـ ج. ولز))[١٢٣] ((جۆرج بێرنارد شۆ))[١٢٤]، ((هيلر بلاك))[١٢٥]، ((ج. ك. چسترنون))[١٢٦]، ((كالزورثی))[١٢٧] و ((برتۆلت برێخت))[١٢٨].

زۆربەی رۆمانە پرۆليتارييەكان (Proletarian Novel) -كە بە مەبەستی رەنگدانەوەی گيروگرفتەكانی كرێكاران و هاودەردی لەگەڵياندا، دەنووسرێن- يان رۆمانە تيۆردانەر و ئامانج دارەكان ( Purpose Novel or Thesis Novel)يش بەشێكن لە رۆمانە بيروباوەڕييەكان. رۆمانە پرۆليتارييەكان ئەو جۆرە رۆمانانەن كە باس لە ژيان و كێشەی چينی كرێكار دەكەن و بەزۆری لە پاش روونكردنەوەی باری ژيانی ناخۆشی كرێكاران و بارودۆخی دارماوی ئابووری، بيروباوەڕ و بۆ چوونێكيش بلاودەكەنەوە. بەزۆری رۆمانە پرۆليتارييەكان بەر لە شۆڕشە كۆمەڵايەتييەكان دەنووسرێن و بەرگری و خەباتی چينی كرێكار بەرامبەر بە ناعەدالەتی و نايەكسانييە كۆمەڵايەتييەكان روون دەكەنەوە و پێشبينی رووداني شۆڕش دەكەن. كەسايەتييەكانی رۆمانە پرۆليتارييەكان- هەروەك لەناونيشاندا ديارە- بەزۆری لە چينەكانی خوارەوەی كۆمەڵن و لەنێو كرێكاراندا هەڵدەبژێردرێن و لەو شوێنەوە كە ئەو جۆرە رۆمانانە زياتر پێشبينی كاری رووداني شۆڕش يان زيادكردنی گڕ و تينی خەڵك بۆ



PDF4Kurd

گرتنەبەری شۆڕش دەکەن، ئاشکرا نییە کە لە پاش شۆڕشەکان (لە رووی فۆرم، مایە و بەرژەوەندی) چ چارەنووسێک لە چاوەڕوانیاندایە و چۆن درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

رۆمانەکانی، ((عەشق بەرامبەر بەخششی رۆژانی بێکاری))[١٢٩] نووسینی ((ڤۆلتەر گرین وود))[١٣٠] لە (١٩٣٣ز) و ((دایک))ی ((مەکسیم گۆرگی))[١٣٠] و، هەندێک لە رۆمانەکانی بلۆکی رۆژهەڵات کە بە ئاشکرا پرۆپاگەندە بۆ سۆسیالیزم دەکەن، بەشێکن لە رۆمانە پرۆلیتارییەکان. ئەو رۆمانانەی کە بۆ خستنەڕووی تیۆرێک (Thesis Novel) یان بە مەبەستێکی تایبەت (Purpose Novel) دەنووسرێن، بەگشتی بە مەبەستی فێرکاری، راوێژ یان هێنانە ئارای چاکسازی لە رەگ و ریشەی کۆمەڵدا، بەرەو مەسەلە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینییەکان دەڕۆن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەزۆری هەندێک لە کەموکوڕی یان گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا دەکەن. لەنێو ئەو جۆرە رۆمانانەدا هەندێکیان لەوانی تر زیاتر شیاوی باسن، کە بریتین لە: ((شین بگێڕە وڵاتە خۆشەویستەکەم))ی ((((ئالان پیتون)) لە (١٩٤٨ز)، ((سەرکردەی مێشەکان))ی ((ویلیام گۆلدینگ))[١٣٣] لە (١٩٥٤ز)، ((دارستان))ی ((ئەپیتۆن سینکلەر)) لە (١٩٠٦ز)، ((ئالتن لاک))[١٣٤] نووسینی ((چارلز کینگزلی)) لە (١٨٥٠ز) و ((کۆلیتەی مام تام))ی خاتوو (هاریت بیچراستو)) لە (١٨٦٣ز).

١٩- **رۆمانی کلیلدار:** رۆمانێکە کە تێیدا نووسەر سوود لە کەسایەتی و رووداوە واقیعییەکان وەردەگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی فۆرمێکی چیرۆکیانە بە بەرهەمەکەی خۆی ببەخشێ، ناوی کەس و نیشانەکان دەگۆڕێت، بۆ ناوی چیرۆکی و، لەو رووەوە ناوی ((کلیلدار))یان بۆ داناوە کە ناسینی ناسنامەی راستەقینەی کەسەکان بەمانانی کلیلی تێگەیشتنی وردی ئەو جۆرە



رۆمانانەیە. بەزۆری رۆمانی کلیلدار بە مەبەستی هەجو و رسواکردنی کەسە بەناوبانگەکان دەنووسرێت. لەوانەیە باشترین نموونەی رۆمانی کلیلدار رۆمانی ((کێڵگەی ئاژەڵەکان))[١٣٥]ی ((جۆرج ئۆرێل))[١٣٦] بێت کە تێیدا هەریەک لە ئاژەڵەکان لە راستیدا یەکێکن لە سەرکردە، سیاسییەکانی سۆڤیەتی پێشوو، لە نموونەکانی تری ((رۆمانی کلیلدار)) دەتوانین ناوی ئەم رۆمانانەش ببەین. (خۆریش هەڵدێ))ی ((ئەرنێست هەمەنگوای))، ((خاڵ و خاڵی بەرامبەری))[١٣٧]ی ((ئالدس هاکسلی))[١٣٨] (کە هاکسلی لەم رۆمانەدا تارادەیەک بە ئاشکرا سوودی لە کەسانی وەک ((دیڤید هێربێرت لارنس))[١٣٩] ((ئازولد موزلی))[١٤٠] و ((میولتن مێری)) بەناوی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی وەرگرت)، زۆر لە رۆمانەکانی ((سۆمرست مۆم)) (کە هەندێک کەس لەبەرئەوەی کە لە رۆمانەکانیدا هەوڵی نەدەدا ناوی کەسەکان و نیشانەکانی بگۆڕێت، لۆمە و سەرزەنشتیان دەکرد) و رۆمانی ((نیوەی رێی بە هەشت))ی ((سەعید نەفیسی))یش.

٢٠- **رۆمانی گۆتیک (تۆقێنەر و ترسناک):** لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ((گۆتیک)) بریتی بوو لە جۆرە شێوازێکی بیناسازی بە بنمێچی گومبەزین و نمایەکی گرژ و پڕ لۆچ و گومبەزی نوک تیژ و کۆڵانی تەسک و تالاری گەورە و تاریک و ئەو ستونانەی کە لە سەرەوە شێوەی بنمێچی یان هەبوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا ئەو شێوازەی بیناسازی سەرلەنوێ (بەتایبەتی لە بەریتانیا دا) رەواجی پەیدا کردەوەو و لە هەمان قۆناغدا- بۆ وەڵامدانەوەی نیوکلاسیکییەکان کە حەزیان لە عەقڵ و هەستی رواڵەتی دەکرد- ئەو جۆرە رۆمانە دروست بوو کە سوودی لە و فەزاو شوێنانە وەردەگرت کە لە چیرۆکەکانی خۆیدا و لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەوەیە، کە روویان لە پاڵەوانێتی و مێرخاسی و بەناوبانگی



PDF4Kurd

کردبــوو و سوودیــشیان لــە شــتە نهێنــی و جادووییــەکــان وەردەگــرت. ناونیشانی ڕۆمانی ((گۆتیک)) لە ڕۆمانێک بەناوی ((کۆشکی ئاترانتۆ))[142] وەرگیراوە کە ((هۆراس والپول))[143] (١٧١٧-١٧٩٧ز) لە ساڵی ١٧٦٤زدا نووسی. ((کۆشکی ئاترانتۆ)) چیرۆکێکە لە سەدەی دوازدەیەم و سێزدەیەمی زایینی ڕوودەدات و پڕە لە بێ بەزەیی و هەوەس بازی و تاوانباری و خوێنڕێژی (هەروەک لەو چیرۆکەدا تارماییەکی دڕندەیش هەیە). ئەم بەرهەمە وەک تۆوێک بوو کە دواتر گەشەی کرد و بووە هۆی فراوانی و پێگەیاندنی شێوەیەک لە ڕۆماننووسی- ڕۆمانی گۆتیک-. لەوانەیە بەشێک لەو ناولێنانە بە بەڵگەی ئەوە بێت کە ((والپول)) لەناو کۆشکێکی بچووک (لە نزیک لەندەن)دا نیشتەجێ بوو- و ڕۆمانی ((کۆشکی ئاترانتۆ))ی لەو شوێنەدا نووسی- کە خانووەکەش شێوە و فۆرمی بیناسازی گۆتێکی هەبوو. یاخود لەبەرئەوە بووبێت کە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی پەیوەندی بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەبوو و تێکەڵی شتە مەترسیدارەکان و خوێنڕێژی و دڕندایەتی بوو. بەهەرحاڵ ((والپول)) لە ڕۆمانی ((کۆشکی ئاترانتۆ))- کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕوودەدات- بۆ یەکەم جار سوودی، لە شوێنی وەک کۆلانە تەسکەکان و شوێنی پەڕینەوە و ڕێڕەوی ژێرزەمینی و سارداوەکان و دەرگا و ڕێگای تەڵەئامێز و پلیکانی تاریک و ترسناک ئەو ژوورانەی کە دەرگا و پەنجەرەکانیان بێ هەوا بوون و کتوپڕ دادەخرێن، وەرگرت.

زۆربەی ڕۆمانە گۆتیکییەکانی ڕابردوو چیرۆکەکانیان ترسناک بوون، بەجۆرێک کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیاندا مووی لەشی گرژ دەبوون و خوێنی لەشیشی سارد دەبۆوە. هەروەها کەسانی بلیمەت و سەیرو سەمەرە ، شوێن پێیان لەو جۆرە ڕۆمانانەدا هەبوو و بەزۆری چیرۆکەکانیان لە کۆشک و خانووە گەورەکاندا ڕوویان دەدا کە شوێنی



هاتوچۆی تارماییەکان بوون و داڵانی نهێنی و ژێرزەمینی تاریک و گۆڕستان و پلیکانە ئاڵۆز و خوار و خێچەکان و فەزای چڕ و تاریک و ترسێنەریان هەبوون، یەکسەر نەمان و مردنی بە خەیاڵی خوێنەردا دەهێنا. ئەمانە هەمووی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە ئەنجامی هاتووچۆی ڕۆح و تارماییەکان بوون- کە هاوکات هاتوهاواریشی لێ دەکەوتەوە- تەواودەبوون، کەسەکانی شێوازی کۆنی ئەو ڕۆمانانە، تارمایی و کەسانی شێت و هەندێ جاریش پاڵەوانەکان بوون، لە جۆرە نوێیەکەشدا ئاژەڵی وەک پشیلە ڕەشەکان، ڕۆحە ترسێنەرەکان و هاوسەرە ستەمکارەکان و خزمەتکارانی پیر بەژێستی ترسناک و ژنانی نەخۆش و پەککەوتوو....تادیان بۆ زیاد کرا. هەڵبەت لەم جۆرە ڕۆمانانەدا کەسەکان ئەوەندە گرنگ نین و چیرۆکەکە تا ئەو ئاستە پەرو باڵیان پێدەدات کە ڕووداوەکە بەرەو پێشەوە ببەن. کەواتە باری سەرەکی ڕۆمانی گۆتیک لەسەرشانی ڕووداوەکان و دارشتن و شوێن و فەزایە، کە هەموویان ڕێککەدەکەون تا ترس و دڵەڕاوکێ – کە ئامانجی سەرەکی ڕۆمانەکانی گۆتیکە- برژێننە ناوگیانی خوێنەرەوە. ڕۆمانە گۆتیکییەکان کاریگەرییان خستە سەر بەرهەمی هەندێ لە نووسەرە ناودارەکانیش. بۆ نموونە دەتوانرێ کاریگەریی ڕۆمانە گۆتیکییەکان لەسەر بەرهەمەکانی: ((هۆفمان))[144]، ((والتەر سکۆت)) ((ئەدگار ئالان پۆ))، ((ئاتانیل هاوتوون)) و ((برونتێ))یەکان (((ئەمیلی))، ((ئان)) و ((شارلۆن))) ببینرێن. تەنانەت ((چارلز دیکنز))یش لە ((بلیک هاوس)) و[145] (١٨٥٣ز) ((ئارەزووە گەورەکان))دا لە (١٨٦١ز) لەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیی یان بە خاتوو ((هاڤی شام))[146]وە هەیە) کاریگەریی ڕۆمانە گۆتیکییەکانی پێوە دیارە. لەنێو بەرهەمە گۆتیکییەکاندا دەتوانرێ ئاماژە بۆ ئەم بەرهەمانە بکرێ:



PDF4Kurd

((شمـشێری درێـژ))[١٤٧] نووسـینی ((تۆمـاس لیلنـد))[١٤٨] لـه (١٧٦٢ز)، ((بارۆنی کۆنی ئینگلیز))(١٤٩) نووسینی ((کلارا ریڤۆ))(١٥٠) له (١٧٧٨ز)، (نهێنییـهکـانی کۆشـکی ئـادۆلفۆ))[١٥١] نووسـینی ((ئـان راد کلیـف))[١٥٢] لـه (١٧٩٤ز) ((تۆڵـهی کوشـنده))[١٥٣] نووسـینی ((ج. ر. مچـورین))[١٥٤] لـه (١٨٠٧ز)، ((فرانکنشتاین))[١٥٥] نووسینی ((ماری شیلی))[١٥٦] له (١٨١٨ز) که بـه بـهرهـهمـهکه بوو بـه دایکی فیلمـه ترسـناکهکـان- رۆمـانی گۆتیکی لـه بهرههمێکی تهواو توقێنهر و ترسناکهوه گۆری بۆ بـهرهـهمێک که دهیـهوێ ئهو ترس و دڵـهڕاوکێیـهی که کۆمـهڵگا و مرۆڤایـهتی تـهنیوه بخاتـهڕوو). ههروهها ((درا کولا))[١٥٧] نووسینی ((برام ئستوکر)) له (١٨٩٧ز) [١٥٨].

لـه سـهردهمـی ئێـستادا لـهبـهر زیـادبوونی ژمـارهی خوێنـدهواران و پهیدابوونی کتێبی بچووک (گیرفانی) سـهرلـهنوێ رۆمانی گۆتیک گیانێکی تازهی کهوتوه تـهوهبـهر، هـهروههـا فیلمـه ترسـناکهکانی وهک ((دراکۆلا)) و ((فرانکنشتاین)) هۆکارێک بوون بۆ ژیانهوهی ئهو جۆره رۆمانانه.

ئهمڕۆ ههندێ گۆڤاری تایبهتی ئهوتۆ بڵاودهبنهوه- که سهرهرای ئهوهی لـه هێنـانی نـاوی گۆتیک خـۆ دهپـارێزن- بـهڵام بـه تـهواوهتـی بـهرهـهمـه گۆتیکییهکان چاپدهکهن. بێگومان رۆمانـه گۆتیکییـهکانی ئێستا ئیدی کهمتر سـوود لـه شـوێن (کۆشـک و ژێـرزهمـین) و فـهزای سـهدهکانی نـاوهڕاسـت وهردهگرن. ئهمڕۆ رۆمانه گۆتیکه واقعیهکان ههوڵدهدهن که ئهو فهزایانه بـه فـۆرمێکی تـر دروسـتبکهن- بـۆ نموونـه چیرۆکـه زانستییه ترسـناکهکـان- ههوڵدهدهن خوێنهرانی خۆیان به شته نادیار و نهناسراوهکان بترسێنن.

٢١- **رۆمانی تۆمار و بهڵگهیی:** رۆمانێکه کـه لـهسـهر بنـهمـای شـایهد و بهڵگهنامه و دکیۆمێنت دهنووسرێت و بهڵگهنامه و دکیۆمێنتهکانی ئهم جۆره



PDF4Kurd

رۆمانانه له گوتاری رۆژمانهکان، رێپۆرتاژ و دۆسییهکانی دادگا، زانیاری کۆکراوه له ئهرشیفهکاندا و دوایین و نوێترین بهڵگهنامهی رهسمی پێکدێن.

هـهنـدێ نموونـهی لـه یادنـهچـووی ئـهو جـۆره رۆمانـه بـریتین لـه: ((تراژیدیای ئهمریکی))[١٥٩] نووسینی ((تیۆدور درایزر))[١٦٠] له (١٩٢٥ز)دا و ((کوشتنی به ئهنقهست))[١٦١] نووسینی ((ترومن کپوتی))[١٦١] له (١٩٦٦ز)دا.

جۆرێکی تری رۆمانه بهڵگهنامهییهکان ئهو رۆمانانهن که چیرۆکهکانی له رووداو و رێپورتاژه گرنگهکانی رۆژهوه- که نووسـهری رۆمـان خـۆی لـهو شـوێنهدا ئامـادهبـووه-. وهرگیـراون وهک رۆمـانی ((ئـهمریکـای ئـارام))[١٦٣] نووسینی ((گراهام گرین))[١٦٤] له (١٩٦٣ز)دا و ((پێڵاوهکانی ماسیگر))[١٦٥] نووسینی ((موریس وێست))[١٦٦] له (١٩٦٣ز). یهکێک له سـهرنج راکێشترین رۆمانه بهڵگهییهکان، رۆمانێکه بهناوی ((له ههرێمی ئازاد دا))[١٦٧] نووسـینی ((و. س. تی پال))[١٦٨] له (١٩٧١ز)دا که تێیدا سـهرهرای سـوود وهرگرتن له شێوازی تۆمار و بـهڵگـهیی، سـوودی لـه شـێوازی ئـاسـایی چیرۆکنووسـیش وهرگرتووه.

٢٢- **رۆمانی نامهکاریی:** له رۆمانی نامهکاریدا گێڕانهوهی چیرۆک زیاتر بهشێوهیهکی تهواو له رێگهی نامـهکانی یـهک یـا چـهند کهسـێکهوه ئهنجام دهدرێت، ئهم شێوازه چیرۆکنووسییه دهرفهتێک دهخاته پێش نووسهر تا:

* ههست و کاردانهوهی کهسـهکان- بهبێ ئهوهی که ئامادهبونی سهختی خـودی نووسـهر بـهسـهر چیرۆکدا بسهپێنێت- بـه باشـترین شـێوه روون بکاتهوه.

* بـهشـێوهیـهک بنووسـرێت تـا خوێنـهر وا هـهسـتبکات کـه راسـتهوخـۆ ئامادهیه لهناو دهقی ئهم رووداوهدا، چونکه بهزۆری نامهکان لهکاتی قهیران یاخود لهکاتێکدا دهنووسرێن که بارودۆخ و رووداوی ناخۆش له ئارادان.

* رووداو یاخود چیرۆکێک- لە ڕێگەی نامە و نووسینەکانی ئەو کەسە جیاوازانەی کە لەوانەیە لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بن، یاخود لەرووی تێگەیشتن و خوێندنەوەوە ئاستیان جیاواز بێ- لە چەندین گۆشەوە ببینرێن و بگێڕدرێنەوە.

سەرەرای ئەوانە کاتێ کە خوێنەر ڕۆمانێکی نامەکاریی دەخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات کە نووسەر بەتەواوەتی ڕێکخەری نامە ڕاستەقینەکان بووە و بەم پێیە چیرۆکەکە واقعی تر خۆی دەنوێنێ، هەروەها لەبەر چۆنیەتی ئەو شێوازە، ڕۆمان حاڵ و هەوایەکی ڕاستگۆیانە وەدەست دێنێ و سەرنجی خوێنەر بە توندی ڕادەکێشێت. هەروەها ڕۆمانە نامەکارییەکان مەیدانێکی فراوانتر دەخەنەبەر دەستی کەسەکان یا نووسەرە سۆزدارەکان تا بەهۆی ئەمانەوە سۆز و هەستەکانیان بە ئاسانی روون بکەنەوە و تاوتوێیان بکەن.

بەڵام کەموکوڕیش لەو جۆرە چیرۆک نووسییەدا هەیە. لەوانە ئەوەیە کە هەندێ جار شتی دروستکراو و باوەڕ پێنەکراو دەکەونە بەرچاو، چونکە واپێدەچێ کە نووسەرانی نامەکان بڕیاریان داوە کە لە هەر هەلومەرجێکدا بن، دەست بۆ پێنووس ببەن و نامە بنووسن، هەروەها کەسانی تریش هەمیشە لە چیرۆکەکەدا ئامادەن تا نامەکانیان بەبێ وەستان بخوێننەوە و هەندێ جار وەڵامیش بدەنەوە. سەرەرای ئەوەش ئەو شێوازە لە گێڕانەوەی چیرۆک پێویستی بە دووبارە کردنەوەی زۆرە، هەروەها ناهێڵێت خوێنەر و نووسەر بەتەواوەتی لەیەکتر نزیک ببنەوە. چونکە نووسەر ناچارە تەنیا ڕۆڵی ڕێکخەر ببینێت و ڕاستەوخۆ خۆی بخاتەژێر دەسەڵاتی نامە نووسینی کەسەکانی چیرۆکەکەوە و بەو شێوەیە دەتوانێت بەڕادەی پێویست لە کەسانی ناو چیرۆکەکەی بکۆڵێتەوە. لەوانەیە هەر لەبەر هەمان هۆش بووبێ ((چین ئوستن)) کە خۆی لە پەیڕەوانی ((ریچارد سۆن)) بۆ و



(ئەو نووسەرەی کە ڕۆمانەکانی بەم شێوەیە دەنووسی)، شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی بەڕێگای نامەوە وەلاناو گۆشەنیگای ((گێڕەرەوەی هەمووشت زان))- کە شێوەیەکە زیاتر نەرمی دەنوێنێ- بۆ نووسینی چیرۆکەکانی خۆی هەڵبژارد.

ڕۆمانی نامەکاری لەسەدەی هەژدەیەمدا، واتە بەزۆری لەوکاتەوە کە ((سامۆئیل ریچاردسۆن)) ڕۆمانی ((پاملا))ی بەم شێوەیە نووسی (١٧٤٠ز) بوو بە سەرەتایەک و بەرەواج کەوت؛ لەوەو پاش بووە جێی سوود لێوەرگرتنی ئەو ڕۆماننووسانەی کە ((ڕۆمانی سۆزداری)) یان دەنووسی. لەپێش ڕۆمانی ریچاردسۆن، شێوەی نامەکاری زۆرتر لەسەر بوردە و چیرۆکە ئەخلاقی و کۆمیدییەکاندا بەکاردەهات، بۆ واقیعیتر پیشاندانی یان. یاخود بۆ ئەوەی کە بەجۆرێک ترش و خوێی سەفەر نامەکان و ئەو پڕوپاگەندانەی کە بۆ بێ ئابڕوویی تاکەکان یا نووسینە نیمچە مێژووییەکان زیاتر بکات، کەڵکی لێ وەردەگیرا، یان ڕێگایەک بوو بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ناو دڵی ژنە عاشقەکان. بەڵام ((ریچاردسۆن)) ئەم شێوەیەی گۆڕی و کامڵی کرد.

لە ڕۆمانەکانی ریچاردسوندا سوود لە دوو شێوە لە شێوازەکانی گێڕانەوەی چیرۆک وەرگیراوە بەڕێگەی نامەوە:

أ- لە ڕۆمانی ((پاملا))دا نامەکان لە ڕێگەی کەسایەتی سەرەکی و لە کاتی ڕوودانی ڕووداودا دەنووسرێن.

ب- لە ڕۆمانی ((کلارسیا)) (١٧٤٨ز)دا چەند کەس لەگەڵ یەکتر نامە دەگۆڕنەوە، هەڵبەت پەیڕەوانی ((ریچاردسۆن)) شێوەی چیرۆکنووسییەکەی ئەویان فراوانتر کرد و فۆرمی نوێتریان بۆ زیاد کرد کە ئەمانەن:



PDF4Kurd

١- شێوەیەک کە سەرجەم چیرۆکەکە یا رۆمانەکە بە هۆی نامەیەکەوە دەگێردرێتەوە.

٢- شێوەیەک کە چیرۆک لە رێگای ئەو نامانەی کە هەندێ کەس بۆ برادەرەکانی خۆیانی دەنووسن فراوان دەکرێت و بەزۆریش بۆ ئەوەی کە پێش لە دووبارەکردنەوە بگێرێت، وەلامی نامەکان لە رۆماندا ناهێت.

٣- شێوازی سوود وەرگرتن لە نامە نووسین وێرای نووسینەوەی رووداوەکان یاخود نووسینی یادداشتەکانی رۆژانە.

٤- شێوەیەک کە تێیدا چەند کەسێک- کە چیرۆکەکانیان لە گرنگییەکی یەکسان بەهرەمەندن- لەگەڵ یەکتردا نامە دەگۆڕنەوە.

٥- شێوەیەک کە تێیدا بەرێکەوت سوود لە نامەوەردەگرێت، ئەویش لە ناوەرۆکی گێرانەوەی ڕاستە و خۆی چیرۆکەکەدا.

٦- شێوەیەک کە چیرۆک لە رێگەی نامەکانی نامەنووسێکەوە- کە نامەکانی راستی رووداوەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگرێتەخۆ- دەگێردرێتەوە.

لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئێستا نووسەران پێشوازییەکی وەهایان لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک لەرێگای نامەوە نەکردووە؛ بەلام زۆر لە رۆمان نووسان جاربەجار لە رۆمانەکانی خۆیاندا سوودیان لە شێوازی نامەنووسینیش وەرگرتووە.

لە نموونەکانی تری رۆمانە نامەکارییەکان دەتوانین ناوی ئەم رومانانەش بێنین. ((هۆمفری کلینکر))[١٦٩] لە نووسینی ((توبیاس جۆرج سمۆلت))[١٧٠] لە (١٧٧١ز)، ((ئیولینا))[١٧١] لە نووسینی ((فانی برنی))[١٧٢] لە (١٧٧٨ز) و ((پەیوەندییە مەترسیدارەکان))[١٧٣] لە نووسینی ((پیرچودرلوس دولاکلوس))[١٧٤]



٢٣- **رۆمانی ناوچەیی:** رۆمانی ناوچەیی رۆمانێکە کە سەرنجێکی تایبەت بە ناوچەیەکی دیاریکراو دەدا و هەوڵدەدات کە بەووردی نەریت و شێوەی قسەکردن و رەفتار و نەریتی کۆمەلایەتی و مێژوو و کەلتوور و بیروباوەڕی خەڵک لە رێگەی چیرۆکەوە نیشانبدات، بەواتایەکی تر نووسەری رۆمانی ناوچەیی هەوڵدەدات کە هزر و بیری خۆی بخاتە سەر ناوچەیەکی تایبەت و ئەو کەسانەی کە لەم ناوچەیەدا دەژین بە بنەماو پایەی کاری خۆی دابنێت و نیشانبدات، کە ئەم ناوچەیە بەتایبەتی، چۆن کاردەکاتە سەر ژیانی خەڵکەکە. بێگومان رەنگە شوێنی سوود لێوەرگرتنی رۆمانی ناوچەیی تێکەلاوێک لە گوند و شار واتە هەردووکیان بێ یا یەکێک لەم دوانە بێت. بۆ ئەوەی کە بزانین رۆمان ناوچەییەیان نا دەبێت تەماشابکەین کە ئایا دەتوانرێ رووداو و کەسەکانی ئەم رۆمانە- بەبێ ئەوەی زیانێکی بنەرەتی بە چیرۆکەکە بکەوێت- لە ژینگە و هەلومەرجێکی تردا دابنرێن یان نە.

یەکەمین نووسەرێک کە توانی پەی بە ئەگەری سوود وەرگرتن لە کەسەکانی ژینگەیەکی تایبەت و پەیوەندی بەرامبەر لەنێوان ژینگەیەکی تایبەت و کەسایەتییەکان ببات، کەسێک بوو بە ناوی ((ماریا ئەدجەوەت))[١٧٥] لە (١٧٦٧-١٨٤٩ز)؛ کە لە نموونەی رۆمانەکانی ئەودا دەتوانرێ ناوی رۆمانی ((بلیندا))[١٧٦] لە (١٨٠١ز)دا ببردرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا نووسەرانی (وەک ((برێت هارت))[١٧٧]، ((مارک تۆین))، ((جۆرج واشنگتون کیبل))، ((سارائورن جویت))[١٧٨]، ((مێری ی. ویلکیتر فریمن))[١٧٩]) لە ئەمریکای باکوور پەیدابوون کە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆیان لەپێناو روونکردنەوەی بارودۆخی سروشتی، بیناکان و شێوەی قسەکردن و جلوبەرگ و ئەخلاق و رەفتار و شێوەی هزری خەڵکی لەناوچەیەکی تایبەتدا - لە رێگای چیرۆکەوە- بەگەڕخست. ئەوەندە بە



PDF4Kurd

ماندوو نەناسی و سەختی لەو رووەوە چوونە پێشەوە کە ئەم گرنگی دانە بەناوچەیەکی تایبەت، بوو بە شۆڕشێک لە جیهانی نووسیندا، هەڵبەت هەموو چیرۆکەکان بەزۆری لە شوێن و ناوچەیەکی تایبەت روودەدەن، بەلاّم نووسەرانی ئەم شۆڕشە -زۆربەیان- لە بنەڕەتدا چیرۆکیان بۆ مەبەستی وەسف و روونکردنەوەی خەڵک و لایەنی ژیان و ناوچە تایبەتی یەکەیان دەنووسی.

سێ کەس لە بەناوبانگترین نووسەرانی رۆمانە ناوچەییەکان ((تۆماس هاردی)) (کە ناوچەی ((وسیکس))ی بەریتانیای لە بەرهەمەکانیدا زیندوو کردەوە) ، ((ئارنۆلد بنت))[١٨٠] (کە چیرۆکی زۆر لەبەرهەمەکانی لەبەریتانیادا ڕویان داوە، بەتایبەتی لە سێ ڕۆمانیدا کە لە بارەی (پێنج شار)ەوە نووسیونی. ((ویلیام فۆکنەر)) (کە لە چیرۆکەکانیدا وێنەی ژیانی خەڵکی لە باشووری ئەمریکای باکووردا کێشاوە) بوون. لەنێو نووسەرانی تری رۆمانە ناوچەییەکاندا دەتوانرێ ناوی ((ئەمیلیا پاردو پاتان))[١٨٣]، ((گراتسیادلدا))[١٨٤]، ((ئەیڤ ئاندریچ))[١٨٥] و ((جۆن ژونو))[١٨٦] بهێنرێت.

٢٤- **ڕۆمانی نوێ:** هەروەک دیارە ئەم زاراوەیە لەو کاتەدا لە ڕەخنەی ئەدەبی فەرەنسیدا سەری هەڵدا کە ((ئالان ڕۆپ گرێی)) لە ساڵی (١٩٥٥ز) چەند گوتارێکی لە گۆڤارەکانی ئەوکاتەدا لە بارەی ((چۆنیەتی و ئایندەی ڕۆمان))ەوە نووسین. بێگومان پاشان ئەم گوتارانە لە کتێبێکدا بەناونیشانی: ((لەبارەی ڕۆمانی نوێ))[١٨٧] لە (١٩٦٣ز)دا کۆکرانەوە. شۆڕشی ڕۆمانی نوێ- هەڵبەت ئەگەر بتوانرێ ناوی شۆڕشی لێ بنرێ- لەو رووەوە کە هەموو میتۆد و ڕێککەوتنەکانی رابردووی ڕۆماننووسی رەت دەکاتەوە، بەشێکە لەو شۆڕشانەی کە تەمای شەڕی لەگەڵ کتێبەکانی رابردوودا هەیە. ((ڕۆپ گرێ))ش وەک پەیام بەری ئەم شۆڕشە زۆر لەو



ڕۆماننووسانەی پێش خۆی ((بەپیرە پیاوانی سەرەڕۆ)) دەزانی. لە ((ڕۆمانی نوێ))دا دارشتنی کاری چیرۆکی (زنجیرە رووداوی ڕێک)، شێوازە ئاساییەکانی گێڕانەوەی چیرۆک، هزر و بیروباوەڕ، وەسفکردن و روونکردنەوەی کەسایەتییەکان و تاد، هیچ قسە و باسێکیان لەسەر ناکرێ. بە بۆچوونی ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕۆمانی نوێ هەیە، دەبێت ڕۆمانی نوێ دەربارەی کەلوپەل و شتەکان (Things) بێت، واتە نواندن و دیتنی تاکێک بۆ هەبووەکان و شتە بەرجەستەکان یا بە دەربڕینێکی تر دەبێت، نوسێنکی ریک وپێک و شیکاری بێت لە بارەی شتە بەرجەستە و عەینییەکان(ohject). لەگەڵ ئەوەشدا کە بەکردار زۆر لە ڕۆمانە نوێکان هەر ئەم جۆرە بوون و ئێستاش هەر بەو شێوەیەن، بەلاّم لەوانەیە باشترین نموونەی ڕۆمانی نوێ لەم بارەیەوە ڕۆمانی بەرجەستە و بەهێزی ((گۆڕان))[١٨٨]ی ((میشێل بوتور)) بێت لە (١٩٥٧ز).

بێگومان تیۆرەکانی ئەوانەی کە باوەڕییان بە ڕۆمانی نوێ هەیە، لەبارەی ئەرک و فۆرمی ڕۆمانەوە، بەهیچ شێوەیەک تیۆری نوێ نین. بۆ نموونە ((جوریس کارل ئویسمانس))[١٨٩] زۆر لەپێش ئەمانە لێکۆڵینەوەی لەبارەی لایەنی هەڵسوکەوتی ڕۆمان لەگەڵ شت و کەلوپەلەکان و ئەوەی کە چۆن دەبێت هەڵسوکەوتە کەسییەکان لە ڕۆماننووسیدا بەلاوە بنرێن نووسی بوو. هەروەها ((کافکا))[١٩٠] نیشانی دابوو کە شێوەکانی بەڵێن نامەی ڕۆمان لە روونکردنەوە و وەسفکردنی کەسەکاندا، بەهیچ شێوەیەک ئیلزامی و زەروور نین یا ((جیمس جویس)) لە بەرهەمەکانیدا بەڕاشکاوی گوتبووی کە ڕۆمان ئەوە نییە کە هەردەبێ ((پلۆت))ی هەبێت. سەرەرای ئەمانە ((لویی فریناند سلین))[١٩١] لەناو زۆر لە ڕۆمانەکانی خۆیدا، ئەو بابەتانەی بەهەوێنی کارەکەی خۆی دانابوون کە لە پاشان وجودییەکان بونگەرامەکان (Existeniaists) و دامەزرێنەرانی نیهیلیسم (Absurdism) و



PDF4Kurd

(بەتايبەتی شانۆی پووچ)ی کردنە موريد و شوێن کەوتووی خۆی. هەمديس نووسەرانی وەک ((مارسل پرۆست))، ((وليام فۆکنەر))، ((ساموئيل بێکت)) و ((ئەلبێر کامۆ)) بە بەرهەمەکانيان نيشانيان دابوو کە دەتوانرێ زۆر لە پەيمانەکان و ميتۆدە ئاساييەکان لە رۆماننووسيدا بە ئاسانی بخرێنە لاوە.

بەهەرحاڵ ئەو رۆمانە نوێيانەی کە دەتوانرێ وەک نموونە لەم رووەوە ناويان بێنين ئەمانەن: ((وتەی کۆتايی))[١٩٢] لە (١٩٤٧ز) و ((يەزدان))[١٩٣] لە (١٩٤٨ز) نووسينی ((موريس بلانشو)) ((ئێرەيی)) لە (١٩٥٧ز) ((سەر لێ شێواو))[١٩٤] لە (١٩٥٩ز) نووسينی ((ئاڵن رۆب گرێ))، ((کات رابواردن)) لە (١٩٥٧ز) و ((قۆناغەکان))[١٩٥] (١٩٦٠ز) نووسينی ((ميشێل بوتور))؛.

((روخساری نەناسراوێک))(١٩٦) لە (١٩٤٧ز) و ((گوێتان لە دەنگيان دەبێ))[١٩٧] لە (١٩٧٢ز) نووسينی ((ناتالی ساروت))[١٩٨] ((خەڵەتاندن))[١٩٩] لە (١٩٤٥ز)، ((گژوگيا))[٢٠٠] لە (١٩٥٨ز)، ((چيرۆک))[٢٠١] لە (١٩٦٧ز) و ((شەڕی فارسل))[٢٠٢] (١٩٦٩ز) نووسينی ((کلودسيمۆن)).



## پەراوێزەکان

1- Hard Times.

2- yeast.

٣- charles king sely رۆحانی و رۆماننووسی ئينگليزی (١٨١٩-١٨٧٥ز).

4- Mary Barton.

٥- Elizabeth Gaskell رۆماننووسی ئينگليزی (١٨١٠-١٨٦٥ز).

6- Middlemarch.

٧- George washington cable نووسەری ئەمريکی (١٨٤٤-١٩٢٥ز).

٨- Richard Wright چيرۆکنووسی رەشپێستی ئەمريکی (١٩٠٨-١٩٤٠ز).

٩- Ralph Elison نووسەری رشپێستی ئەمريکی (١٩١٤- ؟).

10- Muck rakers.

١١- Thon Dos Passos نووسەری ئەمريکی (١٨٩٦-١٩٧٠ز).

١٢- Erskinc Cald well نووسەری ئەمريکی (١٩٠٣-١٩٨٧ز).

١٣- Games Thowas Farrell رۆژنامەنووس و رۆماننووسی ئەمريکی (١٩٠٤-؟).

١٤- Alan Paton نووسەری ئەفريقيای باشوور (١٩٠٢ ).

15- cry, The Beloved country.

16- The Vicar of wake field.

١٧- oliver Golds Mith شاعير و شانۆ نوس و رۆماننووسی ئينگليزی (١٧٢٨-١٧٧٤ز).

18- Man of Feeling.

١٩- Henry Mackenzie رۆماننووسی سکۆتلەندی (١٧٤٥-١٨٣١ز).

20- Adven tures of caleb willians.



PDF4Kurd

٢١- willian Godwin فەیلەسوف و ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٥٦-١٨٣٦).
22- The Murders in the Rue Morgue.
٢٣- Arthur Conan Doyle داستاننووسی ئینگلیزی (١٨٥٩-١٩٣٠ز).
24- Sherlock Holmes Stries.
25- Hol mes.
26- Dr. Watson.
٢٧- Agatha christie نووسەری ئینگلیزی (١٨٩١-١٩٧٦).
28- Hercule Poirot.
٢٩- Dorothy Sayers نووسەری ئینگلیزی (١٨٩٣-١٩٥٧).
30- lord Peter Wimsey.
٣١- Freeman Wills Crofts نووسەری ئیرلەندی (١٨٧٩-١٩٥٧ز).
٣٢- Edgar wallace نووسەری ئینگلیزی (١٩٧٥ -١٩٣٢ز).
33- Reeder.
٣٤- Georges Simenon نووسەری بەرەچەڵەک بەلجیکی (١٩٠٣).
35- Maigret.
36- The Unfortunate Traveller.
٣٧- Thomas Nash نووسەر و شانۆنووسی ئینگلیزی (١٥٦٧-١٦٠١).
38- Waverly Novels.
39- Scarlet Letter.
40- Gone With the Wind.
٤١- Margaret Mitchel نووسەری ئەمەریکی (١٩٠٠-١٩٤٩ز).
٤٢- Leo Tolstoi ڕۆماننووسی بەناوبانگی ڕووسی (١٨٢٨-١٩١٠).
43- War and Peace.
٤٤- William Makepeace Thackeray ڕۆماننوسی ئینگلیزی (١٨١١-١٨٦٣).



٤٥- Alexandre Dumas ڕۆماننووسی فەرەنسی (١٨٠٢-١٨٧٠ز).
٤٦- Victor Hugo شاعیر و ڕۆماننووسی فەرەنسی (١٨٠٢-١٨٨٥).
٤٧- Charles Read شانۆنووس و ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨١٤-١٨٨٤ز).
٤٨- Hervey Allen نووسەری ئەمەریکی (١٨٨٩-١٩٤٩).
49- T. H. White.
٥٠- Carola oman نووسەری ئینگلیزی (١٨٩٧).
51- Mary Stuart.
٥٢- Georgette Heyer ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٩٠٢-١٩٧٤).
٥٣- Emile Zola ڕۆماننووسی فەرەنسی (١٨٤٠-١٩٠٢).
54- Le Roman Experimental.
55- The Great Expectations.
56- David Copper Field.
57- L' Education Sentimentale.
58- Children of Violence.
٥٩- Doris Lessing نووسەری ئینگلیزی (١٩١٩- ).
60- Firday.
61- Three Musketeers.
٦٢- William James فەیلەسووف و دەروونناسی ئەمریکی (١٨٤٢-١٩١٠).
63- Principles of Pscychology.
٦٤- Foder Dostoevki گەورە ڕۆماننووسی ڕووس (١٨٢١-١٨٨١).
65- La Recherche du temps Perdu.
٦٦- Epictetus فەیلەسووفی ڕەواقی یۆنان، سەدەی یەکەمی زایینی.
٦٧- John Locke فەیلەسووفی ئینگلیزی (١٦٣٢-١٧٠٤).
٦٨- Edouard Dujardin نووسەر و ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (١٨٦١-١٩٤٩).



PDF4Kurd

٦٩- ؟

70- Leopold Bloom.

71- Stephen Daedalus.

72- Molly Bloom.

73- Mrs Dalloway.

74- To the Light house.

75- Sound and Fury.

76- Troilus and Criseyde.

77- Hamlet.

٧٨- William Shakespeare شـانۆنامەنووس و شـاعیر و ئـەکتـەری ئینگلیـزی (١٥٦٤-١٦١٦).

٧٩- George Meredith شاعیر و ڕۆماننووسی ئینگلیز (١٨٢٨-١٩٠٦).

80- Anna Kare nina.

٨١- Joseph Conrad ڕۆماننووسی لاهای بەرەچەڵەک ئینگلیزی (١٨٥٧-١٩٢٦).

82- Pride and Prejudice.

83-Arcadia.

84- Philip Sidney. شاعیر و نووسەری ئینگلیزی (١٥٥٤-١٥٨٦)

85- Rosalynde.

٨٦- Thomas lodge شاعیر و ئەکتەری ئینگلیزی (١٥٥٨-١٦٢٥ز).

87- As you Like it.

88- The Mayor of Caster bridge.

89- Barren Ground.

٩٠- Ellen Glasgow ڕۆماننووسی ئەمریکی (١٨٧٣-١٩٤٥ز).

91- Time of Man.



٩٢- Elizabeth Madox Roberts شـاعیر و ڕۆماننووسـی ئـەمریکی (١٨٨١-١٩٤١).

93- Tobacco Road.

94- The Tree of Man.

٩٥- Patrick Wite ڕۆماننووسی ئوسترالی (١٩١٢).

٩٦- Samuel Beckett نووسـەر و شانۆنووسی ئێرلەندی (١٩١٢).

97- Finnegans Wake.

98- Waves.

٩٩- Jean- Paul Sartre فەیلـەسووف و شـانۆنوس و ڕۆماننووسـی فـەرەنسی (١٩٠٥-١٩٨٠ز).

100- La Nausee.

١٠١- Maurice Blanchot ڕۆماننووس و ڕەخنەگری فەرەنسی (١٩٠٧).

102- Thomas L'obscure.

١٠٣- Albert Camus ڕۆماننووس و شانۆنووسی فەرەنسی (١٩١٣-١٩٦٠ز).

104- L' Etranger.

١٠٥- Philip Toynbee ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزی (١٩١٦).

106- Tea With Mrs Good man.

107- La Jalousie.

١٠٨- Michel Butor ڕۆماننووس و ووتارنووسی فەرەنسی (١٩٢٦).

109- L' Emploi du Temps.

١١٠- Ranyner Heppenstall شـاعیر و ڕەخنـەگر و ڕۆماننووسـی ئینگلیـزی (١٩١١).

111- Connecting Door.

112- The Shearers.



PDF4Kurd

113- Christine Brook-Rose.

114- out.

115- Such.

116- Between.

١١٧- Clande Simon نووسەری فەڕەنسی (١٩١٣).

118- Laroute de Flandrs.

119- Notre - Dame.

120- Madame Bovary.

121- The Sorrows of young werther.

122- Les Miserables.

١٢٣- Herbert Geeorge Wells ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨٦٦-١٩٤٦ز).

١٢٤- George Bernard Shaw شانۆنوس و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئیرلەندی (١٨٥٦-١٩٥٠ز).

١٢٥- Hilaire Belloc نووسەری ئینگلیزی (١٨٧٠-١٩٥٣).

١٢٦- Gilberth Keith Chesterton ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئینگلیزی (١٨٧٤-١٩٣٦).

١٢٧- John Gelsworthy ڕۆماننوس و شانۆنووسی ئینگلیزی (١٨٦٧-١٩٣٣ز).

١٢٨- Bertolt Brecht شاعیر و شانۆنووسی ئەڵمانی (١٨٩٨-١٩٥٦ز).

129- Love on the Dole.

١٣٠- Walrer Green Wood شانۆنووس و ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٩٠٣-١٩٧٤).

١٣١- Maksim Gorki نووسەری ڕووسی (١٨٦٨-١٩٣٦ز).

132- Lord of the Flies.

١٣٣- William Golding نووسەری ئینگلیزی (١٩١١).



134- Alton Locke.

135- Animal Farm.

١٣٦- George orwell ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٩٠٣-١٩٥٠).

137- Point Counter- Point.

١٣٨- Aldous Huxley ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئینگلیزی (١٨٩٤-١٩٦٣ز).

١٣٩- David Herert Lawrence ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨٨٥- ١٩٣٠ز).

١٤٠- Oswald Mosley زیندەوەرزانی ئینگلیزی (١٨٤٤-١٨٩١).

١٤١- Middleton Murry نووسەری ئینگلیزی (١٨٨٦-١٩٥٧).

142- The Castle of otranto.

١٤٣- Horace Walpole نووسەری ئینگلیزی (١٧١٧-١٧٩٧).

١٤٤- Ernest Theodor Wilhelm Hoffmann نووسەر و مۆسیقازان و نیگارکێشی ئەڵمانی (١٧٧٦-١٨٢٢).

145- Bleak House.

146- Havisham.

147- Long Sword.

148- Thomas Leland.

149- The old English Baron.

١٥٠- Clara Reeve ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٢٩-١٨٠٧).

151- Mysteries of Vdolpho.

١٥٢- Ann Radcliffe ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٦٤- ١٨٢٣ز).

153- Fatal Revenge.

١٥٤- Charles Robert Maturin ڕۆماننووس و دراماتیکی ئیرلەندی (١٧٨٠-١٨٢٤).

155- Frankenstein.



PDF4Kurd

١٥٦- Marry Shelley ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٩٧-١٨٥١).

157- Drocula.

١٥٨- Bram Stoker نووسەری ئینگلیزی بەڕەچەڵەک ئیرلەندی (١٨٤٧-١٩١٢).

159- An American Tragedy.

١٦٠- Theodor Dreiser نووسەری ئەمریکی (١٨٧١-١٩٤٥ز).

161- In cold Blood.

١٦٢- Truman Capote نووسەری ئەمریکی (١٩٢٤).

163- The Quiet American.

١٦٤- Graham Greene ڕۆماننووس و شانۆنووسی ئینگلیزی (١٩٠٤).

165- In The Shoes of Fisherman.

١٦٦- Morris West ڕۆماننووسی ئوسترالی (١٩١٦).

167- In afree state.

١٦٨- V. S. Naipaul نووسەری ئینگلیزی (١٩٣٣).

169- Hum phry Clinker.

١٧٠- Tobias George Smollett ڕۆماننووسی ئینگلیز (١٧٢١-١٧٧١ز).

171- Evelina.

١٧٢- Fanny Burney ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٥٢-١٨٤٠).

173- Le Lisaisons Dongereuses.

١٧٤- Pierre choderlos de lados نووسەری فەڕەنسی (١٧٤١-١٨٠٣ز).

١٧٥- Maria Edge worth ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٧٦٧-١٨٤٩).

176- Belinda.

١٧٧- Bret Harte نووسەری ئەمریکی (١٨٣٦-١٩٠٢ز).

١٧٨- Sara orne Jemett نووسەری ئەمریکی (١٨٤٩-١٩٠٩).

١٧٩- Mary E. Wilkins Freeman نووسەری ئەمریکی (١٨٥٢-١٩٣٠).



١٨٠- Arnold Bennet ڕۆماننووس و دراماتیستی ئینگلیزی (١٨٩٧-١٩٣١).

181- Five Towns.

182- Potteries.

١٨٣- Emillia Pordo Bazan نووسەری ئیسپانیای (١٨٥٢-١٩٢١).

١٨٤- Grazia Deledda نووسەری ئیتالی (١٨٥٢-١٩٢١).

١٨٥- Ivo Andric نووسەری یوگسلافی (١٨٩٢-١٩٧٥).

١٨٦- Jeam Giono نووسەری فەڕەنسی (١٨٩٥-١٩٧٠ز).

١٨٧- Pour Un Nauveau Roman.

188- La Modification.

١٨٩- Joris karl Huymans ڕۆماننووسی فەڕەنسی (١٨٤٨-١٩٠٧ز).

١٩٠- Franz Kafka شاعیر و نووسەری نەمساوی (١٨٨٣-١٩٢٤).

١٩١- Louis- ferdin and celine ڕۆماننووسی فەڕەنسی (١٨٩٤-١٩٦١).

192- Le Dernier not.

193- Le Tres - Haut.

194- Dans Le Labyrin the.

195- Degr's.

196- Portrait D'un Inconnu.

197- Vaus Les Entendez.

١٩٨- Nathalie Sarraute نووسەری فەڕەنسی (١٩٠٢).

199- Le Tricheur.

200- L' Herbe.

201- Histoire.

202- La Bataille De Pharsale.



PDF4Kurd

## رۆمانی ئەمڕۆ

((مالکام برادبری))

رۆمان کەم و زۆر شێوازێکی نوێی ئەدەبیاتە کە ئێمە بە زۆری خاڵی دەستپێکردنی لە ((دۆن کیشۆت)) و ((سێرڤانس)) دوە (١٦٠٥) وەردەگرین و لە هیچ کامێک لە کەلتووری رابردووەکانی جیهانیش تووشی نابین. رابردووی ((گێڕانەوە)) بەقەدەر ڕابردووی کاتە، تەنانەت گێڕانەوەی نووسراویش مێژووییێکی زۆر درێژی هەیە. بەڵام رۆمان شێوازێکی تایبەتە لە گێڕانەوە، کە هەمان داهێنانی چیرۆکی درێژ و پەخشان ئامێزە بەپشت بەستن بەریالیزم و بەرهەمی ئەزموون و خەیاڵە نوێیەکانی تاکەکەس، کە هاوکات لایەنێکی گشتی و جیهانیش نییە. لە کەلتووری خۆماندا (مەبەست لە کەلتووری نووسەرە)، رۆمان شێوازێکی سەرەکی ئەدەبی (٢٥٠) ساڵەی رابردووبووە و هێشتا هەر لەسەر توانای خۆی ماوە. لە سەدەی هەژدەیەمدا رۆمان بەرگریکەر و پارێزەری ئافرەتانی ماڵەوە و خزمەتکارە خوێندەوارەکان بووە و لە سەدەی نۆزدەیەمدا کەرەستەی خوێندنی بۆ خێزانەکان ئامادە دەکرد. لە سەدەی بیستەمدا کاتەکانی بێکاری و گەشتکردنە درێژخایەنەکانی بە شەمەندەفەر و فرۆکەی، پڕکردونەتەوە. سەرەڕای بوونی رکابەری پڕ هەواداری وەک سینەما



و تەلەفزیۆن، رۆمان هێشتا هەر دەخوێندرێتەوە و هێشتاش هەر سەرنج ڕاکێشە. لە کەلتورەکەماندا ژمارەیەکی زۆری رۆمان نووسراون و بڵاکراونەتەوە و لەناو خەڵکیشدا زۆر دەکڕێن یاخود بە ئەمانەتیش وەردەگیرێن؛ و ئومێدیش دەکرێت کە هەر ساڵێک بە وشێوە بخوێندرێنەوە. رۆمان سەلیقەی جۆراوجۆر و جیاوازی خوێنەرەکانی، لەگەڵ بوونی پلەی جیاواز، کە لەڕووی جدی بوونەوە هەیانە، هێناوەتە ئاراوە. ئەگەر لە ئێمە بپرسن بۆچی کاتمان بە خوێندنەوەی ئەو کاغەزانەی کە پڕن لە درۆ بەسەردەبەین یان بۆچی دەبێت بکەوینە ژێرکاریگەریی ئەو شیکردنەوە و توێژینەوانەی کە لە بارەی خەڵک و، کۆمەڵ و ژیان دەکرێن- بەزانینی ئەوەی ئەو رۆمانانە کەسانێک نووسیوویانە کە بە شێوەی پیشەیی و زانستی بۆ شیکردنەوە و تاوتوێکردنی ئەم جۆرە مەسەلانە پەروەردە نەکراون- لەوانەیە نەتوانین وەڵام بدەینەوە. رۆمان بە پێکهاتەی خەیاڵەکان و ریالیزم، ماوەیەکی درێژە کە بە بەڵگەی جیاوازەوە سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەندێ کات تەنیا لەبەرئەوەی کە گێڕانەوەیەکی سادەیە و، هەندێ کاتیش بە بەڵگەی ئەوەی کە راڤەیەکی ئاڵۆزی ئەزموونەکانە. زۆرجاریش تەنیا لەبەرئەوەی کە شێوازێکی هونەرییە، ئێستاش سەرباری گەشەسەندنی پسپۆرییەکان و کارامەیی لە بواری زانستی مرۆڤایەتییدا و سەرەڕای ئەوەی کە جۆرەها هونەری نوێ سەریان هەڵداوە، کەم بەڵگە لەبەردەستن، کە رۆمان لە ئەنجامدانی ئەم کارانە وەستا بێ. بەواتایەکی تر، ئەم جۆرە نووسینە ئەزموونی و نوێیە هێشتا توانای خۆی پاراستووە. هەڵبەت ئەو رۆمانەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیناسین بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ ئەو رۆمانەی کە لە سەدەی هەژدەیەم و تەنانەت لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا هەبووە. چونکە لە کۆتاییدا رۆمان هەمان تێکەڵاوی ئەزموونەکانە و لەبەرئەوەی کۆمەڵگە و بیروباوەڕو ئەزموونەکانیش گۆڕاون و ناوەڕۆکی زەینی مرۆڤ جیاوازە لەگەڵ ئەوەی



PDF4Kurd

لەپێشدا هەبووە، کەواتە ڕۆمانیش گۆڕاوە. هەڵبەت شێوازی بەدوای یەکدا هاتن پارێزراوە ئەم شێوە ئازاد و سەرتاپاگیرە هەمیشە جۆرە بەردەوامی یەکی بوونیادی هەبووە. هەندێ جار دەگوترێت ڕۆمان مردووە بەڵام لە ڕاستیدا وانییە. ڕۆمان شێوەیەکی لەبەرێک کشاوەی هەیە و دەکرێ بشگۆڕدرێت، لەوانەیە هەر هەمان ئەو خاڵە بووبێتە هۆی ئەوەی مانەوەی زامن بێت و توانایەکەیشی بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و دروستکردنی ، واتە ئەو کارەی کە هەمیشە دەیکرد، بپارێزێت.

## شوێنی ئێستای ڕۆمان

کاتێ کە ڕۆمان لەدایکبوو، لە هەندێ لایەنەوە هەر ئەو ڕۆمانەبوو؛ واتە بەرهەمی کەلتووری ژینگەیەکی نوێ بوو، و دوو شتی بنچینەی واتە ئامراز و گوێگری نوێی هێنانە ئاراوە. ئامراز هەمان ئەو کتێبە ئامادە و چاپکراوە بازرگانیانە بوون کە دواتر لەسەر کاغەزی هەرزان و کتێبە بچووک و گیرفانییەکان چاپکران و ئاستی خوێندەواری هەموو خەڵکییان بەرزکردەوە و گوێگرانیشی لە چینی پیشکەوتنخواز و زەحمەتکێشی خەڵکی شار بوون، کە چێژ و بەهایەکی نوێیان هەبوو. ڕۆمان شێوازێکی تازەی ڕوانینی بۆ ژیان لەگەڵ خۆی هێناو لەدواییشدا بوو بەهۆی فراوانبوونی هونەر چ لە ڕووی هونەریەوە و چ لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە، لە پاشان شێوەی چیرۆکی و گێڕانەوەی وەرگرت کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکراو، ئەرکەکەی بووبە باس کردن لە ئەزمونگەلێکی تارادەیەک ئاشنا، کە بە زمانێکی تاڕادەیەک ڕاستگۆیانە دەنوسران. کەواتە ڕۆمان بەقسەی یەکێک لە ڕەخنەگرەکان جۆرێک بوو لە ((گڕوتینی شارنشینەکان)). لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ڕۆمان ویستویەتی زۆرترین ڕادە، بەهرە، لە ئەفسون و ئەو ڕاکێشانە بوونیادییە وەرگرێت. کە گێڕانەوەی چیرۆکی، هەیەتی و گوێگرێکی زۆر بەرەو خۆی



ڕاکێش بکات و سوود لەو ئەفسونانەی کە لەلای خەڵک پەسەندن وەرگرێت و لەکۆتاییدا لەگەڵ ئەزموونە نیمچە ناسراو و ئاساییەکان ڕووبەڕوو بێتەوە. هەروەها هەوڵی داوە پێ بەپێ لەگەڵ مەیلەنوێییەکان و چینە گەشەسەندووەکان بچێتە پێشەوە و خۆی لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بگونجێنێت. ڕۆمان بە گەشەسەندنی خۆی، زیاتر لە شێوازە هونەرییەکانی دیکە لەسەر سنووری ئەدەبیات و نا ئەدەبیاتەکان نزیک بۆوە؛ بەم دواییانەش بەرەو جۆرە چیرۆکبێژییەکی ساکار و، ڕۆژنامەنووسیی و باس و گفتوگۆ و نووسینە ڕێنوێنی و ئەخلاقییەکان کشاوە. هەڵبەت دواجار جدیتر و ئاڵۆزتریش بووە و خۆیشی وانیشان داوە کە جووڵەی تێدایە و دەگۆڕێ و شایستەترین قاڵبی هونەریی هەیە.

ئێستا جارێکی تریش، شۆڕشێکی نوێ لە هۆکارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و موخاتەبەکاندا ڕوویداوە، دووبارە پیشەسازی و هونەر هاوئاراستە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە پێشەوە. هەڵبەت ئێستا گۆڕانکارییە پیشەسازییەکان لە پیشەسازی چاپ دوورکەوتوونەتەوە و ڕوویان کردۆتە هۆکارەکانی پەیوەندییە گشتییە ئەلەکترۆنییەکانی وەک ڕادیۆ، سینەما و تەلەفزیۆن؛ کە بێگومان پێویستییە بازرگانییە فراوانەکانیش بوونەتە هۆی ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر بەهرە لەوانە وەربگرن. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە هەمان گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییە زۆر و یەکپارچەکان. ئەو کۆمەڵگایەی کە  هەل ومەرجە چینایەتییەکەی زۆر کەمترە، ژمارەی زیاتر و یەکدەستتریش بووە.

ئەو کۆمەڵگایە دەیهەوێ دەنگ و باس و کەلتوورەکەی بەشێوەیەکی هەڵچوو لە ناوەندێکی هاوبەشەوە وەرگرێت؛ هەر لەبەر ئەو هۆیەشە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تا ئەم ئاستە گرنگن (لە ڕاستیدا لەبەر هەمان هۆ یەکێک لەو هۆکار و توانایانەن کە ئەزموونەکانمان یەک دەستتر و وێکچووتر دەکەن).



PDF4Kurd

بەدڵنیاییەوە ئەم هۆیانە تارادەیەک رۆمانیان لەو پایەیەی وەلاناوە کە تاکە پێشەنگی گۆڕەپانی کەلتوور بێت - لەبەرئەوەش کە چیرۆک لە رێگەی وێنەوە خێراتر دەگوازرێتەوە نەک لە رێگەی وشەوە- بۆیە ئەو هۆیانە دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەروونکردنەوە و پەراوێزی کەمترەوە چیرۆک بگێڕنەوە. ئەو هۆکارانە سوود لە هەندێ لە شێوازە بەڵگەنامەییەکانی رۆمانیش وەردەگرن. بۆ نموونە لەبارەی بەشەکانی تری گۆمەڵگەوە بۆمان دەدوێن؛ یا ئەوەی کە چ شتێک کۆمەڵگە ناچار بەکارکردن دەکات؛ یان ئێمە چی لە بارەی خەڵک دەزانین؛ یاخود ژینگەی خۆمان چۆن دێتە بەرچاوی خەڵکی تر هەروەها چ کێشەیەک کار لە ژیانمان دەکات. پەیدابوون و گەشەسەندنی رۆژنامە پڕ تیراژەکانی کۆتایی سەدەی رابردووش کاریان کردۆتە سەر رۆمان. بەڵام لەو بارەیەوە دەتوانرێ کاردانەوەی رۆمان بە ئاشکرا لە بەرامبەریدا ببینرێت. رۆمان لە بەرامبەر رۆژنامەدا هەمان ئەو کاردانەوانەی نیشانداون کە نیگارکێشێک لە بەرامبەر وێنەگرێکدا نیشانیان دەدات. هەندێ شتی لەوانە وەرگرتووە و لە بەرامبەر هۆنەرە نوێیەکانیشدا کاردانەوەیەکی گونجاوی پیشانداوە و بەو شێوەیە گەشەی کردووە و جۆری نوێ تری هێناونەتە ئاراوە. واپێ دەچێ کە ئەو حاڵەتە سەرلەنوێ لە ئەدەبی چیرۆکنووسیدا لە حاڵەتی سەرهەڵدانەوەدا بێ. چیرۆک هەوڵدەدات خێرایی بینین لە هۆیەکانی گەیاندن وەربگرێ و لە هەمان کاتیشدا لەو هۆیانە دووربکەوێتەوە. بە کورتی رۆمان دەستی لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی خۆی نەکێشاوەتەوە، چونکە لە کۆتاییدا رۆمان هێشتا هەندێ تایبەتمەندی خۆی لە بەرامبەر رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەمادا پاراستووە. کتێبەکان شێوەیەکی گونجاویان هەیە کە تایبەتە بە خۆیان. بە ئاسانی دەتوانرێ هەڵبگیرین و بگوازرێنەوە و لەکاتی پێویستدا، بە ئاسانی بۆیان بگەڕێنەوە، خوێنەر بەویستی خۆی و لەو شوێنەدا کە خۆی دەیەوێ، بەخێرایی دەتوانێ کتێب بگرێتە دەست و بیخوێنێتەوە. بە



بۆچوونی نووسەران رۆمان لەرووی فۆرمی چیرۆکی و گێڕانەوەوە زیاتر لە هەر شێوازێکی تر لەبەردەستی نووسەردایە. رۆمان زیاتر لە هەر قاڵبێکی تر تاکە کەسی و تایبەتییە و دەستی نووسەر چ لەرووی هونەری یەوەو و چ لەرووی تایبەتمەندییە تایبەتەکان بە هزری ئەو، لەم قاڵبە هونەرییەدا زیاتر کراوەیە، نووسین لە هەر هۆیەکی تر وردترە و فاکتەرە یارمەتیدەر و پێوەندیدارە گرنگەکان ئەوەندەی کاردەکەنە سەر دەقی شانۆیی تەلەفزیۆنی یان فیلمنامە، ئەوەندە لەسەر رۆمان یا نووسین کاریگەر نابن. بەواتایەکی تر لەکاتی نیشاندان و خوێندنەوەی رۆمان بۆ خوێنەر، رادەی دەست تێوەردانی هۆکارەکانی تر زۆر کەمترە.

هەروەها لە پاش جەنگی جیهانیش رۆمان لە بەرامبەر گوێگرە نوێیەکانیدا کاردانەوەی نیشانداوە و گۆڕاوە. رۆمانی هاوچەرخ کەمتر لە جاران بۆ سێ دەستەی، رۆمانی رۆشنبیران، رۆمانی خەڵکانی خوێندەوار، رۆمانی خەڵکی (عەوام) دابەش دەبێت. رۆمانی ئەمڕۆ پێداویستییەکانی سەلیقە و شێوازە نوێیەکان دەستەبەر دەکات، سەرەڕای ئەوەش بەدڵنیاییەوە رۆمان تارادەیەک چینی ناوەڕاست و خوێنەرە کۆنەکانی خۆی لەدەستداوە و کتێب لە شوێنە بەرزەکەی خۆی تارادەیێک هاتۆتە خوارەوە. لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا هەر رۆماننووسێک ناوبانگ و سەرکەوتنێکی گەورە و پێگەیەکی بالای وەدەستدەهێنا. هەروەها قسەکردن لەسەر رۆمان شوێنێکی تارادەیەک زۆری لە لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا داگیردەکرد و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وەک ((ئارنۆلد بنت)) دەیانتوانی تەنیا بە هێنانی ناوی نووسەرێک لە رۆژنامەیەکدا ناوبانگەکەی زیاتر بکەن. بەدڵنیاییەوە رۆماننووسی ئەمڕۆ ئەو توانا و دەستەڵاتە سەرنج راکێشەی جاران و ئەو هەست و نەستەی لایەنی شێوەدان بە کەلتووری کۆمەڵگا و چێژ و سەلیقەی خوێنەرانییان نییە، وەک ئەوەی کە ((لارنس ستێرن))، ((چارلز دیکنز)) و ((ئارنۆلد بنت)) و ((ئانتونی



PDF4Kurd

ترۆلۆپ))[١] دەرک و هەستیان دەکرد، ئەم تایبەتمەندییانەی رۆماننووسان لە کاتی سەرەتاکانی ئەم سەدەیە کەم کەم لەناوچوون، کە جیاوازی کەلێنی نێوان رۆماننووسانی ((جدی و پەیامدار)) و رۆماننووسانی ((پەسەند لە لای زۆربەی خەڵک))ی قووڵتر کرد. بێگومان ئەمڕۆ رۆماننووسانی، پەسەند لەلای زۆربەی خەڵک, فەزای بازاڕی بازرگانی لە رابردوو تەسکتر دەبیننەوە. هەرچەند هێشتاش بەرهەمی پڕ فرۆشی بازاڕی و بازرگانیش شیاوی گرنگی پێدانن.

بۆ نموونە بەرهەمی رۆماننووسانی وەک ((ئیان فلمینگ))[٢] نەک تەنیا زۆرباش دەفرۆشرێن بەڵکو خوێنەرانیش وابەستەییەکی توندیان پێیانەوە هەیە. هێشتاش لەوانەیە ئەمڕۆ چینی ناوەند رۆمان بخوێننەوە. سەرەڕای ئەوەش دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی کتێبی بەرگ ئەستووریش بووە هۆی گۆڕانی بازاڕی کتێب و بەلای رۆماندا شکایەوە: کتێبە بەرگ ئەستوورەکان رۆمانییان خستە بەردەستی خوێنەری زیاتر، بەتایبەتی بەردەستی گەنجەکان.

درێژتر بوونی ماوەی خوێندنی تاکەکانی کۆمەڵگا (کە لە راستیدا هەندێ لەو ماوەیە بۆ خوێندنەوەی چەند رۆمان دادەنرێت)، یارمەتی رۆماننووسە جدی و پەیامدارەکانی داوە، چونکە ژمارەی خوێنەرە ورد و قووڵەکانی رۆمان زیادبوون. ئەگەرچی بێجگە لەوەش بەگشتی ئارەزووشیان بۆ ئەدەبیات زیاتر بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ژیانی رۆماننووسانی ئەمڕۆ لە چاوجاران پاڵنەرێکی باش نییە، بۆ نموونە بە بەراوردکردن لەگەڵ ((والتر سکۆت)) و ((جۆرج ئەلیوت)) لەوانەیە رۆماننووسی ئێستا سوودێکی وەها لە کارەکەی نەبات و ئەوەندەش بەجدی وەرناگرێت.

کەوابوو رۆماننووسی ئەمڕۆ بە ئەگەرێکی بەهێز، لە سنوورداریییەکانی ئێستا و هەروەها تایبەتمەندییەکانی شێوازی کاری خۆی وەک هۆکارێک بۆ بەیانکردن و هۆکارێک بۆ کارتێکردن و سەرکەوتن، ئاگادارە. بارودۆخی ژیانی



رۆماننووس ئەمڕۆ بەلای کەمەوە لە بەریتانیادا لەرزۆکە، کەوابوو سەیر نییە کە رۆماننووسی ئەو وڵاتە سەرەڕای رۆمان شانۆی تەلەفزیۆنی، فیلمنامە و شانۆش بنوسێت و هەندێ جاریش شیعر بهونێتەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە سەردەمی ئێستا بەلایەنی کەمەوە لە بەریتانیادا لە سەردەمە گەورەکانی رۆمان نییە. گەرچی پێدەچێ بارودۆخی رۆمان لە فەرەنسا یان لە وڵاتە یەکگرتووەکان شتێکی تر بێت. بەهەرحاڵ ژمارەی ئەو رۆمانانەی کە لە هەر ساڵێکدا بڵاودەبنەوە، رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندان و رۆماننووسانی ناسراو و بەهێز ئێستاش هەر لە کۆمەڵدا دەردەکەون.

هەروەها بەگشتی ئاستی رکابەریی لەبواری رۆماننووسیدا زۆر هەڵکشاوە و بەرهەمی رۆماننووسەکان هێشتا خوێنەری زۆریان هەیە.

بەگەورەیی بنوسرێ ساڵی ١٩٦٨ز بەگشتی (٣١٤٢٠) کتێب لە بەریتانیا چاپکراون کە لەم ژمارەیە (٢٠٩٤) دانەیان رۆمان بووون. بەزۆری ئەو رۆمانانە کە بێگومان هەموویان رۆماننووسە ئینگلیزەکان نەیان نووسیون، یەک بەرگی و بە بەرگی ئەستوور بڵاوکراونەتەوە و هەریەکەیان نزیکەی (٧٥٠٠٠) وشەیان هەبووە و سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئەو رۆمانانەی کە پێشتر بڵاوبوونەوە، لە پاش یەک یا دوو ساڵ وەستان، دووبارە چاپکرانەوە، هەروەها زۆر لە رۆمانەکانی رابردووش کە بە بەشێک لە بەرهەمە کلاسیکییەکان دەژمێردرێن بە بەرگی ئەستوور دووبارە بڵاوکرانەوە. بێگومان شێوەی چاپ و درێژی رۆمانەکان هەمیشە دیاریکراو و بەپێی رێککەوتن نەبووە. لە رابردوودا بەزۆری رۆمانەکان گەلێک درێژتر بوون و زۆربەشیان لە سێ بەرگدا و بەنرخێکی زۆر یان بە پاشکۆ و شێوەی بەش بەش چاپ دەکران. بۆ نموونە یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدەیەم واتە رۆمانی ((ژیان و بیروباوەڕی تریسترام شندی))ی ((لارنس ستێرن)) بە نۆ بەرگی بچووک لە ساڵەکانی ١٧٦٠-١٧٦٩دا بڵاوکرایەوە. رووداوی چیرۆکە کە



PDF4Kurd

لە کاتێکدا بە کۆتا هات کە نووسەرەکە مرد. سەدساڵ دواتر ((چارلز دیکنز)) زۆر لە ڕۆمانەکانی بەشێوەی بەش بەش و یەک لەدوای یەک کە هەریەکەیان (٣٢) لاپەڕە دەبوون چاپکردن و لە پاشان هەر ڕۆمانێک لە بەرگێکدا کۆکرایەوە. هەریەکێک لەو نووسەرانە دەیانتوانی بەپێی کاردانەوەی سۆزی خوێنەرەکانیان ڕێچکەی چیرۆکەکانیان بگۆڕن. جگە لەوەی کە ڕۆمانی نوێ کورتتر و کامڵترە بە بەراووردکردن لەگەڵ پارچە و فۆرمی ئەو کتێبانەی کە لە رابردوودا بڵاودەبوونەوە، تارادەیەک هەرزانترشە، و لە ڕێگەی ئەو کتێبخانانەی کە ئەندامێتییان بە خۆراییە، زیاتر بەردەستی خوێنەر دەکەوێت (لە کاتێکدا کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا کتێبخانە گەڕۆکەکان مەبلەغێکیان وەکو حەق دەست وەردەگرت). لەنێو ڕۆمانەکانی ساڵێک پێشتردا (لە ساڵی ١٩٦٨ز) هەموو جۆرە ڕۆمانێک لە هەر ئاستێکدا دەبینرا، زۆربەیان پەیوەستن بە یەکێک لە بەشەکانی ڕێچکەی ڕۆمانەوە، بۆ نموونە دەتوانین، ڕۆمانە دڵدارییە پڕ ڕووداوەکان (Romance) یان ڕۆمانەکانی دڵداری بۆ خوێنەرە جیاوازەکان و چیرۆکە تاوانی و پۆلیسییەکان و ڕۆمانە زانستییەکان و ڕۆمانە مێژووییی و بەرهەمە نیمچە دزێوەکان ناوببەین. بەڵام تەنها بەشێک لەم بەرهەمانە، کە بێگومان هەموو جۆرەکانی سەرەوە دەگرێتەوە، هەوڵیا داوە کە شتێک زیاتر لە پێویستییە ئاساییەکانی گوێگرەکانیان بەجێ بێنین،و تەنها هەرئەم بەشە لە ڕۆمانەکان، کەم و زۆر هەوڵیان داوە، دەست بدەنە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ لە ماهیەت و دەرکی ئەزموونە ئینسانییەکان و لۆژێکی ئەخلاقی و ئالۆزییەکانی جۆری ژیان، کە بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن هەڵیان بژاردوون. یان هەوڵیانداوە رەگ و ریشەیەکی قووڵتری کۆمەڵگە و ئاڵۆزییەکانی و پێکهاتەیەکی وردتری شێوەی ڕۆمان وەدەستبێنن. هەر ئەوانە توانایەکی (لە ناخدا هەڵگریان) بالقوە هەیە بۆ مانەوە و، ڕەخنەگرانی ڕۆژنامە و هەفتەنامە بەهێز و گرنگەکانیش، کاتێ کە لە هەر هەفتەیەکدا لەگەڵ زیاتر لە (١٠) یا (٢٠)



ڕۆمان ڕووبەڕوو دەبنەوە و دەیانەوێ چوار یا پێنج ڕۆمانی باش بۆ لێکۆلێنەوە هەڵبژێرن، هەر لەناو ئەو ڕۆمانانەدا بژاردەکەن. هەربۆیە لەوانەیە لە هەر ساڵێکدا زیاتر لە (٥٠٠) ڕۆمان لەنێوکۆی ئەو ڕۆمانانەدا وەکو پێویست تاوتوێ نەکرێن؛ کە بێگومان لەنێو ئەوانەشدا و لە هەنگاوی دواتردا تەنها کەمێک هەڵدەبژێردرێن تاووردتر بخوێندرێنەوە، ئێستا ژمارەی ئەو ڕۆمانانەی کە ڕەخنەگران لەکاتی توێژینەوەی ساڵانەی ئەدەبیاتی چیرۆک یان لێکۆڵینەوەی ڕۆمانە نوێیەکانی دەیەی ١٩٦٠دا، باسێکیان لێوە دەکەن، لەم ژمارەیەش کەمترن، لێکۆڵەرەوەکانی بڵاوکراوەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی ڕۆماندا بگێڕن؛ گومانی تێدانییە کە بە ناچاری ئەوان لە هەڵە پارێزراو نین، کەواتە دیاریکردنی سنوور لە نێوان ((توانا)) و ((شاکار بوون))دا زۆر سەختە. چونکە ئەوان لەلایەکەوە دەبێت خێرا کاربکەن و لەلایەکی ترەوە گەلێک ڕۆمان هەن کە پێویستە لێیان بکۆڵدرێتەوە. هەڵبەت دادگایەکی تریش بۆ پێداچوونەوەی بڕیاری دەرکراو هەیە کە دادوەرەکانیان هەمان خوێنەرەکانن. زۆر ڕۆمان هەبوون کە لە نێوان ئەنجوومەنە تایبەتییەکان یان گرووپ و دەستەی دیاریکراودا ناو بانگیان دەرکردووە -لە گرووپە بچووکەکانی وەک هاورێیانی نووسەرەوە، بگرە تا کۆمەڵێکی تایبەت لە ڕۆشنبیران، وەچە، چین یان توێژێکی تایبەت لە کۆمەڵگا- بۆ نموونە ڕۆمانی Lord of the Rings لە نووسینی ((تالکین))[٣] سەرەتا ناوبانگی لەنێو خوێنەرە گەنجەکانیدا دەرکرد و لە ئەنجامدا بۆ لای ڕەخنەگران گەڕایەوە و ناچار ئەوانیش بە شێوەیەکی تایبەتی لێیان کۆڵییەوە.

هەروەک بینیمان ڕۆمان بۆ هەڵبژاردن و بەناوبانگ بوون پێویستە ڕێگایەکی دوور و درێژ ببڕێت و ئەم پرۆسەیە لە هەندێ لاوە تا رادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە شانسەوە هەیە. ئەو کێشەیە بەشێکە لە دیاردە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا و پێویستی بەراڤەکردنێکی کۆمەڵناسانە هەیە. بەزۆری ڕۆمان لەنێو

گرووپێکی تایبەت و لەکاتێکی دیاریکراودا دەگەشێتەوە. ئەو سەرسامییە گشتییەی بەهۆی بڵاوبوونەوەی کتێبی ((کوڕە گەنجی تووڕە))ەوە لە سەرەتای شەستەکاندا هاتەئاراوە گەواهییێکی ئاشکرای ئەو دەربڕینانەیە. بەڵام ڕۆمان بێجگە لە بەرجەستەکردنی ڕێگاو میتۆدێکی تایبەت تاڕادەیەکی زۆر واتا و چەمک و سەلیقە یان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتیش ئاشکرادەکات. ڕۆمان ناوەڕۆکی خۆی بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە و دەتوانرێ قووڵتر ڕاڤە و شیبکرێتەوە. ئەو شێوازەی ڕۆمان نەک تەنها لە ئەدەبیاتی چیرۆکی ئێستادا، بەڵکو لە ئەدەبی چیرۆکی ڕابردووشدا جێی گرنگی پێدان بووە. بێگومان ئەو مەسەلەیە تەنها لە بارەی ڕۆمانێکەوە ڕاستە کە لێکۆڵینەوەیەکی دەگمەنی ئەنجام دابێت و، سەرنج ڕاکێش بوونیشی تەنها مەیلێکی کۆمەڵایەتی نەبێت. بەواتایەکی وردتر ئەو ڕۆمانە بێت کە لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە گرنگ و بەنرخ بێت.

هەڵبەت هەمیشە ڕەخنەی ئەدەبی ئاگای لە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ڕۆمان بووە و سوودی لێوەرگرتوون. وەڵامی ئەرێیی خەڵک بۆ هەندێ لە ڕۆماننووسان هەمیشە نیشانەیەکی گرنگی سەلیقە و ئارەزوویە، چونکە ڕۆماننووسەکان توانای ئەوەیان هەیە کە وردەکارییەکانی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەڕوونی نیشانبدەن کە لای ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە گرنگن، ڕۆماننووسان هەمیشە ئەو ئەفسانانە دەگێڕنەوەکە لەلای خەڵک گرنگن. وەک ئەفسانەی ستایشکەری سەرکەوتن، کە لە بەرهەمی ((جۆن براین))دا[٥] بەناوی ((ژووری سەرەوە))[٦] بەرجەستە بوو؛ یان سوود وەردەگرن لە شێوە زار و خوو و ڕەوشتێکی تایبەت لە بەرهەمەکەیاندا. ئەو بابەتەی دوایی هۆکارێکی سەرەکییە لە بەشێکی سەرکەوتنی ((هەمەنگوای))دا. هەروەها ڕەنگە ئەوان لە بەرهەمەکانیاندا باس لەو بەشانەی کۆمەڵگا بکەن کە پێشتر فەرامۆشکراون، وەک بەرهەمی ((شەوی شەممە و بەیانی یەک شەممە))[٧]ی ((ئالان سیلیتۆ))[٨]،



PDF4Kurd

یان لەوانەیە وەک ((بێگانە))ی ((کامۆ))، وێنەیەک لە ڕوانینی مرۆڤێک لە خۆی بخاتەڕوو.

جگە لەوەش لەوانەیە هەوڵبدەن جۆرە گونجانێکی هاوبەش بدەن بە خوێنەرە نوێیەکانیان و کەلتووری گرووپێکی نوێ لە کۆمەڵگادا؛ وەک هەمان ئەو کاریگەرییەی کە ڕۆمانی (The Catcher in the Rye) ((سالینجەر))[٩] کردوویەتە سەر خوێنەرە گەنجەکانی خۆی، هەموو ئەو کارانە بەشێکی بەرهەمی گرنگ و پڕ واتای ڕۆمانن.

بارودۆخی ڕۆمان لە بەریتانیادا لە پاش جەنگ، لەڕووی شۆڕشەوە لە فۆڕمدا، زۆرباش نەبووە، بەڵام ڕۆمان لە بەریتانیا ڕێبەرایەتی لێکۆڵینەوەیەکی تاڕادەیەک جدی لەبارەی ژیانی خەڵکی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. هەندێ لە ڕۆماننووسانی وەک ((لارنس دورل))[١٠] و ((ئایریس مرداک))[١١] و ((سامۆئیل بێکت)) شێوازێکی زۆر ئەزموونیانەیان لە ڕۆماننووسیدا گرتۆتەبەر؛ کەسانی تری وەک ((کینگزلی ئەمیس))[١٢] و ((جۆن واین))[١٣] و ((ئالن سیلیتو)) و((ئەنگوس ویلسۆن))[١٤] زیاتر هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لەپێناو لێکۆڵینەوەی شێوازە نوێیەکانی، ئەزموونی کۆمەڵایەتی، و لایەنی نووسینی نوێ بۆ بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگا، خستۆتەگەڕ.

((ئایرس مرداک)) جارێکیان گوتبووی لە ڕاستیدا دوو جۆر ڕۆمانمان هەیە ڕۆمانی ((سپی و ڕوون)) کە زیاتر بایەخ بە پوختکردنەوەی پلۆت و دانانی نەخشەیەکی وردەدەن بۆ خستنەڕووی ڕۆمان و؛ ڕۆمانی ((ڕۆژنامەیی)) کە پەیوەندی بەڕووداو و ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانەوە هەیە و هەوڵدەدات کاردانەوەیەکی هەستیارانە لە بەرامبەر ڕاستیەکاندا نیشانبدات، کە تازە و ڕاستەوخۆ بێت.

دواتر ڕوونی کردبۆوە کە ڕۆمان پێویستی بەدوو توخم هەیە یەکێکیان ((هەستی ئەفسانەیی)) و ئەوی تریش ((هەستی واقیعیەت))ە. لە ڕۆمانی

هاوچەرخدا واتە ڕۆمانی ئێستا، مەیلی خوێنەر زیاتر ڕووەو هەستی واقیعیەت دەچێت. چونکە ڕۆمانی ئێستا ڕاستی و ئەزموونەکانی دەوروبەری خۆی بۆ ڕوون دەکاتەوە و لە چوارچێوەی جیهانی دەوروبەریدا ڕێنمایی دەکات. بەڵام هەموو ڕۆمانەکان تەنانەت ئەوانەی کە بە وردەکاری زیاتر و درێژتر دەنووسرێن، جۆرە پێکهاتەیەکی هۆشیار و وردیان هەیە؛ واتە جۆرە فێڵێکی هونەرییان تێدا بەکارهاتووە و ئەگەر دەبینین کە ڕۆمانی ئێستای بەریتانیا زیاتر بایەخ بە تۆخمی واقیعیەت دەدات نەک ئەفسانە، لەوانەیە دوو هۆی هەبێت:- یەکەم ئەوەی کە لە پاش جەنگ دونیای ئێمەی زۆر گۆڕاوە و ئێمە ناچارین بۆ بینین و دەرککردنی جیهان؛ دووەم ئەوەیە کە ئێمە میراتگری ڕاستەوخۆی ئەزموونە گەورەکانین لە گۆڕەپانی ڕۆماننووسی هاوچەرخدا. ئەو ئەزمۆنانەی کە بەرهەمی کاری نووسەرەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەن وەک ((هنری جیمز)) ((جیمز جویس)) و ...تاد، ئەو ئەزموونەش ئەوەندە فراوان و بونیاتنەرە، کە نووسەرانی ئەمڕۆ وا هەستدەکەن ئیتر ناتوانن زیاتر بچنە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕێت، نیشانەگەلێکی زیاتر لە بزاڤی ڕۆماندا بەرەو سەردەمێک لە گۆڕانکاری (وێنەیی) و (فۆرم) لە بەریتانیادا دەبینرێن؛ کە بێگومان ئەو بزاڤە پێشتر لە فەرەنسا و ئەمریکای باکووردا سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئەم ئەزموونانە وەک ئەزموونی نووسەرە نوێخوازەکانی سەرەتای سەدە نین، کەواتە ئەوەندە شیاوی باس نین. بەڵام ئەزموونەکانیان میتۆدێکن بۆ دەرککردنی قووڵتری چۆنیەتی ئەزموونەکانی ئێستا؛ چ لەو ڕووەوە کە ئەوان ئەم ئەزموونانە درێژتر و بە وردەکاری زیاترەوە ڕوون دەکەنەوە، یان ئەوەی کە هەوڵیانداوە پێکهاتەیەکی چیرۆکیی ئەو تۆیان دەستکەوێ کە لەگەڵ ئەو ئەزموونانەدا بێتەوە.





((ئایرس مرداک)) دەڵێت ((دەبێت ڕۆمان هەمیشە دووکار ئەنجامبدات (یەکێکیان ئەوەیە کە جیهانی دەرەوەی خۆی بناسێ و دووەمیشیان ئەوەیە کە لەنێو خۆیدا بۆ دۆزینەوەی زیاتر بگەڕێ واتە بەدوای زمان و پێکهاتە و شێوەی خۆیدا بگەڕێ)). ئەگەر بڕیار بێت کە ئێمە وەک خوێنەر پەی بە چۆنیەتی ڕۆمان ببەین، دەبێت ئەو توانایەمان هەبێت کە هەم لە واقیعیەتی ڕۆمانێکی تایبەتدا نقووم ببین و هەم لێی دوورکەوینەوە و تێروپڕ لە فۆرمی بەرهەمەکە بکۆڵینەوە و باش لە بابەت و ئالۆزییەکانی بڕوانین. بێجگە لەوەش دەبێت خۆمان بە توانا بین تا هێز و توانای ئەزموونەکانی بەرهەمێکی تایبەت ستایش بکەین و هونەرەکەشی ببینین. بۆ ئەوەش، تا بتوانین باشتر لێی بکۆڵینەوە، دەبێ بتوانین تەکنیکەکەی لەگەڵ تەکنیکی ڕۆمانەکانی تردا بەراورد بکەین. کاری ڕەخنەی ئەدەبی خستنەڕووی ئەو پرسیارانەیە کە پەیوەندییان بە هەردوو ڕوانینەکەوە هەیە؛ واتە لەلایەکەوە دەیەوێت پرسیارێکی دیاریکراو لەبارەی بەرهەمێکی تایبەت کە لەلامان گرنگە - وەک ئەم شیعرە، ئەم شانۆیە، ئەم ڕۆمانە- بخاتەڕوو تا بەم شێوەیە بتوانێت بەناوی ئەزموونێکی جیاواز و تایبەت بەخۆی(منحصر بفرد) ستایشیبکات، و لەلایەکی ترەوە چەند هەنگاوێک بێتە دواوە و لەگەڵ بەرهەمەکانی تردا بەراووردی بکات. واتە چەند پرسیارێکی گشتی و هەمەلایەن بکات لەبارەی چەند و چۆنی شێوەی بەرهەمەکە و مێژووەکەی و ئەو میتۆدەی کە پشتی پێ بەستراوە، و مانا کۆمەڵایەتی و گرینگەکەی. کاری سەرەکی ڕەخنە- کە جۆرە کاردانەوەیەکی زەینییە لە بەرامبەر کتێبێکی تایبەتدا- لەو کاتەیدا کە پێویستە، گەشە دەستێنێ و فراوان دەبێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکان لەگەڵ یەکتر بەراوورد بکات و بەیەکیانەوە ببەستێت؛ ئەمە بەو واتایەیە کە بەدەرککردنێکی گشتیی، خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی فۆرمی ئەم قاڵبە هونەرییەی دەستکەوێت کە نووسەر وەک



PDF4Kurd

ڕێگایەکی ئاشکرا سوودی لێوەردەگرێت، ، بە بۆچوونی هەر نووسەرێک ڕۆماننووسین کارێکە تارادەیەک تاکەکەسییە، لە ڕاستیدا جۆرە کۆششێکە بۆ ڕێکخستنی ئەزموون و دیدی تایبەتی بە نووسەر لە فۆرمێکی گونجاو و جێگای پەسەندا. بەڵام ڕۆمانەکان پەیوەندییان بەرابردووی خۆیانەوە هەیە و هەر نووسەرێک تێگەیشتنێکی دیاریکراوی هەیە بۆ شێوازی ئەو قاڵبە هونەرییەی کە هەڵی دەبژێرێت. یان بەلانی کەمەوە لەبارەی ئەو ئەزموونانەی کە دەیەوێت سوودیان لێوەرگرێت، زانیاری هەیە. بە بۆچوونی ڕەخنەگری ئەدەبی کە لە دەرەوە تەماشا دەکات، ڕۆمان هەرچەند کاری تاکەکەسییە، بەڵام پەیوەندیی بە ڕەوشتی باو و کۆمەڵی هاوبەشی ڕۆمانیشەوە هەیە؛ هەڵبەت لەوانەیە ئەم ڕەوشتە بگۆڕێت.

کەواتە ڕەخنە لە نێوان پرسیارە تایبەتییەکان و پرسیارە گشتییەکاندا واتە ئەوەی کە ((ئەم ڕۆمانە تایبەتییە چییە؟)) و ((ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی چییە؟)) هەمیشە لە ناجێگیریدایە. ئامانجی ڕەخنەش دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەیە, تابتوانرێ لە بارەی ئەم پرسیارانە باس و لێکۆڵینەوە بکرێت، چونکە بە تەواوی، ڕەخنە کاردانەوەیەک نییە لە بەرامبەر کۆمەڵە کتێبێکدا، بەڵکو شێوەیەکە بۆ قسەکردن لەسەر کتێبێک و دۆزینەوەی زمانێکی گونجاوە کە بتوانرێ وەکو خوێنەر ئەزموونەکان بخرێنەروو. ڕەخنە هەر دەبێت سەرتاپاگیر و کۆکراوە بێت و ئەمە بەو واتایەیە کە نابێت تیۆرە زەینییەکان بکەونە پێشی لایەنە کردەییەکان. واتە نابێت باسەکە تەنیا جەخت لەسەریەک جۆر کتێب یاخود یەک جۆر شیعر بکاتەوە.



## پەراوێزەکان

١- Anthony Trollope ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٨١٥-١٨٨٢).

٢- Jan Fleming نووسەری سکۆتلەندی (١٩١٦).

٣- John Tolkien نووسەری ئینگلیزی (١٨٩٢-١٩٧٣).

4- Angry young Man.

٥- John Braine نووسەری ئینگلیزی (١٩٢٢).

6- Roman at the Top.

7- Saturday Night and Sunday Morning.

٨- Alan Sillitoe نووسەری ئینگلیزی (١٩٢٨).

٩- Jerome David Salinger نووسەری ئەمریکی (١٩١٩).

١٠- Lawrence Durrle نووسەر و شاعیری ئینگلیزی (١٩١٢).

١١- Iris Murdoch نووسەری ئیرلەندی (١٩١٩).

١٢- Kingsley Amis نووسەری ئینگلیزی (١٩٢٢).

١٣- John Wain نووسەری ئینگلیزی (١٩٢٢).

١٤- Angus Wilson نووسەری ئینگلیزی (١٨٩٥).



PDF4Kurd

## پێناسەی ڕۆمان

**((مالکام برادبری))**

پێناسەکردنی ڕۆمان لە پێناسەکردنی جۆرە ئەدەبییەکانی تری، وەک شیعر و شانۆ زۆر سەختترە؛ هەر لەبەر ئەوەشە کاتێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا توێژینەوە لە بارەی ڕۆمانەوە دەکرێت، ڕووبەڕووی گیروگرفتی زیاتر دەبینەوە. بۆ ئەو پێناسە هەڵنەگرییەی ڕۆمانیش دەتوانین چەند هۆی جۆراوجۆر دەستنیشان بکەین. لە بەریتانیا ڕۆماننووسیی لە سەدەی هەژدەیەمدا پێی گرت؛ ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پێناسە کۆنەکان لەمەر جۆرە ئەدەبیەکانی تر (وەک شیعر و شانۆ)، زۆر چاک شوێنی خۆیان گرتبوو، ڕۆمانیش بە ویستێکی بەهێزەوە دژی پێناسە ڕەسمییەکان هاتە ناو گۆڕەپانەوە. جگە لەوە لە هەمان سەرەتادا جەخت لەسەر تازەیی و نوێ بوونی ڕۆمان دەکرایەوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکرایەوە کە ئەم شێوازە نوێییە بەربەرەکانییەکی لەگەڵ داب و نەریتە باوەکانی ئەدەبدا هەیە یان بەلایەنی کەمەوە دەیەوێت بەشێوەیەکی بونیادی ڕاستیان بکاتەوە؛ لەوانەشە هەر لەبەرئەوە بێت کە بڵێین زاراوەی ڕۆمان (Novel بە مانەی نوێ و تازە) زاراوەیەکی گونجاوە. هێشتا بیر و بۆچوونی جیاواز هەن لەبارەی ئەوەی کە درێژی و ئەندازەی ڕۆمان



دەبێت چەند بێت. واتە تیرەکەی- بەپێی درێژییەکەی- دەبێت چەند بێت، یاخود تا چ ڕادەیەک دەتوانێت ئەزموونە جۆراوجۆرەکان بگرێتەخۆی و ئەوەش گرنگە، چونکە بە هەمان شێوە کە ((پرسی لابک))[١] لە ((هونەری چیرۆکنووسی))[٢]یەکەیدا دەڵێت: ((هەر کە بەشێک لە ڕۆمانمان خوێندەوە، ئەو بەشە لە زەینماندا دەتوێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. تەنانەت لەو کاتەشدا کە دوا لاپەڕەی ڕۆمان هەڵدەدەینەوە بەشێکی زۆر لە کتێبەکە و ئەو وردەکارییە جوان و وردانەی کە پێشتر لە خەیاڵماندا بوون نادیار و بە گومان دەبن)). بەهەر حاڵ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە زۆری ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕابردوودا تەنیا جۆری ((شیعر و شانۆ)) یان بەدەقی شایستەی ڕێزلێنان دادەنا و بەگرنگییان دەزانین. تەنیا ماوەیەکە بەدڵ و گیان پێشوازی لەوە دەکرێت کە ڕۆمانیش دەتوانێت بە هەمان ئەندازە، ئاڵۆز، هۆشیار و جدی بێت. هەر لەبەر ئەوەشە ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕابردوودا هەوڵ و کۆششی خۆی زیاتر بۆ شیعر و شانۆ تەرخاندەکرد، و کاتێکیش کە قسە هاتە سەر ڕۆمان بە زۆری سوودیان لە و شێوە و پێوەرە فراوان و وردانە وەرگرت کە لە ڕەخنەی شیعر و شانۆدا سوودیان لێوەردەگرتن.

### ڕۆمان لە بەرامبەر شیعر و شانۆنامەدا

دەکرێ بە ووردی و وشە بەوشە لێکۆڵینەوە لەسەر غەزەلێک بکرێت. بەڵام ڕۆمان کەمتر خۆی بەدەست ئەو جۆرە ڕاڤەکردنانەوە دەدات. هەڵبەت دەتوانرێ بەشێکی تایبەت لە ڕۆماندا هەڵبژێردرێت و وردەکارییەکانی بەوردی ڕاڤە بکرێن، و پەی ببەی بە دروستی بابەت و توانای تاکەکەسی نووسەرەکەی (زۆر نموونەی سەرکەوتوو سەرنج ڕاکێش ئەم گوتەیە پشت ڕاست دەکەن)؛ بەڵام کاتێک کە نۆرەی



PDF4Kurd

شیکردنەوە و راڤەکردنی پێکهاتەی گشتی بەرهەم و نەخشەی گشتیی رۆمانێک دێت- کە ئەولق و پۆپانەی تەنیا بەشێکی بچووکیان لێ پێکدێت- کارەکە دژوار دەبێ؛ هەروەها لاوازیی زاراوەکانی ئێمە وەک پلۆت، رۆلگێڕان و وەسفکردن و... تاد ئاشکرا دەبن، چونکە ئەگەر رەخنەگرانی رۆمان، وەک ئەو کاتەی کە توێژینەوە لەبارەی غەزەلێک دەکەن تەنیا گرنگی بە شێوەکانی چۆنایەتی وەک بارودۆخ، شێوەی خەیاڵ و هێز و توانای زمانی رۆمان بدەن، کارێکیان نەکردووە. (هەڵبەت لەوەش ئاگادارین کە غەزەلیش وەک رۆمان پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە بەشێکی هەماهەنگ؛ بەڵام دەستی رەخنەگر لە شیکردنەوە و تاوتوێکردنیدا زیاتر کراوەیە و رەخنەگر دەتوانێت باس لە سەرتاپای بکات و توێژینەوە لە بارەی بەشەکانیشی بکات). هەروەها دەبێت هەمیشە ئێمە بتوانین لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی رۆماندا پێناسەیەکی تەواوی پێکهاتەکەی بخەینەروو، هەروەها هێز و توانای بەگەڕخستنەکەی کە بەرهەمی فراوان و بڵاوبوونەوەی تەواوی ژینگەی بەرهەمەکەیە، تاوتوێ بکەینەوە. رەنگە بتوانین پێکهاتە و کاری پاراگرافێک (Paragraph) لە رۆماندا بە وردی نیشانبدەین و تەنانەت ئاماژە بۆچۆنیەتی ئەو پەیوەندییەش بکەین کە لەگەڵ کاری سەرەکیتری چیرۆکەکەدا هەیەتی؛ بەڵام لەوکاتەی کە دەمانەوێت توێژینەوە لەبارەی کاری چیرۆکێک (Action)، و ئەو جیهانە فراوان و تەواوەی کە ئەم کارەی تیادا ئەنجامدەدرێت بکەین، رووبەرووی گرفت دەبینەوە. بێجگە لەوە نزیکبوونەوەی تایبەت بە کەسی(منحصر بفرد) رۆمان بە ژیان، و دوو دڵیەکەی لەبارەی ئەزموون و هەستە نەپچڕاو و راستەوخۆیەکان لەبەرامبەر شوێن و کاتی تایبەتدا (واتە هەم کاتی ئێستاو هەم شوێنی ئێستای)، دەبێتە هۆی گرفتی زۆر. چونکە خوێنەر دەتوانێت لە خەیاڵی خۆیدا شیعرێک لە چوارچێوەی هەمان



شیعر و یاسا باوەکانیدا راڤە بکات، بەڵام رۆمان بەزمانێک پابەندە کە نەک هەر زۆر قورس نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانێکی سادەو ئاسایی زەینیش نزیکە. لەو بارەیەوە ئەوەندە چێژ لە خوێندنەوەکەی وەردەگرین، کە بەگشتی وەکو ئەزموونی خۆمان وایە لەبارەی خەڵک و شوێن و هەستەکانمان بەرامبەر بە ژیان. دەبێ بزانرێت کە زیاتر رۆمان جەخت لەسەر ئەو حاڵەتە دەکاتەوە کە وەسفیدەکات. جگە لەوەش ئەو جۆرە، لە هونەر دەتوانێ بەفراوانی کەڵک لە ئیمتیازەکانی زمانی شاعیرانە و شێوازەکان وەربگرێت لە باشترین ئاستدا.

رۆمان لەم رووەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە کە لە شیعر درێژترە و، شێوازێکی هەمەڕەنگتر لە ژیان بە کایەی کاری خۆی دادەنێت هەروەها خوێنەری زیاتر بۆ خۆی رادەکێشێت. ئەو خوێنەرانەی کە سەلیقە و مەیلەکانیان هەمەڕەنگتر و جیاوازترن لە خوێنەرانی شیعر، لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە توخم و یاسا، ئارەزووەکانی بەروونییەکی کەمتر دەردەبڕێت. بەڵام هەمیشە شیعر کەسایەتییەکی، زۆر سادە و ساکارتر بە خوێنەر دەناسێنێت، خوێنەر خێراتر تێدەگات کە ئەم یا ئەو شیعرە چییە، چونکە یاسا و سنوورەکانی شیعر روون و ئاشکران. جگە لەوەش کێش و قافیە و فۆرمی چاپ و روخساری تایبەت و دیاریکراوی هەیە و، بەزۆری لە رێگەی رێکخستنی لاپەڕەکان و ئەو ئاوازەی کە نیشانیدەدات دەتوانرێ جۆری شیعرەکە دەستنیشان بکرێ. بەڵام ناکرێ ئەو سنوورداریيە وردە لە رۆماندا دیاریبکرێ. کەچی ئێمە خێرا شێوە و روخساری غەزەل دەناسین و خێرا تێدەگەین. لە جۆری ئەو هەست و ئەندێشەیەی کە دەتوانرێ لە بەرامبەریدا هەبێت تەنانەت ئەو شیعرانەیکە درێژترن وەک حەماسە، بۆ ناسینی کەسی سەرەکی و ماهیەتی پاڵەوانییەکەی، سوود لە شێوازە باوە دیاریکراوەکان وەردەگرن (بۆ نموونە شێوازی پەنابردن بۆ



PDF4Kurd

خـواوەنـدی هونـەر بـۆ ئیلهـام بـەخـشین) (دەڵـێن لـەم دواییـەدا هـەنـدێ هەوڵدراون کە قاڵبەکۆنەکان بشکێنن). و ئەو بزاڤە بەتایبەتی لە شیعری نوێدا هەستی پێدەکرێ؛ وەک حەماسەی گاڵتەجاڕی (دۆن جوان)[٣]ی ((بایرون))[٤]، یان دژە حەماسەی ((سەرزەمینی بێ بەرهەم))[٥] ی ((ت. س. ئەلیوت))[٦]). هەروەها دەبێت لە کاتی نیشاندانی شانۆدا سوود لە پێگە و رەگەزی ئاشکرا وەربگیرێت. بۆ نموونە لە شانۆدا رووبەڕووی ئەکتەر و سەکۆ و بینەر و دابونەریتی تایبەتی شانۆیی دەبینەوە، کە لەرووی فۆرمەوە چوارچێوەیەکی تایبەت بەکارەکە دەبەخشن. بەڵام رۆمان لەم ئیمتیازات و یاسایانە بێ بەشە، هەر بۆیە پێناسەکەی ئەوەندە سەختە.

### رۆمان چییە؟

رەخنەگرە ئەدەبییەکان لەبەر ئەو بەڵگانەی کە باسکران وەڵامی ئەم پرسیارانە بەسەخت دەزانن. بۆ نموونە زمانی رۆمان پەخشانە و ئەویش زمانێکە کە ئێمە لە قسەکردن و گفتوگۆ و نووسیندا سوودی لێ وەردەگرین. کەواتە سەختە بتوانرێ بە خێرایی رۆمان لە کتێبە پەخشان ئامێزەکانی دیکە جیابکرێتەوە. بەواتایەکی تر سەختە بتوانرێ بە سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندییە هونەری و بونیادییە ئاساییەکانی، هەر رۆمانێک لە کتێبی مێژوویی و ژیاننامە و روونکردنەوە و ریپۆرتاژ (Reportage)، یا کتێبی کۆمەڵناسی جیابکرێتەوە. لەوانەیە هەر لەبەرئەوەش بووبێت کە (هێنری فیلدینگ)[٧] رۆمانە بەناوبانگەکەی خۆی لە ژێر ناونیشانی ((مێژووی ژیانی تام جۆنز))[٨] بڵاوکردەوە) هەڵبەت رۆمانیش هەروەک شیعر و شانۆ پابەندە بە خەیاڵەوە، گەرچی هەندێ جار بە ئەنقەست کەمتر گرنگی بەرەگەزی ((پێکهاتەی چیرۆکی)) (Fictiveness) دەدات. سەرەڕای ئەوەش سەختە رۆمان بتوانێ بەو جۆرە کاربکات و ئەو فۆرم



و کاریگەرییەی کە دەیەوێت بیخاتە بەردەستی خوێنەر، یان جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ رۆمانەکانی تردا هەیەتی دیاریبکات و لەیەکتر جیاییبکاتەوە. هەڵبەت دەرنەکەوتنی فۆرم و قاڵبی رۆمان و، ئەوەی کە پێکچوونێکی زۆری لەگەڵ قسەکردنە ئاساییەکانی خەڵک و روونکردنەوەی رووداوەکانەوە هەیە، و ئەوەش کە دەتوانێت وردەکارییەکانی رووداو و ئەزموونەکانی رۆژانە روونبکاتەوە، و ئەوەش کە پێکهاتەکەی توانای لەبەر یەک کشانی پێویستی بۆ فراوان کردن و بڵاوکردنەوەی ئەزموونە ئاڵۆزەکان هەیە- کە لە ژیانی ئاساییدا زۆر کەمن و جار ناجارێک روودەدەن- بوو بەهۆی ئەوەی کە رۆمان سوود لەو ناوەندە وەرگرێت و دەست بە دۆزینەوەی نوێ بکات. کاتێ کە دەست بە خوێندنەوەی رۆمانێک دەکەین کەمتر ئەگەری ئەوە هەیە کە پێشتر بزانین رۆماننووس دەیەوێ چ جۆرە رووداوێک بگێڕێتەوە یان چ لێکۆڵینەوەیەک دەخاتەڕوو، هەروەها زەحمەتە بزانین لەرووی سەلیقە و زەوقەوە چەندە لە نووسەرەوە نزیکین، یاخود تا چ رادەیەک زمانی چیرۆکەکەمان پێ خۆشە. رۆمان لە تایبەتمەندییە هاوبەش و وردەکانی جۆرەکانی دیکە بێ بەشە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە سوود لەم بێ بەشییە وەرگرێت. رۆماننووسان سوودیان لە هەوڵی زۆر و چەند لایەن، وەرگرتووە بۆ گێڕانەوەی فراوان و هەمەجۆری رۆمان بە شێوازی جیاواز . ((دانییل دیڤۆ)) لە یەکێک لە رۆمانەکانی سەردەمی سەرەتای رۆماننووسیدا، واتە ((مۆل فلاندرز)) لە (١٧٢٢ز)دا سوودی لە تایبەتمەندی بەهێزی ژێرزارەکی و واقیعی بوونی پەخشانی رۆمان وەرگرت و بەم وتەیە دەست بە رۆمانەکەی دەکات:-

((لەبەرئەوەی ناوی من لە مێژوو و بەڵگەنامەکانی ((نیوگات))[٩] و ((ئۆلدبیلی))[١٠]دا زۆر ناسراوە، و هەروەها هێشتا مەسەلەیەکی گرنگ



PDF4Kurd

لەبارەی رەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەتیم روون نەبۆتەوە، نابێ لە من چاوەڕوانی بکرێت کە ناو،یان پێگەی بنەماڵەییم کاریگەرییەکی لەسەر ئەم بەرهەمە هەبێت. لەوانەیە لە پاش مردنم بمناسێن. بەڵام لەحاڵی حازردا تەنانەت ئەگەر بێ هیچ ریزپەری و بێ هیچ کۆت و مەرجێک دەربارەی جۆری کەسەکان و تاوان، لێبوردنی گشتی دەربکەن، دروستنییە کە بناسریم. بەڵام دەبێت ئەوەندە بڵێم کە هەندێک لە خراپترین برادەرەکانم کە دەستیان بۆ ئازار پێ گەیاندنم کورت بووە، (هەروەک چاوەڕوانیم دەکرد، هەندێکیان بەپێی خۆیان و هەندێکی تریان بە سێدارە لە دونیا دەرچوون)، منیان بە ناوی ((مۆل فلاندرز))ەوە بانگدەکرد و ئێوەش لەوانەیە ئەو ماف و جورئەتە بە من بدەن تا لەژێر هەمان ناو پێتان بڵێم کە چ کەسێک بووم و چ کەسێکم)).

گەرچی ئەوەی خوێندمانەوە چیرۆک بوو، بەڵام لەو رۆمانەدا، شوێنە راستەقینە و بیرەوەرییە بەرجەستەکان وەکو واقیعیەتێک نیشاندەدرێن. هەمیشە رۆماننووس پشت بە راستی و راستەقینە و شتە بەرهەستەکان دەبەستێت. بێ لەوەش ئەوانە هەموویان لە جیهانی سەردەمی ئێمەدا هەن نەک لەو جیهانە نادیار و شاردراوەدا. تەنانەت بەشێوەیەک نیشاندەدرێت کە ناوی چیرۆکی، کەسایەتییە رەسەنەکە بە ناچاری و لەبەر رازداری لە شوێنی ناوی راستەقینەی ئەو بەکارهێنراوە. سەرەڕای ئەوەی کە رۆمان بەهۆی رووداوانی رووداو لە جیهانێکی راستەقینەدا، دروستی و پێگەیەکی تایبەتی دەستدەکەوێت، بەزمانێکی واقیعیش بەهێز دەبێت. ئەو زمانە زمانێکی ئاشنا و سادەیە. هەروەها واتای زمانی سەرزارەکی هەیە، وەکو ئەوەیکە لە رۆمانی ((مۆل فلاندرز))دا ژنێکی ئاسایی بە زمانێکی تارادەیەک ئاسایی، خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆیەتی؛ ئەم چیرۆکە لە شێوەی وەبیر هێنانەوەی بیرەوەرییەکانە، ئافرەتەکە دەیەوێت



رووداوەکان و خستنەرووە راستەقینەکانی لە جیهاندا بۆ ئێمە وێنە بکات. هەڵبەت هەموو رۆمانەکان وەکو (مۆل فلاندرز) واقیع ناخەنە روو. جگە لەوەی کە هەموو رۆمانەکان نایانەوێ بەو شێوەیە سوود لە پەیوەندی ژیان و هونەر وەربگرن. بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ئێمە لێرەدا بە زمانێک بەیەک دەگەینەوە کە تەنیا واتای ئاسایی و سەرزارەکی هەیە و ئەویش زمانێکە کە هیچ یەک لە هونەرەکانی پێشوو، وەدەستیان نەهێناوە. (مول فلاندرز) بە ئەنقەست نەی ویستووە کەڵک لە رێککەوتننامە و شێوازە باوەکانی هونەر بۆ رەوانبێژی و جوانکاریی وەربگرێت کە قاڵبە کۆنەکانی ئەدەبیاتییان پێ دەناسرایەوە. لە جیاتی ئەوە هەستێکمان پێ دەبەخشێ کە چوارچێوەی ئەم جۆرە لە ئەدەبیات دەبێت سەرچاوەی لە پێکهاتەو تێگەشتنگەلێکەوە وەرگرتبێت کە ئەنجامی رامان و یادداشتکردن و رێکخستنی ئەزموونە سروشتییەکانی کەسی ئاساییە، ئەوەش، واتا جەخت کردنەوەی زیاتر لەسەر ووردەکاری و تایبەتمەندییەکانی ژیان.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەم جارە کتێبێکی تر- بۆ نموونە رۆمانی ((ژیان و بیروباوەڕی ترێسترام شەندی)) (١٧٦٠-١٧٦٧ز)ی ((ستێرن))- بەمەبەستی لێکۆڵینەوە هەڵبژێرین، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز رووبەڕووی سوود وەرگرتن لەم رێگا هونەرییە (واتە رۆمان) دەبینەوە. رۆمانی ((ستێرن)) لەسەر بنچینەی جۆرێک گاڵتەکردن دانراوە واتە ئەوەی کە ((چیرۆک بە وردی بێجگە لە چیرۆک شتێکی تر نییە)) و بەشێوەیەک بۆ ئەوەی کە سەر لە خوێنەر بشێوێنێت، سوود لە بارودۆخ و حاڵی شێوەزاری چیرۆک بێژ واتە ((ترێسترام)) وەردەگرێت بۆ گاڵتەکردن بەو چوارچێوە و واتا سەرزارەکییە ئاساییانەی کە پەخشانی ئەو قاڵبە نوێیەبووە. (لەو سەردەمەدا)، ستێرن ((پێشەکی و پێشکەش))ی پەرتووکەکەی لە جیاتی ئەوەی لە سەرەتای پەرتووکەکەدا بنووسێت لە



PDF4Kurd

ناوەندی پەرتووکەکەدا نوسیویەتی. بەندێک لە کتێبەکەی تەرک دەکات و لە پاشان ناوەڕۆکی ئەو بەندە لە شوێنێکی تر بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. هەروەها ئەو بەشێوەیەک سوود لە رووی شێوازی باوی نووسین و خوێندن و چاپ و ئەو جیاوازییە وەردەگرێت کە لە نێوان کاتی چیرۆک بێژی و ئەو ماوەی کە درێژە دەخایەنێت تا خوێنەر ئەو بابەتە بخوێنێتەوە، کە خوێنەر پێبکەنێت. بۆ نموونە دەنووسێ:

((ئایا ئەمە مایەی شوورەیی و شەرمەزاری نییە کە دوو بەند لەوەی کە تێپەڕیوە لەگەڵ چوونە خوارەوە لە دوو پلیکاندا بنووسین؟ چونکە هێشتا لە پلیکانی یەکەم بەولاوەتر نەرۆیشتوین و پازدە پلیکانی تر ماون تا بگەینە کۆتاییەکەی. تا ئەو شوێنەی کە من دەزانم و وەکو ئەوەی کە باوکم و مامم ((توبی)) لەو کاتەدا کە قسەی خۆشیان دەکرد، دەیانگوت لەوانەیە بەندەکانی پەرتووکەکە ئەوەندەی پلیکانەکان بن...)).

ڕۆمانی ((ستێرن)) ناڕەزایی بوو دژی ئەو یاسا هاوبەش و یەکسانانەی کە ئەو چوارچێوە نوێیە لەو سەردەمەدا پەسندی کردبوون. بۆ نموونە زۆر لە نووسەرانی سەدەی هەژدەیەم، ڕۆمانی خۆیان بە لەدایکبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکەیان دەستپێدەکرد؛ ((ستێرن)) ڕۆمانەکەی خۆی بە تانە لێدان لە بیروباوەر و هەستی قارەمانەکەی دەستپێدەکات. بێجگە لەوە ڕۆمانی ((ستێرن)) پێماندەڵێ کە سەرزارەکی و ئاسایی بونی وشەکان، بەشێک لە شاراوەکانی ئەدەبیاتە و نابێت ڕۆمانی وەک ڕۆمانی ((دیغۆ)) تووشی هەڵەمان بکات و وابیر بکەینەوە کە زمانی چیرۆک بێ نرخترە لە زمانی شیعر، یان ڕۆمان بێ بەشە لە یاساو ڕێسا و پێکهاتە و و توانای تایبەتیی بۆ بەرقەرارکردنی ((پێکهاتەیەکی بەهێزی چیرۆکی)).

ئەو پێکهاتە چیرۆکییەی کە هەمیشە وەکو پێویست لەسەر شێوەی گاڵتەجاڕی ((ستێرن))،ە سوودی لێ وەرناگیرێت. بەزۆری ڕۆمانەکان



وەکو ژیانن. هەڵبەت نابێت ئەوەندە بایەخ بەم کارەی بدرێت تا لە یادمان بچێت کە ڕۆمان ژیان بینە. ڕۆمان ژیان دادەهێنێت و دروستدەکات و دواتر هەر ئەو وردەکارییانەی کە دایهێناون، لەژێر کۆنترۆڵییان دەگرێت و ئامادەییان دەکات و سوودییان لێوەردەگرێت. ئەم داهێنانە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت و ئەوە بەو واتایەیە کە تەنانەت دوایین وشەش کە نووسەر دەینوسێت، بەهۆی خۆیەوە دووبارە لێی دەکۆڵدرێتەوە. هەروەها ئەوەش کە چیرۆک و ڕۆمانیش ((دروست)) دەکرێن.

هەروەکو وتمان، لەبەر ئەوەی دەتوانین ڕۆمانگەلێکی جۆراوجۆر و جیاواز دا بهێنین و لەبەر ئەوەش کەئەم چوارچێوەیە لە بەرامبەر جۆر و بەش و پێکهاتە وسیستەمەکاندا نەرمی دەنوێنی، پێناسەکردنی، یەکجارسەختە. ئەو پێناسەیەی کە ((ئـ . م. فۆستر))[11] لە کتێبی ((لایەنەکانی ڕۆمان))[12]دا- کە لە ساڵی ١٩٢٧ز نووسراوە- لە یەکێ لە ڕەخنەگرانی فەرەنسی وەرگرتووە و بەناوبانگی کردووە و خستییە سەر زاران، ئەوەندە بزر و نادیارە کە راستییەکەی نامومکینە. بەپێی پێناسەکەی ئەو، ((ڕۆمان چیرۆکێکی پەخشان ئامێزە بە درێژی و قەبارەیەکی دیاریکراو)) کە دواتر ئەوەشی پێوە زیاد دەکات کە نابێت ڕۆمان لە (٥٠٠٠٠) وشە کەمتر بێت. هەڵبەتە ئەم پێناسەیە، ڕۆمان لە شیعر و شانۆنامە و کورتە چیرۆک، هەروەها ((نووسینە پەخشان ئامێز و ناچیرۆکییەکان))یش جیادەکاتەوە. جگە لەوە لەوانەیە هەر لە دوورەوە ئاماژە بە تایبەتمەندییە دیارەکانی تری ڕۆمانیش بکات، بۆ نموونە ئەگەر درێژی ڕۆمان گرنگ بێت، تێدەگەین کە چوارچێوە و پێکهاتەی ڕۆمان قەوارەیەکی دیاریکراوی هەیە؛ یان ئەگەر هەر دەبێت ڕۆمان پەخشان ئامێز بێت، تێدەگەین کە ڕۆمان سوود لە سنووردارییەکی تایبەتی زمان وەردەگرێت و لە ئەنجامدا ئەگەر ڕۆمان ((چیرۆک)) بێت بەو ئەنجامە



PDF4Kurd

دەگەین کە ((واقیعیەت)) لە رۆماندا، لەگەڵ دەستەڵاتی نووسەر لەسەر توخمەکانی چیرۆکەکەی و هێزی داهێنانەکەی بەتەواوەتی تێکەڵدەبێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە رووبەرووی زۆر نووسین دەبینەوە کە هاوتان لەگەڵ پێناسەکەی فۆرستێردا -لە رۆماندا-، بەڵام رەخنەگران ئەوانە بە رۆمان نازانن.

بۆ نموونە رۆمانسە پەخشان ئامێزەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، (چیرۆکە دڵدارییە پڕ رووداوەکان)ی وەک ((چیرۆکەکانی ئارتور شاە))[١٣]ی ((مالوری))[١٤] یان شانۆگەرییە ئەخلاقییەکانی وەک ((خوورەوشتی زیارەتکار))[١٥]ی ((جۆن باین یەن))[١٦] و ساتیرە ئەخلاقییەکانی وەک ((گەشتەکانی گالیڤەر))[١٧]ی ((جۆناتان سویفت))[١٨]، لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا یەک دەگرنەوە، بەڵام رۆمان نین. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا تەنانەت رۆماننووسانی وەک ((ناتانییێل هاوتۆرن)) و ((هێنری جیمز)) باسی جیاوازی نێوان رۆمانس و رۆمانیان دەکرد و هەمیشە دەیانزانی کە هەر جارەی، کامەیان دەنووسن. هەر لەبەرئەوەش ((هاوتورن)) لە پێشەکی چیرۆکەکەی ((خانوویەک بە حەوت جەمەلۆن)) لە (١٨٥١ز)دا - کە بەرهەمێکی نیو گۆتیکەو (چیرۆکی ترسێنەری نوێ) دەربارەی ئەو بێزاری و نەفرەتەیە کە تووشی خانەوادەیەکی نیوئینگلەندی ببۆوە- جەخت لەوە دەکات کە: ((ئەو کاتەی کە نووسەرێک بەرهەمەکەی خۆی بە ((رۆمانس)) (چیرۆکی پڕ رووداوی دڵداری) ناو دەبات بە هیچ شێوەیەک نابێت پێمان وابێت کە ئەو دەیەوێت جۆرێک لە ئازادبوون لە (یاساکان) وەدەستبێنێ- چ لە رووی شێوە و چ لە رووی بەرژەوەندی کار- ئەگەر نووسینەکەی خۆی بە رۆمان ناوبردبا، نەیدەتوانی خۆی شایستەی هەمان شت بزانێت. چونکە چاوەڕوانی ئێمە لەو قاڵبە بەناوی رۆمان ئەوەیە کە وردەکاریی



بەسەرهاتەکان شێبکاتەوە، واتە تەنیا خۆی بە رووداوی مومکینەوە گرێنەدات، بەڵکو ئاسایی هەوڵبدات زنجیرەیەک لەو ئەزموونانە وێنا بکات کە لە وانەیە رووبدەن یان بە ئاسایی بەسەر تاکەکان دێن)).

ئەم وتەیە ئەوە نیشاندەدات کە توخمی بەرجەستەی ((واقیعیەت)) و ((واقیعگەرایی)) بەشێکی گرنگی پێناسەی رۆمانە. سەرەڕای ئەوەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا توێژینەوە و گفتوگۆیەکی بەهێز لە دوولاوە لەم بارەیەوە لە ئارادابوو. بۆ نموونە ئەگەر ((ترومن کپوتی)) پێداگر نەبووایە کە چیرۆکەکەی ((کوشتنی ئەنقەست)) - کە بە سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەیێکی درێژ و ورد بەدوای کوشتنێکی واقیعیدا لە ((کانزاس))[١٩] نووسرا بوو- رۆمانە، هەروەها نەیگوتبا کە ئەو لە کۆتاییدا لەکاتی نووسینی رۆمانەکەیدا لەجیاتی پەیڕەوی لە راستەقینەیی تەواو، شێوەکانی جوانناسی و هونەریشی لەبەرچاو بووە، لەوانەبوو نووسینەکەی ئەو لە ریزی بابەتە ناچیرۆکییەکان ژمێردرابا. سەرەڕای ئەو پێناسەیەی کە ((فۆرستێر)) پێشنیاری کردووە پێناسە و ناسینی رۆمان هەروا سەختە؛ بەڵام دەکرێ لەوە دڵنیابین کە لە نێوان دوو جەمسەری رۆمانس و ((بابەتە راستەقینە چیرۆکییەکان)) (Non- Fiction) دایە.

لەراستیدا بۆ پێناسەکردنی ئەو قاڵبە پێویستە جۆرێکی تایبەت لە ریالیزم لە رۆماندا بەرەسمی بناسین. بێگومان کۆنایەتی رۆمانسی پەخشان ئامێز، پێدەچێت لەپێش رۆمانیشدا بێت. لەو کاتەدا دەتوانرێ رۆمان بە ناوی قاڵب و رێوشوێکی نوێ بژمێردرێ کە بە هۆشیاری لە بوونی خۆی و، تێگەیشتنی هۆشیارانە لە ناسنامە هاوبەش و یەکسانەکەی پێ بنێتە مەیدانەوە. بێگومان ئەو کاتەش لەدوای ساڵی ١٦٠٥ز کاتێک بوو کە ((سێرڤانتس)) کاردانەوەی دژی رۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست



PDF4Kurd

نیشاندا و لە خۆبایی بوونی ((دۆن کیشۆت))، سەردەمەکەی بەشێوەیەکی پێکەنیناوی چۆل کرد. ئامانجی کۆمێدیایی سێرڤانتس لەو کارەیدا ئەوەبوو کە بووە هۆی شکست و لەناوچوونی بەشێکی یەکجار زۆری رۆمانسە خراپ دارێژرا و بەدفۆڕمەکانی ئەو سەردەمە کە جێی بێزاری خەڵکێکی زۆربوون، کەچی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەریش بەشێکی گەورەتر لە مرۆڤایەتی ئەو سەردەمەیان (لەوانە خودی دۆنکیشۆتی غافلگیر کراو) عاشق و دڵبەستەی خۆییان کردبوو. لە راستیدا بۆ روونکردنەوە و باسکردنی دیاردەیەک بەناوی رۆمان تارادەیەک پێویستیمان بە شیکردنەوە مێژوویی، کۆمەلایەتی و ئەدەبیەکان هەیە. قاڵبی رۆمان لەگەڵ جۆری نوێی تێگەیشتنی مرۆڤ سەبارەت بە ژیان یەک دەگرێتەوە و هەمیشە ئێمە سەرهەڵدانی دەگەڕێنینەوە بۆ دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی ((ئەزموونگەرایی زانستی Empircism)) و سەرکەوتن و دەسەلاتداری کۆمەلایەتی چینی بۆرژوازی، (چینی ناوەندی پیشەکاری کۆن و سەرمایەداری ئێستا). هەروەها سەرهەڵدانی رۆمان هاوکاتە لەگەڵ سەرکەوتنی مێژوویی، پەخشانی نوسراو وەکو هۆیەک بۆ شیکاری ئەزموونی رووداو و باس و هەڵسەنگاندنە بەڵگەمەندەکان. رۆمان پەیوەستە بە سەردەمێکەوە کە ئیتر مرۆڤ بەشێوەیەکی هێمادار و جۆشدراوانە تەماشای جیهانی دەوروبەری ناکات و بەهەمان شێوە کە دوو کەس لە رەخنەگران واتە ((رۆبێرت سکولز))[٢٠] و ((رۆبێرت کلیگ))[٢١] لە کتێبەکەیاندا بە ناوی ((کرۆکی گێڕانەوە))[٢٢] (١٩٦٦ز) نووسیویانە، (رۆمان جۆرێکی ئەزموونی (Empirical) گێڕانەوەیە و بۆ فراوانی و بلاوکردنەوەی خۆی پێویستی بە ئامێرگەلی وردی هەڵسەنگاندنی زمان و ژینگە، و تێگەیشتنی تەواو لە سیستەمی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت- لە جیاتی مرۆڤ و فاکتەری میتافیزیکی_ هەیە.



بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو مەسەلانە لەوانەیە هێشتاش چاکترین پێناسەی رۆمان هەر ((هێنری فیلدینگ)) خستبێتیەروو. فیلدینگ لە پێشەکی چیرۆکی ((جۆزف ئاندروز))[٢٣]ەکەی خۆیدا لە (١٧٤٧ز)دا، هەوڵی داوە تا چۆنیەتی ئەو قاڵبەی کە لەو سەردەمە نوێیانەدا سەری لە جەرگەی قاڵبە فۆلکلۆرییە ئەدەبیەکاندا دەرهێنابوو بخاتەروو. هەروەها بە سوود وەرگرتن لە زاراوە ئەدەبیە کلاسیکییە کۆنەکان، کتێبەکەی بە ((جۆش و خرۆشی کومێدی Comic پەخشان ئامێز)) ناودەنێت. واپێدەچێت کە قسەکەی هەندێک ئالۆزبێ، بەلام بێگومان ئێمە بەرەو ئەو توخمە دەبات کە هەستی پێکردووە، و پەیوەندی لەگەڵ پێناسەی رۆماندا هەیە، رۆمان جۆش و خرۆشە؛ چونکە لە جیاتی ئەوەی کە وەک ((تراژیدیانامە)) (Tragedy) سوود لە کردارێکی (Action) تۆکمە و ورد و پوختە وەربگرێت، سوود لە رووداوی (Episodes) جۆراوجۆر وەردەگرێت، کەواتە لە رووداوە موحتەملەکان و ئەگەرەکانی ژیان نزیکترە. رۆمانەکەی ئەو ((جۆش و خرۆشی کۆمیدی و گاڵتەجاڕی)) (Come Epic) بوو؛ چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە دوور و درێژبوو ئاستەکەی نزم و هەستپێکراو بوو، هەروەها خۆشی بە ئەزموونە بالا و جدییەکانەوە سنووردار نەدەکرد و، هەموو چینەکانی کۆمەڵ و چەندین جۆر و بەشی رەفتار و نەریتی دەگرتنە خۆی و پەخشان ئامێز بوو؛ واتە دەیتوانی گەشتێکی پێکەوە بەستراو، بەلام ئازاد و بێ کۆت و بەندی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا رۆمان چوارچێوەیەکی خاوەن شێواز و ئەفسانەیەکی راستەقینە بوو و لە جیاتی لاسایی و لەبەرگرتنەوەیەکی تەواو لە ژیانی راستەقینە، شێواز و داهێنانێکی نوێی هەبوو. لەوانەیە پێناسەکەی فیلدینگ ناراستەوخۆ و نائاسایی بێت، بەلام پەنجە لەسەر خاڵێکی گرنگ دادەنێت کە دەتوانرێ لە پێناسەی قاڵبی رۆماندا سوودی لێوەربگیرێت.



PDF4Kurd

## پەراوێزەکان

١- Percy Lubbock رەخنەگر و نووسەری ئینگلیزی (١٨٧٦-١٩٦٥).

2- The Craft of Fiction.

3- Do juan.

٤- George Byron شاعیر و نووسەری ئینگلیزی (١٧٨٨-١٨٢٤).

5- The Waste Land.

٦- Thomas Stearns Eliot رەخنەگر و شاعیر و شانۆنووسی ئینگلیزی بەڕەچەڵەک ئەمریکی (١٨٨٨-١٩٦٥).

٧- Henry Fielding رۆماننووس و شانۆنووسی ئینگلیزی (١٧٠٧-١٧٥٤).

٨- The History of Tome Jones.

9- Newgate.

10- old Baily.

١١- Edward Morgan Forster رۆماننووس و رەخنەگری ئینگلیزی (١٨٧٩-١٩٧٠).

12- Aspects of the Novel.

13- Arthurian Stories.

١٤- Thomas Malory وەرگێر و نووسەری ئینگلیزی (؟ - ١٤٧١).

15- The Pilgrim's Progress.



١٦- John Bunyan وتارخوێن و نووسەری ئینگلیزی (١٦٢٨-١٦٨٨).

17- Gulliver's Travels.

١٨- Jonathan Swift ساتیر نووسی ئیرلەندی بەڕەچەڵەک ئینگلیز (١٦٦٧-١٧٤٥).

19- Kansas.

20- Robert Scholes.

21- Robert Kellogg.

22- The Nature of Narrative.

23- Joseph Andrews.



PDF4Kurd

# رۆمان و ریالیزم

**(مالکام برادبری)**

له قۆناغه جیاوازەکاندا له بارەی مەیلی رۆمان بەرەو واقیعیەت بیروڕای جیاجیا خراونەتەروو، هەندێ جار گوتوویانە کە ئەم مەیلە کلیلی خۆشبەختی و بەختەوەری رۆمانە؛ هەندێ جاریش بە هۆکاری ((پەرێشانی و گرفتاری)) رۆمانیان زانیوە. لە روانگەی هەندێ لە رۆماننووسانەوە هەموو بایەخی ئەو شێوازە لەوەدایە کە توانای توێژینەوەیەکی پراکتیکی هەیە لە هەموو وردەکاریی و بابەتە دەوڵەمەندەکانی ژیان. بەڵام بە بڕوای هەندێکی تر (کە نموونەی دیاریان ئەو رۆماننووسانە بوون کە لە دەوروبەری ((هێنری جێمز))، ((جوزیف کمونراد)) ((فۆرد مادکسی فۆرد))دا[1] کۆببوونەوە) خۆ بەدەستەوەدانی هونەری چیرۆکنووسیی لە بەرامبەر- بە وتەی هێنری جێمز- ((ژیانێکی بێ سەروبەرو و پڕ لە کردەوەی سەرشێتانە))دا مەترسییەکی گەورە و بەردەوامە بۆ رۆمان. بەهەرحاڵ راستییەکەی ئەوەیە کە ریالیزمی رۆمان و ئەو لایەنە ئەزموونی و گەڕێنەرەوەی بۆ ژیان، چەند مانایێکی جیاوازی لە زەینی خوێنەرەکانیدا دۆزیوەتەوە، جێی خۆیەتی وردتر لە هەندێک لەو رێگایانە بکۆڵینەوە کە رۆمان دەتوانێت بیانبڕێت تا لە ریزی بەرهەمە ریالیزمییەکاندا بژمێردرێت.





ریالیزم (Realism) بەمانا سادە و ساکارەکەی، بەو مانایەیە کە وردەکارییەکانی ژیان بە وردی و تەواوی بخرێنەروو. خستنەرووی وردەکارییەکانی ژیان لەو کارانەیە کە ئەدەبی چیرۆکیی ئەنجامیان دەدات؛ رۆمان زیاتر لەهەر فۆرمێکی تر دەتوانێت رووداوە رابردووەکان بە شێوەیەکی چێژ بەخش لەیادماندا زیندوو بکاتەوە. بە خوێندنەوەی رۆمان وا هەست دەکەین کە کێشەکە بە هەمان ئەو شێوەیەیە کە رۆمانەکە دەیگێڕێتەوە و بە هەمان ئەو شێوەیەیە کە نووسەر هەستی پێکردووە؛ یاخود زنجیرەی ئەزموونەکانی رۆماننووس راستەقینەیەو مەسەلەکان بەهەمان ئەو شێوەیەن کە ئەو دەیانڵێت، بەڵام لەم بارەیەوە واتە لەبارەی گیروگرفتەکانی رۆماننووس، کە لەم رووەوە ((زۆرجاریش لەبەر هەمان ئەو هۆیە رەخنەی لێدەگرێت))، ((ئانتۆنی ترۆلپ)) لە رۆمانەکەیدا بە ناوی ((فینیئس فین))[2] لێکدانەوەیەکی سەرنج راکێشی هەیە، دەنووسێت: (رۆماننووس لە مانگی تشرینی یەکەمدا ماسی (قزل ئالا) راودەکات یاخود لە مانگی ئایاردا کەو راو دەکات، بەڵام گوڵەکانی (جۆری کەوکەبی) لە مانگی حوزەیراندا دەگەشێنەوە و باڵندەکانیشی لە پاییزدا دەجریوێنن)). توانای پێشبینی کردنی تەواو و راستی وردەکارییەکان، و کۆکردنەوەی وردەکارییە راستەقینەکانی پەیوەست بە چیرۆکەکە، لەو شتانەن کە لە رۆمانی هاوچەرخدا دەیانبینین و خێرا ستایشیان دەکەین. دەڵێی ئەو شتانە لە رۆمانەکانی رابردووشدا فێرکەر بوون و لە روانگەی مێژووییەوە چەند راستییەک ئاشکرا دەکەن. هەڵبەت لە هەندێ لە رۆمانەکاندا وا دێتە بەرچاو کە ئەم تێبینی کردنانە- تارادەیەکی زۆر- بە رێکەوت بن (ئەگەر چی لە هەندێکی تردا وانییە). تەنانەت لەو رۆمانەدا کە وردەکارییەکانی زۆر بە



PDF4Kurd

وردی بە کۆنترۆڵکراویی هەڵبژێردراون، وادەردەکەوێت کە رۆماننووس هەوڵی داوە وردەکارییەکانی ئەو شتانە زیاتر راڤە بکات کە بە تەواوی ناسیونی. بەهەرحاڵ ئەو توانایەی بینین، شتێکە زیاتر لە توانای دەرککردنی راستییەکان، هەروەها شتێکی زیاتر لە خستنەرووی رەوتی تێگەیشتنی هەستەکانیش نیشاندەدات، لەو رووەوە بەناچاری دەبێ بە وردەکارییەکانی بڵێین (راڤەکردن).

زۆربەی نووسەرەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان سوود لەو توانایە وەردەگرن کە رۆمان دەیخاتە بەردەستیان تا وردەکارییەکانی ساتە تایبەتەکان پەروەردە بکەن، بۆ نموونە ((ئەمیس)) و ((د. ە. لارنس)) وەک دوو نووسەر هەریەکیان بە شێوازی تایبەتی خۆی باس لە وردەکارییەکان دەکەن، ((ئەمیس)) جەخت دەکاتە سەر واقیعی بوونی وردەکارییەکان، لە کاتێکدا کە ((لارنس)) جەخت دەکاتە سەر پەیوەندی (Neo Symbolistic) یان هەروەکو ((هێنری جیمس)) دەڵێ جەخت دەکاتە سەر- چۆنیەتی ((وێنەیی و جوانکاری))، (Illustrative)یەکان، بەڵام لەوانەیە نووسەرانی تر زیاتر سەرنج لە وردەکارییە دیارەکانی روخساری ژینگە و کۆمەڵگا بدەن؛ یاخود زیاتر وەسفی رووکاری کەسەکان بکەن، یاخود زیاتر درککردنە دەروونییەکانی کەسەکان راڤە بکەن. رەنگە دیسان خودی رۆماننووس بە ئەنقەست تێبینی و وەسفی ئەم وردەکارییانە بکات، یاخود جێگرەکەی واتە گێرەرەوەی چیرۆک ئەو کارە بکات. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەو گرنگی دانە بە وردەکارییەکان بەشێکە لە تایبەتمەندییە باڵاکانی چیرۆکە کە، سەرەڕای ئەوەش، چیرۆک زۆر لەو شتانەی کە باسیان لێوەدەکات، دەیانکاتە بەرجەستە و بابەت. بەشێک لە کاری رۆمان ئەوەیە کە ناوی دیار و تایبەتی بۆ کەسایەتییەکانی دانێت، پێکهاتەیەکی دەروونی تایبەتیان پێبدات، یاخود بیانخاتە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی - مێژوویی تایبەتەوە. رۆمان لەو



ئەزموونانە دەدوێت کە تایبەتن بە تاک و دەوڵەمەندەوە و لە هەلومەرج و ژینگەی ئاڵۆزدا ئەنجام دەدرێن. ئەمە بەو واتایەیە کە رۆمان بایەخ بەو نمونانە دەدات کە لە پەیوەندی دایە لەگەڵ هۆ و هۆکار و ئەنگیزەکانی تاکدا. هەروەها رۆمان رووداوە لە ناکاوەکان و ئەوانەش کە ئەگەری روودانیان هەیە دەگرێتە خۆی. سەرەڕای ئەوەش وردەکارییەکانی رۆمان لە جەرگەی رووداو و ساتەکاندا لە دایک دەبن. لەوانەیە مەبەستی ((ئایرس مرداک))یش لەوەی کە رۆماننووس وەسفکارە نەک ((روونکەرەوە)) هەر ئەوە بێت، لەراستیدا لە جیاتی ئەوەی کە بەشرۆڤەکردنی ئەقلانی دەستەواژەکان لە مانای رۆمان تێبگەین، پێویستە لەو شتانە تێبگەین کە دەیان خاتەڕوو و نمایشیان دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە وا دەردەکەوێت کە - بە وتەی ((رۆبێرت لویس ستاڤینسۆن))[٣] - ((شەیدایی چیرۆک سەبارەت بە وردەکارییەکان)) یەکێک بێت لە تایبەتمەندییەکانی رۆمان. ئەگەرچی نابێت وا بیربکەینەوە کە ئەم سەرنجدانە لە وردەکارییەکان بەو مانایەیە کە رۆمان بەرهەمی بەیەک بەستنەوەی وردەکاری و ساتەکانە. ئەو رۆمانەی کە پڕە لە وردەکاری و ساتە تایبەتییەکان، دەشێت پێکهاتەیەکی زۆر رێک و پێک و تەواوی- وەک بەرهەمی ((هنری جێمز))-ی هەبێت، لە کاتێکدا کە بەرهەمێکی تری وەک ((ئاناکارنیتا))ی ((تۆلستوی)) بە هەمان تایبەتمەندییەکانەوە، لەوانەیە پێکهاتەیەکی گۆڕاو و رەنگدەرەوەی هەبێت. ئەگەر لە رۆمانێکدا لە رادەبەدەر رووداوی سەرەکی و ناسەرەکی هەبوون بە مانای ئەوە نییە کە لە کۆتاییدا لەو رۆمانە واقیعترە کە پڕ رووداو نییە، چونکە رۆمانێکی وەک ((تریسترام شندی)) کە لەسەر بناغەی هەڵفرین لەسەر لقێکەوە بۆ سەر لقێکی تر دامەزراوە، و رۆمانەکانی ((ڤیرچینیا ولوف)) کە بە ئەنقەست نارێک و پێک و سست و ئاڵۆز بڵاو بوونەتەوە (مەبەست رۆمانە دیارەکانی ((شەپۆلی زەین)) یان دەروونناسییە) زۆر بە



PDF4Kurd

وردی شێوەیان پێدراوە و سیستەمێکی هێمادار زاڵە بەسەر وردەکارییە تایبەتییەکانی هەریەکیاندا. کەواتە مەبەستمان لە ریالیزم لە رۆماندا تەنیا ریالیزمی وردەکارییەکان نییە.

### ریالیزم لە پێکهاتەی رۆماندا

یەکێک لە ئەنجامەکانی بایەخدان بە وردەکارییەکانی چیرۆک ئەوەبوو، کە ئێمە بە زۆری لە جیاتی ئەوەی وەک پێکهاتەیەکی تەواو هەماهەنگ لە رۆمان بڕوانین، بەڵکو لەبەر بەشەکانی- بۆ نموونە کەس و شوێن و دیمەنەکان- بیخوێنینەوە. پێکهاتەی رۆمان هەمان شێوازی سەرتاپاگیرە کە هەموو بەرژەوەندی و بەشەکانی رۆمان بەپێی ئەو رێک دەخرێن و زۆرجار باسکردن لەم بارەیەوە لە شتەکانی تر زەحمەتترە. لێرەدا دەمانەوێت باسێک بهێنینە ئاراوە کە لە رەخنەی ئەدەبیدا زۆر باوە ، ئەویش ئەوەیە کە ناسینی ریالیزم لە رۆماندا لە رێگەی ((ناسینی تەواوی پێکهاتەکەی))ەوە ئاسانە. لە وتارێکدا بەناوی ((دابونەریت و بنەما ئەخلاقییەکان و رۆمان))[٤] کە وەکو کۆمەڵە وتارێک لەژێر ناوی (بیرکردنەوەی ئازاد))[٥] لە (١٩٥٠ز) کۆکراوەتەوە ((لیونل تریلینگ))[٦] (کە یەکێکە لە رەخنەگرانی ئەمریکای باکوور)ە دەڵێ ((رۆمان واتە هەوڵی بەردەوام بۆ گەیشتن بەراستییەکان. کایەی لێکۆڵینەوەی رۆمان ((کۆمەڵگا)یە و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەیش هەمیشە دابونەریتی کۆمەڵایەتی بووە.- کە نیشاندەری ستەمکاریی رۆحی مرۆڤ))ە. دواتریش روونی دەکاتەوە کە رۆمان ئەدەبی کۆمەڵگای گۆڕاوی سەرمایەدارییە و کارەکەشی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی رۆڵی پارە و (خانەدانی) و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییە، بەو جۆرە دیاردە و راستییەکانی کۆمەڵگا دەچەسپێنێت. رۆمان هەرچەند شەیدای وردەکارییەکانی ژیانە، بەڵام لە



هەمان کاتدا دەشیانخاتە ژێر پرسیارەوە، کەواتە لەناوبردنی خەیاڵ پڵاوی و لە شوێن دانانی واقیعیاتە تەواو ورد و راستەکان، پێکهاتە یا ((ئوستورەی رۆمان)) دادەڕێژن. بێگومان پێویستە بگوترێت کە لە راستیدا هەموو رۆمانەکان بەم شێوەیە نین, بەڵام زۆربەی رۆمانەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەیەم هەمان شێوازییان هەیە. ( ((تریلینگ)) بە نائارامییەوە دان بەوەدا دەنێت کە ((ئەو رۆمانەی کە باسم لێوە کردووە وەکو پێویست لە ئەمەریکادا جێی خۆی نەکردۆتەوە. چونکە ئەمریکا بێ بەشە لەکەڵەکە بوون و یەکێتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و دابونەریتی جێگیر و یەک دەست)).) بەهەرحاڵ ئەوەی ((تریلینگ)) خستیەروو ئەوەیە کە یەکێک لە ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی ئەدەبی چیرۆک بریتییە لە ((هەوڵ و کۆششی ئەو ئەدەبیاتە لە کۆمەڵگادا بۆ دەستەبەرکردنی واقیعیەت)) ئەوەش هاوکارییەکی زۆرچاکە تا لە رێگەی ئەوەوە فۆرمی جێگیر و کلاسیکی رۆمان راڤە و روون بکەینەوە. بەڵام بۆ روونکردنەوەی پێویستە یەکەم جار یەکدەستی و رووی راستیی دابونەریتی کۆمەڵایەتی پەسەند بکەین و هەوڵبدەین فۆرم و پێکهاتەیەکی گونجاو بۆ روونکردنەوەی ئەو دابونەریتە بدۆزینەوە؛ رۆمانە کلاسیکییەکانیش ئەو فۆرمە گونجاوەن. رۆمانە کلاسیکییەکان ئەو کەسانە نمایش دەکەن کە لەناو رەگ و ریشەی کۆمەڵدا دەجوڵێنەوە و بەدوای بەدەستهێنانی ناسنامەی کەسایەتی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا دەگەڕێن.

بۆ نموونە پاڵەوانی رۆمانی ((تۆم جۆنز))ی (١٧٤٩ز) ((فیلدینگ)) واتە ((تۆم)) منداڵێکی سەر شەقامەکانە و لە سیستەمی کۆمەڵگادا جێ و شوێنێکی دیاریکراوی نییە. کەواتە ئازادانە سەر لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەدات و دەچێتە شار و گوندەکان و لەنێوچینەکانی سەروژێری کۆمەڵدا دەسوڕێتەوە. لەو حاڵەتەدا بنەما زەینی و ئەبستراکتەکانی کۆمەڵگا



PDF4Kurd

بە پێوەر و حەزەکانی خۆی لە مەحەک دەدات. سەرەنجام دەبێت بە نوێنەری خێر و چاکە، بەڵام لە جۆرە ساکار و واقیعیەکەیدا. لە چیرۆکی ((ئامـا))[٧]ی ((جین ئوستن)) لە (١٨١٥ز)،دا ((ئاماوودهاوس))[٨] واتە ژنە پاڵەوانی چیرۆکەکە، کەسایەتییەکی زۆر رۆمانتیکیی (Romantic)یە و لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە تووشی جۆرەها هەڵە و تاوان دەبێت. بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت ناچارە لە کۆتایی کارەکەیدا بزانێت کە لەڕووی ئەخلاقییەوە بەهەڵەدا چووە و کاتێک کە تێدەگات، لەگەڵ یەکێک لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکەدا واتە ((نایتلی))[٩] دەبێتە هاوسەر و (نایتلی)یش کەسایەتیەکە چاکییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان لە رۆماندا پێکەوە دەبەستێتەوە. لە چیرۆکی ((میدل مارچ))ی ((جۆرج ئەلیوت))دا کەسایەتییەکان گرفتار و رووبەڕووی بارودۆخ و ستراکچەری ئاڵۆزی کۆمەڵگا(شارێک لە ئینگلتەرا) بوونەتەوە، جگە لە گۆڕانکارییە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی یەکەم یاسای چاکسازی ساڵی (١٨٣٢ز) بوون، دواتریش نیشاندەدرێت کە هەر یەکێکیان، بەرێگایەک لە ژیانی خۆیدا لە ژینگەیەکی گۆڕاو سود وەردەگرێ یان نا. لە تەواوی ئەو رۆمانانەدا گومانێکی ئیجابیانە یاخود ریالیزمیانە- کە بەشێکی سەرەکی بۆچوونی نووسەرەکانیانن- بەرچاو دەکەوێت. سەرەڕای ئەوە، مەیلی بەهێزی رۆماننووس یا ئەو کەسەی لە چیرۆکدا زیاتر لە هەموو شتێک جێی سەرنجی رۆماننووسە، بایەخ بە شیکردنەوە و توێژینەوەی ئەزموونی بەڵێننامە زەینی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات و وێڵی ئەوەیە کە ببینێت ئایا ئەو بەڵێننامانە لەگەڵ ئەزموون و واقیعیەتەکاندا گونجاون یان نا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو مەیلانە لەگەڵ ستایشکردن و خۆشویستنی جیهانی ماددی و دابونەریت و خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکان و شتە تایبەتییەکانی تاک (واتە جۆرێک لە ریالیزم کە گرنگی بە راڤەکردنی تێروتەسەلی کارەکان و ئادابی مرۆڤ دەدات) داهاوڕێن. لە زۆربەی



حاڵەتەکانیشدا جارێکی تر ئەو مەیلانە هاوڕێن لەگەڵ گاڵتەجاڕی و لەناوبردنی ئەفسانەی درۆیین و نا واقیعی و (واتە تێڕوانینی خەیاڵی و زەینی بۆ بارودۆخ) دانانی ئەفسانەی واقیعی لەجیاتی یان. سەرەڕای ئەوەش ئەو مەیلە، گومان یاخود کینایەی ساتیریی (Irony)- تەواو وەک ئەوەی لە بەرهەمی ((جین ئۆستن))دا دەیبینین- بەدوای خۆیدا رادەکێشێ. ((جین ئۆستن)) لە بەشێکی کورتی کۆتایی رۆمانەکەیدا واتە ((قایل کردن))[١٠]، لە (١٨١٨ز)دا سوود لە کینایەی ساتیریی وەردەگرێت، کاتێک کە حەزکردنی ئەو بۆ واقیعیەت نیشاندەدات و تێڕوانینە گوماناوییەکەی دەخاتەڕوو:-

((ئان ئەلیوت))[١١] (ژنە پاڵەوانی چیرۆکەکە) هەستیکرد کە زۆر حەزدەکات بچێتە لای دەرگای دەرەوە. دەیویست ببینێت کە باران دەبارێت یان نا. بەڵام بۆچی پێویستە گومان لە خۆی بکات کە ئەم داخوازییە هۆیەکی تریشی هەیە؟ ئیتر هەر نەدەبوو کاپتن ((ونت ورس))[١٢] (کە ((ئان خۆشی دەویست) ببینێت. بەو شێوەیەش نەبوو کە هەمیشە پێی وابوو نیوەی وجودی لە نیوەکەی تری عاقڵترە؛ یاخود هەمیشە گومانی دەکرد کە نیوەکەی تری وجودی لەوە خراپترە کە هەستی پێدەکرد)).

کینایە و ساتیر روویان لە دەروونی ((ئان))ە ئەگەرچی رۆماننووس زیاتر سوڕاندوویەتی. بەشێک لەو پاڵنەرەی کە لەپشت کارەکەی ((ئان))ەوەیە حەزکردنە لە دیتنی کاپتن ((ونت ورس)). دیسان دەتوانین نموونەیەکی وردتر و باشتری گومانی ریالیزمیانە لە ((مادام بوڤاری))دا لە (١٨٥٧ز) ببیننەوە، کە دوو ئەوەندە کینایەی لەگەڵ دایە. لەلایەکەوە رۆماننووس بە گومانێکی بەهێزەوە بەهۆی خەیاڵ پلاَوییە ئاشقانە و ناواقیعیەکانی گاڵتە بەپاڵەوانە ژنەکەی خۆی، لەبەرئەوەی کە خەیاڵپەرستە- دەکات و لەلایەکی ترەوە ئەو گۆمانانە بوون بە رێگایەک تا نووسەر نیشانبدات کە تا چ



PDF4Kurd

ڕادەیەک ژینگەی بێزارکەری شارستانی فەرەنسی نەگونجاوە بۆ هاتنەدی خەیاڵاتە ئاشقانەکانی. ئەو مەسەلانەی کە ((تریلینگ)) خستینە زۆر لە بەرهەمە چیرۆکییە گرنگەکان و زۆر لە باشترین ڕۆمانە ئەمریکییەکانی وەک ((پەڵەی شورەیی))ی ((هاوسورن)) و ((موبی دیک))[١٣] (یان نەهەنگی سپی)ی ((هرمان ملویل)) و ((ڕووداوەکانی هاکلبری فین))ی ((مارک تواین))و.... تاد، هەروەها ژمارەیەکی زۆری بەرهەمە نوێکان ناگرنەوە، ئەوە زیان بە باسی ((تریلینگ)) دەگەیەنێ، بەڵام بە تەواوی لە ڕێڕەوەکەی دەری ناپەڕێنێت. ڕۆمان بەردەوام لەنێوان ریالیزم و زەینیەتدا دێت و دەچێت، تا ئەوکاتەی کە بێگومان ئەفسانەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایەک یاخود قۆناغێکی مێژوویی بگۆڕێت بۆ ئەفسانەیەکی تری خەیاڵی و زەینی و ڕێگا بۆ قۆناغێکی نوێ لە گومان گەرایی و دوو دڵی لەمەڕ ئەوەی کە هەیە، بڕەخسێتەوە. لە ڕوانگەی ریالیزمی نوێوە، ئەو ڕۆمانەی کە ((تریلینگ)) وەسفیدەکات بەرەبەرە متمانەی خۆی لەدەستدەدات. بۆ نموونە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا جۆرێک لە ریالیزم- کە بە زۆری بە سروشتگەرایی ((Noturalism) ناودەنرێت- هاتە ئاراوە کە جەخت دەکاتە سەر جەبری ژینگە و کۆمەڵ. ئەم ریالیزمە دوو دڵ بوو لەمەڕ ئەوەی کە تاک بتوانێت بڕیار لە بارەی چارەنووس و بوونی خۆی بدات، چونکە کۆمەڵگا بەرەبەرە فراوان دەبوو و دەگۆڕا بۆ چەمکێکی ڕووت (ئەبستراکت) و ڕەها، وپەیوەندی بەشەکانیش دەبوو بە پەیوەندییەکی میکانیکی.

کەواتە بە بۆچوونی نووسەرانی وەک ((ئەمیل زۆلا)) و ((تیودۆر درایزر)) و ((تۆماس هاردی)) و ئەوانی تریش, مرۆڤ بوو بە شتێک کە کەوتە ژێر گوشاری هۆکار و تواناکانی دەرەوەی خۆی وەک کۆمەڵگا و قەدەر و پرۆسە و قۆناغی بە پیشەسازی بوون و گەشەسەندنی شارنشینی و واتای ریالیزمیش گۆڕا بۆ ((لێکۆڵینەوەی لاوازیی مرۆڤەکان لە بڕیاردان



لە بارەی چارەنووسەکەیانەوە)). یان هەروەکو هەندێ لە ڕۆماننووسان (وەک ((د. هـ لارنس)) و ((مارسل پرۆست)) و ((ڤیرجینیا ولـوف)) لەبەرهەمەکانیاندا هەوڵیانداوە بڵێن, کە کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەسەر بوونەکەی، لەژێر دەسەڵاتی خودئاگایی دایە.

کەواتە ڕۆماننووسەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بارەی ئەوەی کە کۆمەڵگا وەکو تۆڕێک لە نەریت و بنەما ئەخلاقییەکانی بتوانێت شێوە بە ژیانی مرۆڤ بدات یاخود تاک بتوانێت بوونەوەرێکی سەربەخۆ بێت؛ یان هەر لەبنەڕەتدا ئەوەی کە ڕۆمان توانای ئەفراندنی ئەفسانەی نوێی هەیە، گومانیان زیاتر دەبوو. لە پاش ئەوەبوو کە لە ڕۆمانە نوێخوازەکاندا هەوڵدرا هەرچەند بکرێت زیاتر لە ((ئەفسانە داماڵرێت)) و نووسەرانی وەک ((هێنری جێمز)) و ((جۆزێف کێنراد)) و ((مارسل برۆست)) و ((جێمز جویس)) و ((تۆماس مان))یش دووبارە بەشێوەیەکی ڕیشەیی بناغەی چیرۆکنووسی نوێیان داڕشتەوە. بۆ نموونە ((جێمز جویس)) لە ((ئولیس))دا لە (١٩٢٢)، بە فراوانترین شێوەی خۆی سوود لە دژایەتی کینایە و گاڵتەجاڕی نێوان ((دیدی فۆلکلۆری پاڵەوانانی حەماسە لەمەڕ ئەزموونەکان)) و ((خستنەرووی واقیعی و هەنووکەیی ئەم ئەزموونانە)) وەردەگرێت. بەو واتایەی کە ڕۆمانەکەی خۆی لەسەر چوارچێوەی ((ئودیسە))ی ((هومر)) بینا دەکات و، سێ کەسایەتی ئەم حەماسەیە لە بەرامبەر چارەنووسی سێ کەسایەتی تردا دادەنێت کە لە ((دۆبڵین))ی (ئیرلەندا) لە ساڵی (١٩٠٤ز)دا دەژین، ئەوەش لە پێناوی نیشاندانی نەمان و لەناوچوونی ئەفسانە و مانایە لە مێژوودا. بێگومان ((سێرڤانتس)) و ((فیلدینگ))یش بۆ خستنەرووی واقیعیەتی پێکەنین ئامێز سوودیان لە چوارچێوەی حەماسەی گاڵتەجاڕی (Mock- heroic) وەرگرتووە. بەڵام ((جویس)) بە جۆرێک واقیعیەت دەخاتەڕوو کە بە پەشۆکان و بێ ئومێدی



PDF4Kurd

زیاتری خوێنەر کۆتایی بێت. دەتوانین نموونەی واقیعی و قووڵی ریالیزمی گوماناوی نوێ لە رۆمانی ((راسپێردراوی شاراوە))[١٤]ی ((جۆزیف کونراد)))دا لە (١٩٠٧)- کە یەکێکە لە کینایی ترین (Ironic) رۆمانەکان کە تا ئێستا نووسراون- ببینین. ئەو رۆمانە لە پاڵەوانی پیاو یا ئافرەت بێ بەشە، کە بە زۆری لە بەرهەمە چیرۆکییەکاندا هەیە. کەواتە ئێمە وەک خوێنەر تەنیا دەتوانین لەگەڵ ماوە کینایی، (Ironic Dlstance) کە نووسەر لە بەرامبەر یەکەیەکەی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە هەیەتی، هاوڕێ و هاوهەست ببین. ئەو کینایە گاڵتەجاڕییانەی کە هەروەکو ((کێنراد)) دەڵێت ((توانای ئەوەیان پێ بەخشیم تا ئەوەی کە هەستم پێ دەکرد، بەتێکەڵەیەک لە گاڵتە و بەزەیی دەربببڕم)). لەم رۆمانەدا رووبەڕووی کۆمەڵگەیەکی یەکانگیر نابینەوە، رووداوەکانی رۆمان لە ((لەندەن)) روودەدەن کە لەنێو بەرگ و رووکارێکی سیستماتێک و شارستانیدا شاردراونەتەوە. ((ئەو شارە زەبەلاحەی کە دانیشتووانەکانی لە هەندێ لە کیشوەرەکان زیاترن. ستەمکاری قوت دەری، روناکی جیهان)). هەروەها ئەم رۆمانە پلۆتی(Plot) نییە؛ بەو مانایەی کە بەگشتی رووداوەکانی گونجاو نین و، چیرۆک لە دیدگایەکی (Stond Point) زۆر نائاساییەوە دەگێڕدرێتەوە. رۆمان جیهانێک دادەهێنێت کە تیایدا هیچ کەسایەتییەک لەم جیهانەدا توانای دۆزینەوەی راستی یان ئازادکردنی خۆی نییە. ئەگەرچی جیهان خۆی پڕی ئاژاوەیە، بەڵام کەسایەتییە ئانارشیستەکان (Anarchist) دەبەنگ و پووچن و تەنیا ماهیەتی مرۆڤی ((ناڕازی و دەبەنگ)) دەردەخەن. ((ستیڤی))[١٥]ی شێت کە هەمیشە خەریکی وێنەکیشانی بازنەی بێ ئەنجام و بێ مانایە، سایەتییەکە کە لە هەموویان زیاتر هەستی هاودەردی ئێمە دەورووژێنێت، و ((مینی ڤەرلۆک))[١٦] بە کوشتنی مێردەکەی- کە خۆی بە تەقاندنەوەیەکی بێ ئامانج و بێ مانای بۆمبێک بووە هۆکاری مەرگی ((ستیڤی))- ئازادی خۆی



بەدەستدەهێنێ؛ بەڵام تەنیا ئازادییەک بەدەستدەهێنێت کە ترسناکە، ((ئەو بووە ژنێکی ئازاد. تەواو ئازاد. ئەو ئازادییە ئەوی خستبووە بارودۆخێک کە ئیدی هیچ ئارەزوویەکی نەبوو. ئیتر هیچ کارێکی نەبوو بیکات... لە شوێنی خۆی نەجووڵێت، ژنێک بوو کە چێژی لە نابەرپرسیاریەتییە تەواو و بێکارییە هەمیشەییەکەی وەردەگرت. تەواو وەک تەرمی مردووەکان)). ((کێنراد)) بوونی هەر بەهایەکی ئیحتمالی رەت دەکردەوە کە بتوانێت رۆڵێکی تەوەری لە ژیانی مرۆڤدا بگێڕێت- جارجاریش لە رۆماندا دەخرێتەروو-. بەو شێوەیە ریالیزمی گوماناوی و بێ باوەڕ لە رۆماندا، دەگۆڕێت بۆ بۆچوونێکی رەهاو روخێنەر؛ وبۆچوونی ((مینی فرلاک))یش لەسەربنەمای ((ژیانی ناجێگیر شایانی تێرامانی نییە)) بەهێز دەکات. ((کێنراد)) لە رۆمانی (راسپێردراوی نهێنی))دا تەنانەت لە ستایشی بە پەرۆشانەی راستییە کۆمەڵایەتییەکانیش (کە ((تریلینگ)) بە بەشێک لە ریالیزمی رۆمانیان دادەنێ) زیاتر هەنگاو دەنێت، بێگومان هێشتا بەرامبەر بە ریالیزمی گوماناویی وەفادار دەبێ. بەڵام ئەگەری بوونی پاڵەوان لە کۆمەڵگادا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها لەمەڕ ئەگەری ئەوەی کە بتوانین بۆ بوونی کۆمەڵگا مانایەک بدۆزینەوە، یاخود پەیوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگا بە جۆرێکی واتادار روونبکرێتەوە، دوودڵە، سەرەڕای ئەوەش بە گومانەوە دەڕوانێتە گەڕانی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی (راستەقینە)، تەنانەت بە هەبوونی داڕشتنی چیرۆکێکی رێک و گونجاو بەپێی پلانیش))- واتە هەمان وێناکردنی ریالیزمییە تەقلیدییەکانی پێش خۆی-. بۆ نیشاندانی هەموو ئەوانەش، خودی چیرۆک وەک ((پێکهاتەیەکی رێک و پێک)) یاخود ((ئەفسانەی راستەقینە)) دەخاتەژێر پرسیارەوە. ئەو ریالیزم و رۆمانەی کە ((تریلینگ)) پێناسەی کردون لە سەدەی ئێمەدا بە تەواوەتی لەناونەچوون، بەڵام مەرجی بە خۆوە گرتووە و ئەوەش پێمان دەڵێت کە واقیعیەتیش وەک



PDF4Kurd

خودی ریالیزم چەمکێکی رەها نییە، بەڵکو جۆرە درککردنێکە. بەپێی ئەوە چ لەرووی مێژووییەوە و چ بەپێی ئەو راڤانەی کە تاک و زەینییەتەکان بۆی دەکەن بەردەوام لە گۆڕاندایە. رۆمانیش پەیوەستە بە خستنەرووی وێناگەلێک لە واقیعیەت کە لەسەربنچینەی بیروباوەرە باو و زاڵەکانی سەردەم- لەبارەی ئەوەی کە ئەزموونەکانی مرۆڤ لەژێر چ سیستمێکەوە ئەنجامدەدرێن- دروستبووە و دەستبەکارە. (بۆ نموونە لەپشت سەری سروشتگەرایی (Natruralism)یەوە بیروباوەڕی داروین و ئەوانەی بروایان بە جەبری کۆمەڵایەتی هەیە- واتە هەمان ئەندێشەکانی سەرەتای کۆمەڵناسی- هەن و رۆمانە ریالیزمە دەروونییەکان یاخود رۆمانە دەروونناسییەکانیش لەسەربنچینەی بیروڕاکانی ((فروید)) و ((یۆنگ))[١٧] شێوەیان وەرگرتووە؛ لەپشت زۆر لە رۆمانە نوێیەکان (Modern)ەوە کە توانای واقیعیەت (Realistic Contingency) یان بە لوتکەی فەلسەفەی نهیلیزم گەیاندووە، بیروڕاکانی ((هایدگەر))(١٨) و ((سارتەر)) هەن) بەڵام لە هەموو شێوازەکاندا رۆمان ئاراستەیەکی جەبری بۆ ریالیزم هەیە. چونکە رۆمان سوود لە ((پەخشان)) واتە زمانی ئەدەبی وەردەگرێ کە زیاتر لە هەر زمانێکی تر واتای (وشە بە وشە) راستەقینەی هەیە و رەسەنایەتی و راستی ئەزموونە تاکەکەسیەکان بەرەسمی دەناسێت. سەرەڕای ئەوەش زیاتر باس لە پەیوەندەییە ئینسانییەکان دەکات و پێش ئەوەی بنووسرێت پێکهاتە و فۆرمەکەی پێشتر بەپێچەوانەی تراژیدیا (Tragedy) دیار و روون نییە، دەڵێی هەموویان، رێگە بۆ دەرکەوتنی تاکە فۆرمێک هەموار دەکەن کە یەکسانیش بێت ، کەواتە چونکە ریالیزم لە تایبەتمەندییە گۆڕاوەکانی رۆمانە و دەتوانرێ لە لایەنی جیاوازەوە لێی بدوێین، بەتایبەتمەندی ریالیزمیشەوە ناتوانین پێناسەی رۆمان بکەین. بێگومان هەموو ئەو پێناسانەی بۆ رۆمان کراون و تێیاندا جەخت لە نزیکی رۆمان لە ژیان و پەرۆشی و



نیگەرانییەکەی سەبارەت بە کێشەکانی تاک و کۆمەڵ و لێ ووردبوونەوە و سەرنجەکەی- بە گوتەی ((هێنری جیمس))- بۆ ((پێکهاتەی یەکجار زۆری شتەکان)) (The Awful Mixture of Things) کراوە؛ راست و بەجێیە بەڵام تەواونییە. تایبەتمەندیی ریالیزم ئەو رۆمانانە دەگرێتەوە کە پێکهاتەکەیان ئاڵۆزە و چەندین جۆر و شێواز و هونەری ئاڵۆزیان لەگەڵدایە، وەک ئەو رۆمانانەی کە پێکهاتەیەکی زۆر ورد و کۆنترۆڵکراویان هەیە، یان پێکهاتەکەیان، بەپێی بنەماکانی جوانناسی (ستاتیکا)) بونیات دەنێن (واتە هەمان ئەو شتەی ((هێنری جێمس)) بەو ((قاڵب))ەی دادەنێت کە بەرهەمی لێوردبوونەوەی وردەکارییەکان و بەشە تایبەتییەکانە).

سەرەڕای ئەمانە تایبەتمەندی ریالیزم ئەو چیرۆکانەش دەگرێتەوە کە بنچینە و پێکهاتەی خۆیان دەبەنە ژێر پرسیارەوە- وەک رۆمانەکانی ((تریسترام شەندی))، ((ئولیسی)) یاخود ((راسپێردراوی نهێنی))- پێویستە بزانین کە ئەگەرچی لەوانەیە رۆمان وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانە و ئەزموونە تاکەکەسییەکان بەجۆرێک بخاتەڕوو کە هیچ کام لە هونەرەکانی تر ناتوانن، بیانخەنە بەردەستمان، بەڵام لە کۆتاییشدا لەژێرکایەی زماندا لە پێکهاتەیەکی تایبەتی بەهرەمەندە و بۆ باوەرپێهێنان و سەرنج راکێشانی خوێنەر سوود لە هونەری ئەدەبییش وەردەگرێت؛ لە کۆتاییدا نموونە و پێکهاتەی زمانی جیاوازیش دادەرێژێت.



PDF4Kurd

## پەراوێزەکان

١- Ford Madox Ford نووسەری ئینگلیزی بەڕەچەڵەک ئەلمانی (١٨٧٣-١٩٣٤).

2- Phineas Finn.

٣- Robert Louis Stevenson شاعیر و ڕۆماننووسی سکۆتلەندی (١٨٥٠-١٨٩٤ز).

4- Manners, Morals and the Novel.

5- The Liberal Imagination.

٦- Lionel Trilling مامۆستای زانکۆ، چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئەمریکی (١٩٠٥).

7- Emma.

8- Wood house.

9- Knightley.

10- Persuasion.

11- Anne Elliot.

12- Went Worth.

13- Moby Dick.

14- The Secret Agent.

15- Stevie.

16- Minnie Vetloc.

١٧- Carl Gustav Jung دەروونناس و دەروونپزیشکی سویسری (١٨٧٥-١٩٦١).

١٨- Martin Heldegger فەیلەسوفی ئەڵمانی ((١٨٨٩-     ).





PDF4Kurd

# پێکهاتەی ڕۆمان

کاتێک ڕۆماننووس ڕۆمانێک دەنوسێت، جیهانێکی نوێ و جیاواز دادەهێنێت. ئەو جیهانەی کە دەزگا و دامەزراو و هاووڵاتیی تایبەتیی خۆی هەیە. نمونە گەلێکی هەیە بۆ پێوە ندی نێوان ڕەگەزەکانی و سیستەمێکی تایبەتی خزمایەتی لە نێوان تاکەکانیدا هەیە. لە ئەنجامیشدا جیهانێکە بە بنەما ئەخلاقی و بەها تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکان، کە خەڵکان لە سایەیاندا دەژین؛ ئەو خەڵکانە هەست و دەرککردنێکیان هەیە کە بە هۆیەوە کێشە و خاڵە گرنگەکانی کۆمەڵەکەیان دەستنیشاندەکەن. لەوانەیە ئەم جیهانە لە زۆر لایەنەوە وەک جیهانی واقیعی خۆمان بێت؛ هەروەها لەوانەیە هاوتا بێت لەگەڵ مەعریفەیەکی هاوبەشدا کە یەکەیەکەی ئێمە لە کۆمەڵگای ڕاستەقینە و مرۆڤایەتیدا هەمانە.

بەڵام دەبێت بزانین کە جیهانی ڕۆمان بەهۆی زمان و پەیڤەکان دروستدەبێت. زۆربەی ڕۆمانەکان کۆمەڵگایەک دەخوڵقێنن کە زۆر ڕاستەقینەیە (هەڵبەت ئەم ڕێسایەش ڕیزپەڕی تێدایە) و پەیوەستە بەشوێنێکی جوگرافی تایبەت لەگەڵ مێژوو و ڕابردوویەکی دیاردا. لەم کۆمەڵگایەدا گرووپێک لە خەڵک- کە ڕەنگە ژمارەیان گەلێک زۆر یا زۆر کەم بێت- دەژین و ئەم خەڵکانە ڕووبەڕووی بارودۆخێک یا زنجیرەیەک لە بارودۆخ و کێشەکان بوونەتەوە.



هەروەها ئەم خەڵکە دابونەریت، ڕەفتار، خووخدە، هیوا و ئارەزوو و پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆیان هەیە، دەزگاکان، دامەزراوەکان و دابونەریتی ئەم کۆمەڵگایە ڕۆڵی گرنگیان لە شێوەی ڕەفتار و کردەوەکانی خەڵکدا هەیە، هەر ئەمانە شێوازی ژیانی خەڵک و قەیران و سەرلێشێواوییە ئەخلاقییەکان.... تاد وەدی دێنن. زۆر لە کارەکان بەپێی هەمان دابونەریت و بوونی هەمان دەزگاکان ئەنجامدەدرێن، هەر ئەمانەش دەبنە هۆی هاتنە ئارای زۆر لە بەڵێننامەکان، یاساکان و سنووردارییەکان.

هەروەها هۆی دروستکردنی ئەو دوالیزمییانەی کە ڕۆمانەکانی ((جین ئۆستن))ی پێ تەواو دەبن، نموونەی هەمان ئەو کۆمەڵگایانەن؛ هەروەها ((سامۆئیل ریچاردسۆن)) مەسەلەی پیرۆزی و داوێنپاکی ئافرەتانی لە هەمان ئەو کۆمەڵگایانەدا خستووەتە ڕوو.

لە ئەنجامدا هەمان ئەو کۆمەڵگایانە چەند پەیژەیەک لەسەر ڕێی پاڵەوانانی چیرۆکە جۆراوجۆرەکان- لە پاڵەوانی ((سوور و ڕەش))ی ((ستاندال)) بەناوی ((ژولین سورل))ەوە بگرە تا پاڵەوانی ((ژووری سەرەوە)) چیرۆکی ((جان برین)) بەناوی ((جولمپتون))- دادەنێن تا لەگەڵ جەنگی بێ ئەمان، و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ کێشە جۆراوجۆرەکاندا لێیانەوە سەرکەون و خۆیان لە چینێکی کۆمەڵەوە بگەیەنن بە چینێکی بەرزتر. ڕۆمان دەستمان دەگرێت و لەوەها کۆمەڵگاگەلێکدا دەمانپەڕێنێتەوە. ناچارمان دەکات تا بەدوای زنجیرەیەک لەو ڕووداوانەدا بچین کە لەو کۆمەڵگایەدا ڕوو دەدەن. هەروا ڕۆمان لە ڕێگەی ئافراندنی لۆجیکییەوە کە لە ڕێگەی چیرۆکەوە فراوان دەبێت، و بەزۆری ڕەهەندێکی ئەفسانەیی و چیرۆکی (پلۆتی چیرۆک) یاخود ((ئیعتبار))ی مێژوویی لەپشت سەریانە، زۆرچاک بە بارودۆخی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە ئاشنامان دەکات، بەڵام بەهەرحاڵ جیهانی ڕۆمان دەستکردەو بەدەستی کەسێک



PDF4Kurd

دروستدەکرێت. کەواتە دەبێت نووسەر -بەجۆرێک- ناچارمان بکات تا پێ بنێینە نێو ئەم جیهانە و لەگەڵیدا بچینە پێش. هەروەها دەبێت نووسەر بەدرێژایی چیرۆک سیستەمێک لە شتە وێچوو(محتمل) و باوەڕپێکراوەکان بهێنێتە ئاراوە و هەموو رەگەزەکانی ئەم جیهانە لەگەڵ یەکتردا بگونجێنێت و هەماهەنگییان بکات. لە سنووری بەرهەمەکەیدا لۆجیکێکی یەک شێوە دروستبکات و هەر بەشێکی بەجۆرێک هەڵبژێرێت کە لە گشتیاندا تاکە بەرهەمێک بخاتە بەردەستی خوێنەر.

هەروەها رۆماننووس هەموو رەگەز و بەشەکانی چیرۆکەکەی بە شێوازێکی تایبەت دەخاتەڕوو؛ شکڵیان پێ دەبەخشێ و زیاتر جەخت دەکاتە سەر ئەو شتەی کە دەیەوێت، تا ئەم بەش و رەگەزانە وەک مۆم لە دەست بگرێ و لەنێو پلان و نەخشەیەکی تایبەتدا بیانگونجێنێت و بەهۆیانەوە چیرۆکەکەی فراوان بکات. بۆ نموونە ((جین ئۆستن))، بە ئەنقەست بەرهەمی خۆی لەسەر رووی شتێکی تایبەت کۆ دەکاتەوە، واتە جیهانی چیرۆکەکەی سنوودار دەکات بە کۆمەڵگایەکی بچووکەوە ولە چوارچێوەی ئەزموونەکانی چینێکی تایبەت و بچووکی خەڵکدا دەیهێڵێتەوە (کە هەمیشە ئەم چینە لە دواوەی هەردوو چینی ئەرستۆکراتی و چینی ناوەندی لادێیە)، تا جیهانێکی یەک شێوە و کەڵەکە بوو - لەڕووی ئەخلاقییەوە- دروستبکات و لەم رێچکەیەشەوە بتوانێت لە نزیکەوەو و بەشێوەیەکی ورد لە شێوازی ژیان، و ئەخلاق و رەفتار و بەهاکانی ئەم کۆمەڵگایە بکۆڵێتەوە و تاوتوێییان بکات، بەڵام چارلز دیکنز جیهانێکی بەرین و فراوان (چ لە رووی جوگرافیایی و شوێنەوارەوە و چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە) دادەهێنێت.

جیهانێک کە چین و دەستەی جیاوازی تێدا دەژین، چونکە (دیکنز) نایەوێت ئەخلاق و رەفتاری گرووپێکی تایبەت تاوتوێ بکات؛ بەڵکو



دەیەوێت ئەخلاق و رەفتار بەشێوەیەکی گشتی و فراوان بخاتە بەر لێکۆڵینەوەوە. هەر یەک لەم جیهانانە لەگەڵ یەکتر و لە رۆمانێکی تردا جیاوازییان هەیە، هەروەها هەریەکێکیان بەپێی لۆجیکێکی تایبەت دەکشێت و بڵاو دەبێتەوە و بە دیدگایەکی جیاوازەوە لێی دەکۆڵرێتەوە و تاوتوێ دەکرێت.

هەر رۆماننووسێک جیهانی تایبەتی خۆی دروستدەکات، دابونەریت و بەڵێننامەی تایبەتش بۆ ئەم جیهانە دەنووسێت.

ئەم دابونەریتانە یا گشتین، کە بەپێی نەریت و میتۆدە ئاشنا و هاوبەشەکانی هەموو رۆمانەکان دادەنرێن، یاخود تایبەتین؛ واتە هەر رۆمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پەیمان و کۆمەڵگای پەیوەست بەخۆی دەهێنێتە ئاراوە و کێشە و گیروگرفتە دیاریکراوە جیاوازەکان چارەسەر دەکات، بەڵام رۆماننووس لە پێش نووسینی رۆمانەکەی، لە هەموو بوارێکدا بڕیارینەداوە و هەموو وەڵامەکان نازانێت، هەر رۆمانێک دەرگا کردنەوە و دەستپێکردنێکی نوێیە، هەر لەبەر ئەمەشە شێوازێکی نوێیە و گرفتی تایبەت بەخۆی هەن. بێگومان رۆماننووس پێش ئەوەی رۆمانەکەی بە کۆتا بێنێت و دوا دانەی بە چاپ بگەیەنێت، بەڕادەیەکی تەواو زانیاری هەیە لە بارەی جیهانی جیاوازی رۆمانەکەی، یاخود بەدەستدێنێت؛ بەڵام تەنیا لەکاتی نووسیندایە کە خاڵە گرنگەکانی رۆمان، واتە پەیوەستەگی و پێوەندی بەرامبەر بەشەکان دەردەکەوێت، کەواتە ئەو لە کاتی نووسیندا هەمیشە لەڕووی لۆجیک و یەک بەدوای یەکی چیرۆکەکەیدا کاردەکات و ئەو کێشانە چارەسەر دەکات کە لە کاتی کارکردندا دێنە پێش، و هەمیشە هەوڵدان هەیە کە خوێنەر بەشێوەیەکی توند و جێگیر بباتە پێشەوە.

هەروەها دەبێت ئەو لە چیرۆکەکەیدا یەکێتییەک دروستبکات؛ ئەم یەکێتییەش لە دوو شتەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بێگومان هەردووکیان لە



PDF4Kurd

هەموو شتێکدا پێکەوە گرێدراون. ئەم یەکێتییە لە یەکەم هەنگاودا لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە نووسەر لە کاتێکدا چیرۆکەکەی فراوان دەکات و بۆ پێشەوەی دەبات، دەبێت سەقامگیری و هەماهەنگی دەروونی ئەم جیهانەش -لە رۆمانی خۆیدا- بپارێزێت، وابکا رەوشت و کردەوەی کەسەکان و رووداوەکانی جێگای بڕوابن کە لە رەخنەی ئەدەبیدا ئێمە ئەم جۆرە یەکێتییە بە زاراوەی وەک (پلۆتی چیرۆک) یاخود (ئاوەڵاکردنی گێڕانەوە) ناو دەبەین.

یەکێتییەکی تر دروستدەبێت لە رێگای یەک شێوەکردنی رەگەزگەلێکی وەک: زمان، شێوازی تایبەتی خستنەڕوو، ستراکچەر و ئەو سیستەمەی کە هەمیشە فراوان دەبێت و مەیلی خوێنەر بۆ بردنەپێشەوەی چیرۆکەکە دەبات. چونکە دەبێت رۆماننووس شێوازێکی تایبەت بۆ -نووسینی- رۆمانەکەی دابنێت، تا لەم رێگایەوە بەشێوەیەک پێوەندیی لەگەڵ خوێنەرانی خۆیدا دابمەزرێنێت کە خوێنەر هەموو شتێک بە تەواوی دەرکبکات و، بەشداری لە رووداو و کێشەکانی جیهانی نووسەر بکات و لە هەموو شتێکی ئەم جیهانە و بە هەڵوێست وەرگرتن و دەربڕینی هاودەردی یا بێزاری- دژکردەوە و کاردانەوە پیشانبدات.

ئەم جۆرە یەکێتییە هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە بە ووشەگەلێکی وەک (تەکنیک) و (چوارچێوەی داستان) باسی لێوە دەکەین، یابە ووشەگەلێک کە پێداگری دەکەن لەسەر مەسەلەی هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی چیرۆک وەک کینایەی کۆمێدی (Lrony)- لێیان دەدوێین. ئەو دووشتە کە لە زەینی نووسەردا بەهیچ شێوەیەک لەیەکتر جیانین، لە پرۆسەی داهێنانی بەرهەمدا گرنگییەکی بنەرەتییان هەیە، ئەمەش بەو واتایەیە کە رۆماننووس بیەوێت یاخود نەیەوێت، بە نووسینەکەی خۆی، نەک تەنیا ئەوەی کە ئێمە



دەیخوێنینەوە، دەهێنێتە، ئاراوە، بەڵکو هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، چۆنیەتی خوێندنەوە شمان دادەهێنێت.

چۆن رۆماننووس بۆ خوێندنەوەی رۆمانەکەی هانمان دەدات؟

نووسینی رۆمان واتە دروستکردنی جیهانێک بە زمان و پەیڤەکان؛ رۆمان جیهانێکە کە هەمیشە گەشە دەکات و فراوان دەبێت.

بە زۆری رۆمان پێکهاتووە لە رووداوی یەک لەدوای یەکی بە نەخشە و بەرنامە کە لە جەرگەی پێکهاتەیەکی رێکوپێکدا جێگیر بووە، ئەم جۆرە پکهاتەیە لە جۆری پۆلێنکردنی بەشەکان و هەڵبژاردنی رووداوەکان و زمانەوە بگرە تا ئاشناکردنی خوێنەر بە رەگەزەکانی چیرۆک، هەروەها کاردانەوەکانی خوێنەر لە بەرامبەر چیرۆکدا، پێکدێت.

دەبێت نووسەر ناچارمان بکات تا یاسا و زاراوە و کێشە و گرفتەکانی ئەم جیهانە قبووڵبکەین، ئاوات و داخوازیمان تێدا دروستبکات و رێساکانی بردنە پێشەوەی چیرۆکەکەیمان پێ قبووڵبکات.

چونکە هەموو ئەمانە سەرجەمی پێکهاتەی رۆمانەکە پێکدێنن. کاتێک کە دەست بە خوێندنەوەی رۆمانێک دەکەین، هەر زوو رەگەز و خاڵەکانی ناو چیرۆکەکە، لایەن و رێگای پێشەوەچوونمان دیاری دەکەن، لەم کاتەدا ئێمە بەشێوەیەکی هەستی یاخود نەستی تێدەگەین کە نووسەر چۆن کەرەستە و رەگەزەکانی چیرۆکەکەی هەڵبژاردوون؛ هەر ئەمانەش کلیلی تێگەیشتنی ئەو جیهانە تایبەتییەن کە نووسەر هێناویەتە ئاراوە؛ دیسان هەر ئەمانەن، پیشاندەدەن، کە چیرۆک لە چ سنوورێک و بەچ بنەمایەکدا دەچێتە پێشەوە.

دروست لەو کاتەی کە داخوازی و چاوەڕوانیی تایبەت لە ناخماندا دروستدەبێت، هەر لە هەمان ساتدا ناچار دەبین کە بەردەوامی بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بدەین، هەمیشە سەرچاوەی ئەم داخوازییانەش دوو



PDF4Kurd

شتن، یەکێکیان ئەو داخوازییانەن کە لۆجیکی چیرۆک لە لامان دروستییان دەکات، بۆ نموونە ئەگەر رۆمان لە بارەی ژیانی کەسێکەوەیە، چیرۆکەکەی لە چەند لوتکە زیاتری نییە: یا کەسی سەرەکی بە کەشف و لێهاتوویییەک دەگات، یا ئەوەی کە بۆ گەیشتن بە خۆشەویست یا ئارەزوویەک سەردەکەوێت یا سەرکەوتن بەدەستناهێنێت. یاخود دەبێ لوتکەی چیرۆکەکە بەمردنی کەسی سەرەکی (واتە پاڵەوانی چیرۆک) تەواو ببێت، بەڵام ئەگەر چیرۆک لە بارەی ژیان و کاروباری کۆمەڵێک یاخود گرووپێکەوە بێ، بۆ نموونە، دەبێت لوتکەی چیرۆک رۆشنکردنی زەینی خوێنەر بێت لەمەڕ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی.

بێگومان ئەگەر ئێمە خوێنەری بە ئەزموون بین، لەپێشدا بڕیار لەبارەی جۆری ئەو رۆمانانە دەدەین کە دەمانەوێت بیانخوێنینەوە.

بۆ نموونە ئایا دەمانەوێت ((رۆمانی دەروونی)) بخوێنینەوە یا ((رۆمانی کۆمیدی))؛ ئایا بەسەرهاتی ئەو رۆمانەی کە دەیخوێنینەوە دەبێت رۆمانتیک و پڕ رووداو بێت یا سیمبۆلییانە بێت. سەرەڕای ئەمە خوێنەری بە ئەزموون، کەم کەم بۆچوونێکی رەخنەگرانە پەیدا دەکات لەمەڕ چوارچێوەی چیرۆکەکە یان شێوەی داهێنانی چیرۆکبێژیی نووسەری رۆمان، بۆ نموونە لە خۆی دەپرسێت کە رۆماننووس چ هەڵوێستێک یا بۆچوونێکی هەیە، کەرەستەکانی چیرۆکەکەی بە چ لۆجیکێک دەنرخێنێت یاخود لە کۆتاییدا لە سیستەمی ئەو چیرۆکەی کە هێناویەتە ئاراوە، لەمەڕ چ شتێک پێوەندی و مەیلی زیاتر پیشاندەدات، چونکە رۆماننووس هەمیشە لوتفی خۆی دەبەخشێتە هەندێ وشە و کەس و کاروبارەکان و لەو رووەوە لەمەڕ هەندێکی تر کەم لوتفە و بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشایان دەکات.



ئەم هەموو شتانە دەگەڕێنەوە سەر شێوەی هەڵبژاردن و زەوق و سەلیقەی نووسەر، کە بێگومان هەر چ شتێکی کە نووسەر هەڵی دەبژێرێت، مەبەست و بۆچوونێکی هەیە، چونکە بەشەکانی رۆمانەکەی پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و بە لەبەرچاوگرتنی گشت ئەمانەیە کە دەتوانرێ پەی بە چەمک و واتاکانی رۆمانەکەی ببرێت. بە واتایەکی تر بەهەمان شێوە کە وتمان- ئەوەی کە رۆماننووس دەیخوڵقێنێت و نمایشیدەکات، رێکخستن و پۆلێنکردنی هەیە. ئەو لەسەرەتاوە تا کۆتایی رۆمانەکە، واتە هەر وشە، رستە، پاژ و بەش لە رۆمانەکەیدا بەرێکخستن و ریزێکی تایبەت دەنووسێت، رۆماننووس، واسیتەی نێوان چیرۆکەکەی خۆی و ئێمەیە؛ ئەگەر رۆماننووسێکی دروست و لێهاتووبێت، کاتی نووسینی رۆمان بەشێوەیەکی سەختگیرانە، تەنیا شتە گرنگ و پڕ واتاکان هەڵدەبژێرێت.

بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە رۆماننووس بەر لە نووسینی رۆمان بەشێوەی نووسراو هەموو رۆمانەکەی لە زەین دایە و لە هەموو شتەکانی رۆمانەکەی ئاگادارە؛ یاخود ئەوەی کاتێ کە سەرەتای رۆمانەکەیمان خوێندەوە، دەتوانین کۆتایی چیرۆکەکەی هەڵێنین. رۆماننووس تەنیا لەکاتی کارکردندایە کە لە گیروگرفتەکانی رۆمانەکەی ئاگادار دەبێت و لە سنوورداری و ئیمکانیاتەکانی خۆی دەگات. ((هنری جیمس)) لەو پێشەکییەی کە بۆ رۆمانەکەی خۆی ((وێنەی ئافرەتێک)) لە (١٨٨١ز)دا نووسیویەتی دەڵێت: ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیڵێین بە باشترین شێوە دەری بڕیوە. ئەو دەڵێت کاتێ نووسەر دەست بە نووسینی رۆمانێک دەکات، دەزانێت کە هەندێ شت لە رۆمانەکەیدا گەوهەرین و بنەمای کارەکە پێکدێنن، ئەوانی تریش تەنیا رۆڵی لق و گەڵا و پەراوێزیان هەیە، واتە هەندێک تەوەرەی کارەکەن و ئەوانی تریش لق و وردەکارین و زیاتر بۆ جوانکردنی کارەکە بەکاردێن، خوێنەرانی رۆمانیش دەبێت ئەوەندەی پێیان



PDF4Kurd

دەکرێت زیاتر و وردتر بەدوای خاڵە بنەڕەتی و گرنگەکانی ڕۆماندا بگەڕێن، بەو واتایەی کە نەک تەنیا دەبێت کەم کەمە بگەن بەو تێگەیشتن و چەمک هەڵێنجانە دروستانە لە ڕۆماندا، بەڵکو دەبێت خاڵە گرینگ و هەڵێنجانەکانیشیان بەجۆرێک لە جۆرەکان پێکەوە ببەستن وگشتێک بە دەست بێن. بۆ نموونە لەوانەیە دوو ڕۆمان لە ڕووی فۆرمی کار و جۆری ئەو تەکنیکانەی کە بەکارهێنراون، وەک یەک بن؛ بەڵام ئەگەر جوان تەماشا بکەین، لەوانەیە تێبگەین کە پاراستن و بەردەوامیی ئەم فۆرمە لە کاری یەکێک لەم ڕۆمانانەدا ئامانجی سەرەکی نووسەر بووە؛ کەچی لەهی دووەمیدا، نووسەر زۆر خۆی نەبەستۆتەوە بە کەڵک وەرگرتنی هەمیشەیی و بەردەوام لەم تەکنیکە؛ چونکە ئەم فۆرمە کارییەی تەنیا بەناوی جوانی و ڕازاندنەوە– نەک بنەماو گەوهەر–ی بەرهەمەکە هەڵبژاردووە.

کەواتە کاتێک کە ڕۆمانێک دەگرینە دەست و دەست بە خوێندنەوەی دەکەین، هەر زوو پەی بە هەڵبژاردنە سەرەکییەکانی نووسەر دەبەین و ئەو ڕێگایەش کە گرتوویەتە بەر، لێی ئاگادار دەبین.

لەوانەیە نووسەر بە توند و تۆڵی بەدوای دروستکردنی شوێن و فەزایەکی مێژووییەوە بێت و بیەوێت ئەم هەستەمان بەسەردا بسەپێنێ کە هەموو بەسەرهات و ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆمانەکەی واقیعین؛ یاخود ئەوەی کە لە ڕێگەی لەناوچوون و ناکاریگەر پیشاندانی کات و شوێنی مێژووی ڕۆمانەکەی، بیەوێت هەستێک لە ئێمەدا دروستبکات، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ڕووداوی ڕۆمانەکەی پەیوەست نییە بە کات و شوێنێکی تایبەتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە هەموو کاتەکانەوە و هەمیشە بە درێژایی مێژوو دووبارە دەبێتەوە، هەروەها لەوانەیە نووسەر ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی خۆی بەدەوری تەوەرەی ژیانی یەک کەسدا دامەزرێنێت، یاخود



کاری خۆی لەسەر کۆمەڵگایەک یا کۆمەڵێک کۆبکاتەوە کە تێیدا کەسانی جیاجیا لەگەڵ یەکتر هەستان و دانیشتنیان هەیە. دیسان لەوانەیە:

– چیرۆکەکەی خۆی بە ڕێگای کەسی یەکەم یاخود کەسی سێیەم یا پێکەوە بەم دوو شێوازانە بگێڕێتەوە.
– خۆی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بگرێتە ئەستۆ کە تێیدا بەجۆرێک ڕووبەڕووی ڕووداو و کێشەکان بووەتەوە.
– خۆی چیرۆک بگێڕێتەوە، بەڵام بەچاوی تەماشاکەرێکی بێ لایەن.
– گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەشێوەیەکی تەواو بخاتە ئەستۆی یەکێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی.
– لە هەمان سەرەتای چیرۆکەکەیدا دان بەوەدابنێت کە هەموو چیرۆکەکەی دروستکراو و دەسکردی خۆیەتی.
– خۆی چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، بەڵام لە کۆتایی چیرۆکەکەوە دەستپێبکات. واتە خۆی لە کۆتایی زنجیرەیەک لە ڕووداوەکانی رابردووەوە، لە هەمان سەرەتاوە، کۆتایی چیرۆکەکەی ئاشکرا بکات، پاشان خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بێت.
– چیرۆکەکە لەناوەندەوە و بەزمانی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام بەشێوەیەک وەک بڵێی کۆتایی چیرۆکەکەی نازانێت.
– بە لە دایکبوونی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، دەست بە چیرۆکەکەی بکات؛ کە لەم بارەیەوە لەوانەیە مەبەستی ئەوەی هەبێت جەخت بکاتە سەر گرنگی چارەنووسی کەسێک و جیهانێک دروستبکات، کە تێیدا داوەری لەبارەی ژیان و ئەزموونەکانی کەسێکی سەرەکی، چیرۆکەکە پێکدەهێنێت.
– باس لە ڕاڤەکردنی زنجیرەیەک لە ڕووداو و کاریگەرییە مێژووییەکان بکات کە ژیانی چەند نەوەیەک دەگرنەوە؛ کە لەم شێوەیەدا لەوانەیە بە مەبەستی ئەوە بێت جیهانێک دابهێنێت کە تێیدا ژیانی کەسێک، لەمەڕ



PDF4Kurd

رووداوەکانی هەموو جیهانەکەی (کە لە بەدیهێنانەکەیدا ژیانی چەندین کەسی جیاجیای تێدابووە) گرنگییەکی کەمتری هەیە.

بێگومان لێرەدا سەلیقەکان لەڕادەبەدەر جۆراوجۆر و جیاوازن؛ بەڵام تەواو لەو ساتەدا کە نووسەر ڕێگاکەی خۆی هەڵبژاردووە (بۆ نموونە لێرەوە دەست بە چیرۆک بکات یا لە هەمان شوێن، یا چیرۆکەکە بە زمان یاخود بەدیدی ئەم یاخود ئەو چەند کەسە بگێڕێتەوە) دەستی داوەتە هەڵبژاردنێکی سەرەکی و شێوەی گەشەسەندن و پێشکەوتنی چیرۆکەکەی دیاریکردووە و لە هەمان شوێنیشدا لۆجیکی چیرۆکەکەی لەدایک دەبێت؛ کە ئەم لۆجیکە تەنیا شێوە و تەکنیکی چیرۆکەکە ناگرێتە خۆی، بەڵکو هەموو سیستەمەکەی ((فراوان و بەربڵاوی چیرۆک)) پێکدێنێت؛ بە واتایەکی تر ((پێکهاتەی ڕۆمان))ەکەی دیاردەکات.

هەڵبەت -هەروەک وتمان- ڕۆماننووس بەو هەڵبژاردنانەی کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا دەیان کات، تاڕادەیەک خۆی دەکاتە پابەند و دەروەستی جێبەجێکردنیان، چونکە بەشێکی گرنگ لە واتا و چەمکی ڕۆمانەکە پێوەندی بەو هەڵبژاردنەوە هەیە کە لەبارەی ڕێکخستن، پۆلێنکردنی ڕووداوەکان و گۆشەنیگای ڕۆمانەکەی کردوویەتی.

بۆ نموونە ئەگەر ئەو ڕێگایەی کە ڕۆماننووس هەڵیدەبژێرێت ئەوەبێت کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بە تەرتیبی زەمەنی ڕوودانی یەک لە دوای یەک دابنرێن- واتە چیرۆک لە یەکەمین ڕووداوی دەست پێکردنیەوە بە تەرتیبی کات تا کۆتایی چیرۆکەکەی بچێتە پێشەوە- بەرهەمی کارەکەی دەبێتە ڕۆمانێک لە جیهانێکی تایبەتیدا کە ئەم جیهانە خاوەنی چەمک و پێوەندیی دەروونیی تایبەت بەخۆیەتی و بۆ تێگەیشتنی چەمکەکانی دەبێت بەدوای ڕێگایەکی دەستنیشانکراودا بڕوات.



بەڵام ئەگەر هەمان نووسەر شێوەیەکی تری هەڵدەبژارد؛ واتە بۆ نموونە ئەگەر هەمیشە لەناو ڕۆمانەکەیدا لە ڕووی کاتەوە پێش وپاش دەکرێ (وەک ئەو کارەی کە ((ولیەم فۆکنەر)) کردوویەتی) یاخود وەک ((ڤیرجینیا وۆلف)) یا ((ولیەم گۆڵدینگ)) بەردەوام لەم ڕووداوەوە بە ڕووداوێکی تر دەگەیشت (بەشێوەیەک وەک بڵێی ئەو کارە تەواو بوونی نییە)، ئەوا بە هەندێ جیهانی وا ئاشنا دەبوو کە بە تەواوی جیاوازبوون لەگەڵ جیهانی ڕۆمانی پێشووی خۆی.

دیسان ئەگەر ڕۆماننووس چیرۆکەکەی خۆی لە دید یا زمانی کەسێکەوە بگێڕێتەوە، جیهانی ڕۆمانەکەی زۆر جیاواز دەبوو لەگەڵ جیهانی ئەو ڕۆمانەی کە بە بۆچوون یا زمانی چەند کەسێک دەگێڕدرایەوە.

بۆ نموونە ((ئەمیلی برونتێ)) ڕۆمانەکەی خۆی ((بەرزاییە باگرەکان)) لە (١٨٤٧ز) لە زمانی دوو کەسەوە دەگێڕێتەوە واتە سەرەتا ((لاک وود)) دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکات و لە جەرگەی هەمان چیرۆکەوە، ڕۆمان لە زمانی کەسێکی تر، واتە خزمەتکارەکەیەوە -((نلی دین))- دەگێڕدرێتەوە؛ کە ئەم خزمەتکارە جۆری پێوەندی و ژیانی ((کتی)) و ((هیس کلیف)) بۆ خوێنەران -و ((لاک وود))- ڕوون دەکاتەوە. بێگومان لەوانەیە ئەم شێوەیە لە گێڕانەوەی چیرۆکدا زەحمەت و پڕ دەردەسەر بێتە بەرچاو؛ بەتایبەتی ئەوەی کە ((ئەمیلی برونتێ)) بۆ ئەوەی کە ڕیزی لۆجیکی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بپارێزێت، ناچاربوو پەنا بباتە بەر هەر کار و شێوازێک.

بۆ نموونە بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی، لە هەر شوێنێکدا کە ڕووداوێکی سەرەکی و گرنگ بۆ ((هیس کلیف)) و ((کتی)) دێتە پێش، بوونی ((نلی دین)) (گێڕەرەوەی دووەمی چیرۆک) بە تەواوی فەرامۆش دەکات. هەڵبەت هەندێ جاریش لە لۆجیک و جۆری گۆشەنیگای چیرۆکەکەی تێدەپەڕێنێت، ئەمە شتێکە کە بە بۆچوونی پەیڕەوەکانی ((هنری

جیمس)) تاوانێکە شیاوی لێبوردن نییە، بەڵام بەگشتی (برونتیَ) تێدەکۆشێت کە وەفادار بمێنێتەوە بەم شێوەیە لە گێڕانەوەی چیرۆکدا، و بەهەر ڕێگایەک بێت بەردەوامی پێبدات، چونکە ئەگەر چیرۆک بەناوی بیرەوەرییەکانی رابردووەوە بگێڕێتەوە، لایەنی پاڵەوانییەکەی بەهێزتر دەبێت لە چیرۆکێک کە بەشێوەی هاوکات بگێڕدرێتەوە.

هەڵبەتە دەبێت بزانرێت کە - بە وتەی ((فۆرستەر)) لە کتێبی ((لایەنەکانی رۆمان))- ((لۆجیکی چیرۆک))ی رۆماننووس، هیچ کاتێک ئەو بە شێوەیەکی وشک و میکانیکی ناخاتە ناو داوەوە.

هەندێ جار رۆماننووس بۆ ئەوەی کە خوێنەر بە چەمک و خاڵی نوێتر ئاشنا بکات، گۆشەنیگای خۆی دەگۆڕێت.

هەڵبەت لێرەدا جێی هیچ گومانێک نییە کە نووسەر دەبێت وەفادار و پابەند بمێنێتەوە لەگەڵ لۆجیکی چیرۆکەکەی خۆی، و ئەو پۆلێنکردنەی کە بۆ ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی لەبەرچاو گرتووە.

کەواتە بەم شێوەیە، هەر رۆمانێک جیهانێک دەخوڵقێنێت جیاواز و تایبەت بەخۆی؛ هەروەها هەر رۆمانێک بەشێوەیەکی تایبەتی هانماندەدات بۆ درێژەپێدانی خوێندنەوە لەناو چیرۆکدا. کە ئەمە خۆی بەرهەمی هەندێ یاسای تایبەتین کە زاڵە بەسەر چۆنایەتیی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، لەلایەن نووسەرەوە. بەواتایەکی تر نووسەر کە واسیتەی نێوان چیرۆکەکەی خۆی و ئێمەیە، پابەندی هەندێ یاسای تایبەتییە.

لەوانەیە هەندێ جار وابیر بکەینەوە کە هەموو رۆمانەکانی ((جین ئۆستن)) وەک یەکن لە کاتێکدا کەوا نییە. هەریەک لەم رۆمانانە بەشێوەی تایبەتی خۆیان، سەرنجمان رادەکێشن کە لەگەڵیاندا بەرەو پێشەوە بچین، هەروەها هەر یەکێکیان ئاوات و داخوازیی تایبەت لەلامان دروستدەکەن و گرنگییە جۆراوجۆرەکان دەخەنەڕوو کە گونجاون لەگەڵ کات و بەپێی پێکهاتە و کاری هەمان چیرۆکە تایبەتەکەیە ؛ لە ئەنجامدا هەر یەکێکیشیان گرفت و



کێشەیەکی ئاڵۆز چارەسەر دەکەن کە تایبەتن بە خودی ئەو رۆمانەوە.

هەڵبەت هەرچی وتمان لەبارەی رۆمانەکانی تریشەوە راستە.

کورتەی باسەکە ئەوەیە کە هەمیشە دەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی بەندی یەکەم ودووهەمی هەر رۆمانێکدا، بە چاکی سەرنج بدەینە ئەم خاڵانەی کە لە خوارەوەدا هاتوون:

أ- گۆشەنیگای رۆمان: (کە لەم بارەیەوە ئێمە لەگەڵ تەکنیکی چیرۆک نووسیدا سەروکارمان هەیە) دەبێت بزانین پەیوەندییەکانی نێوان چیرۆک بێژ و ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە چیین؟.

ئایا چیرۆک لە ڕێگای کەسی یەکەمەوە دەگێڕدرێتەوە یاخود کەسی سێیەم؟ چیرۆک چەند گێڕەرەوەی هەیە و ئەم گێڕەرەوانە چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟.

ب- ((لحن))ی رۆمان: (بێگومان ئەم بابەتە جیا نییە لە بابەتەکەی سەرەوە، بەڵام زیاتر پەیوەست دەبێت بە جۆری نرخاندن و دیدی گێڕەرەوەوە لەمەڕ ئەو چیرۆکەی کە دەیگێڕێتەوە). بۆچوونی گێڕەرەوەو هەڵوێستەکەی ئەو لەمەڕ چیرۆکێک چییە؟ کە بەسوود وەرگرتن لە شێوازە هونەرییەکانی گێڕانەوە دەیگێڕێتەوە، ئەو هەڵوێست و حاڵەتەی کە ئەو بەرامبەر بە خوێنەر هەیەتی، کامەیە؟ شوێنی ئەو لەو چیرۆکەدا کە دەیگێڕێتەوە لە کوێیە؟.

ج- پێشبینی ئاڕاستە و چۆنیەتی فراوانکردنی چیرۆک: (کە ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە سەر پۆلێنکردنی ڕووداوەکان و پێکهاتەی چیرۆک یاخود لۆجیکی چیرۆک). رۆماننووس دەیەوێت چ جۆرە جیهانێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بێنێتە ئاراوە؟.

رۆماننووس چ زانیارییەک دەداتە خوێنەر و بە چ شێوەیەک؟.

ئەو ڕووداوانەی کە لەمەو پاش ڕوودەدەن. بەدوای زیندوو کردنەوەی چ هەستێکن لە خوێنەردا؟.



PDF4Kurd

## رۆمان و سێ شێوازی تری چیرۆک

**نووسینی: (نورتروپ فرای)**

ئەگەر ئەو شێوازە نووسینەی کە زۆربەی بە پەخشان نووسراوە، بە چیرۆک ناوبنێین، ئەوکاتە، رووبەرووی ئەو خاڵە دەبینەوە کە واتای راستەقینەی چیرۆک (Fiction) بریتییە لە بابەتێکی ((درۆ)) و ((ناراست)). هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەگەر بەرپرسی کتێبخانەیەک وتەکانی نووسەری ((ئۆتۆبیۆگرافی))یێک (Autobiography) بەراست بزانێ، ئەوا کتێبە ((ئۆتۆبێۆگراف)) یەکەی لە قەفەسەیی کتێبەکانی ((ئەدەبی ناچیرۆکی)) (Non- Fiction) دادەنێیت؛ ئەگەر بە ((درۆ))ی بزانێت، ئەوا کتێبەکەی دەخاتە نێو قەفەسەی کتێبەکانی ((ئەدەبی چیرۆکی))یەوە. ئێستا ئەم جۆرە پۆلێنکردن و ئەم جۆرە جیاوازیکردنە بەکەڵکی چی دێت، خوا دەزانێ و لە راستیشدا تێگەیشتن لەوانە گەلێک سەختە، بەڵام ئەوەی راستە، ئەوەیە کە چیرۆک (Faction) لە رووی زمانەوانییەوە، واتە ئەو شتەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستبووە و هاتۆتە ئاراوە و لە رەخنەشدا بە بەرهەمێکی ئەدەبی- هونەری دەگوترێت کە لە بنەڕەتدا جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا نییە و بە بەردەوامی فۆرمی بنچینەیی خۆیان پاراستووە؛ هەروەها مەبەست لە چیرۆک زیاتر بەرهەمی هونەریی ((پەخشان ئامێز))ە. بەهەرحاڵ ئەگەر لەبارەی ئەوەشەوە کە گوتوومانە زێدڕۆییمان کردبێ، لەسەر ئەو ڕوانینەش (کەئەنجامی خۆش میزاجی و کراوەیی و نالۆجیکی ئێمەیە) کە چیرۆک لە هەموو شوێنێکدا یەکسانە بە ڕۆمان (کە یەکێک لە فۆرمە پەتییە چیرۆکییەکانەم)، دەبێت



رەخنەیەکی جدیبگرین. پێش هەموو شتێک رێگە بدەن تەماشای چەند کتێبێک بکەین کە هێشتا پۆلێنەکراون و لە سنووری نێوان ئەدەبی چیرۆکی و ئەدەبی ناچیرۆکیدان. ئایا ((ترێسترام شەندی)) (بەرهەمی ((لارنس ستێرن))) رۆمانە؟ تاڕادەیەک هەموویان دەڵێن بەڵێ رۆمانە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کتێبە هەندێ لە پێوەرەکانی چیرۆکی پێشێلکردووە. ئەی ((گەشتەکانی گالیڤەر)) رۆمانە؟ لێرەدا زۆربەی کەسەکان بە نیشانەی قایلنەبوون هەندێک درەنگ وەڵام دەدەنەوە. تەنانەت ((سیستەمی کتێبخانەی دهدهی دیوی))یش لەگەڵ ئەم بۆچوونە تەبانییە. چونکە لەم سیستەمەی کتێبخانەدا ((گەشتەکانی گالیڤەر)) لەژێر ناونیشانی ((ساتیر))دا پۆلێن کراوە. هەڵبەت هیچ کەسێک گومانی لەوەدانییە کە ((گەشتەکانی گالیڤەر)) چیرۆکە.

پاشان ئەگەر ئەو کتێبە چیرۆکە، کەوابوو دەبێت لەنێوان ((چیرۆک)) و ((رۆمان))دا (کە جۆرێکە لە چیرۆک) جیاوازی هەبێت. با بگەرێینەوە سەر باسەکەمان. ئایا کتێبەکەی ((سارتۆر ریسارتۆس))[١] (بەرگ دروو بەرگەکەی پینەکرد) ( نووسینی ((تۆماس کارلایل))[٢]) چیرۆکە؟ و ئەگەر چیرۆک نییە بۆچی؟ ئایا ((شیکردنەوەی مالیخولیا))[٣] ( نووسینی ((رۆبێرت بۆرتون))[٤] )چیرۆکە؟ ئایا ئەو کتێبە جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە، یان تەنیا بەرهەمێکی ناچیرۆکییە کە شێوازێکی ئەدەبی هەیە؟ ئایا بەرهەمی ((جۆرج بۆرۆ))[٥] بەناوی ((لاڤێنگرۆ))[٦] واتە ((ئەدیب)) چیرۆکە؟ هەموو کتێبخانەکان دەڵێن: بەڵێ، هەرچەندە کتێبی ((کتێبە کلاسیکییەکانی جیهان))[٧] ئەمەی لەژێر ناوی ((گەشتنامە و هەرێمناسی))دا پۆلێنکردووە.

ئەو نووسەرانەی کە مێژووی ئەدەبی دەنووسنەوە والێراهاتوون کە ((رۆمان)) لەگەڵ((چیرۆک)) بەیەک شت وەرگرن، کاتێ کە دەبینن جیهان ماوەیەکی درێژی بەبێ رۆمان بەسەربردووە، زۆر ئارەزوومەندی دەبن؛ هەروەها کاتێ کە سەرەنجام بەشێوەیەکی رەها دەردەبڕن کە بەرهەمی



PDF4Kurd

((دیفۆ)) (لەوانەیە هی ((رابینسۆن کروزۆی)) بێت )رۆمانە، ناچار دەبن تیۆریی بێ سەروبەری خۆیان (کە دەڵێ چیرۆک و رۆمان یەکن )بەجۆرێک لە جۆرەکان ریکوپێک بکەن. پاشان ئاسانکاری تێدادەکەن و چیرۆکی ((تیۆدۆر))[٨] [لەوانەیە ((چیرۆکی پەروەردە نوێیەکانی تیۆدۆر))[٩] بەرهەمی ((تۆماس دەلونی)))[١٠]ی] بە کۆمەڵێک ووتاری ئەزموونی دەزانن کە لە شێوازی رۆمانە؛ هەڵبەتە لەوانەیە ئەم بۆچوونە لەگەڵ بەرهەمی ((دەلونی))دا بگونجێت، بەلام بەدڵنیاییەوە لەبارەی بەرهەمی ((فیلیپ سیدنی))ەوە (لەوانەیە بەرهەمی ((ئاکاردیا))یەکەی ئەو) قسەیەکی بێ بنەما و پشتگوێ خراوە. لە پاشان رادەگەیەنن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە سەدەی هەڤدەیەمدا لەرووی چیرۆکەوە، وەستانێک دروستبووە و ئەو وەستان و کەلێنە بەتەواوی سەردەمی زێرینی پەخشانی پاراو و نموونەیی دەگرێتەخۆی و، لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە دەگەن ناونیشانی رۆمان کە تا ساڵی (١٩٠٠ز) تارادەیەک ناسراوبووە، لەپاش ئەوە بۆ بەش و دەستەی جیاواز دابەشدەبێت و، هێندە جۆراوجۆر دەبێت کە دەتوانین بەکردەوە هەر کتێبێکی پەخشان ئامێز کە بابەتێکی دیاریکراوی نەبێت بە رۆمان ناوببەین. ئاشکرایە کە ئەو روانینە لەمەڕ ئەدەبی پەخشان ئامێزی چیرۆکی کە لەسەر تەوەرەی رۆمان وەستاوە، وەکو تیۆریی دەستەی بەتلمیوس- لە بارەی جیهان- دەچێت و ئەوەندە ئاڵۆز و پڕ کێشەیە، کە ئیتر کارایی خۆی لەدەستداوە و دەبێت شوێنی خۆی بە تیۆرێکی رێژەیتر بدات لە جۆرە (کۆپەرنیکی)یەکەی.

ئەگەر وردتر و شیلگیرتر لەبارەی رۆمانەوە بیربکەینەوە دەبێ نەک بە هاوتای ((چیرۆک)) بەڵکو بە قاڵب و ((فۆرمێک لە چیرۆک))ی وەربگرین، دەبینین کە رۆمان خاوەنی تایبەتمەندی گەلێکە- هەڵبەت گرنگ نییە چ تایبەتمەندییێک- و ئەم تایبەتمەندییانە بە جۆرێکن کە دەتوانین بۆ نموونە



نووسەرانی وەک ((دانیال دیفۆ)) و ((فیلدینگ)) و ((چین ئوستن)) و ((هێنری جێمس)) بخەینە ناوەندی ئەم نەریتە ئەدەبییەوە و ((بارۆ)) و ((تۆماس لوف پیکۆک))[١١] و ((هێرمان ملویل)) و ((ئەمیلی برونتێ)) بەجۆرێک لە جۆرەکان بخەینە پەراوێزی ئەوانەوە، وەک بڵێی کە ئەو هەڵسەنگاندنە هێندە بەرز و ورد نییە، هەر لەبەر ئەوەش لەوانەیە بڵێین کە ((موبی دیک)) (یان ((نەهەنگی سپی)) بەرهەمی ((هێرمان ملویل))) بەرهەمێکی بەرزترە لە کتێبی ((خۆپەرست))[١٢] (نووسینی ((جۆرج مێردێس))) ؛ بەلام بەرهەحال هەستدەکەین کە بەرهەمی ((مێردێس)) لە رۆمان نزیکترە، تاکو ((موبی دیک)). ئەو بۆچوونەی کە ((فیلدینگ)) بۆ رۆمان هەیبوو، واتە ئەوەی کە رۆمان ((داستانی پەخشان ئامێز و گاڵتە ئامێزە)) (Comic Epic in Prose)، بۆچوونێکی بنچینەییە لەبارەی ئەو شێوەیەی کە ئەو هەوڵێکی زۆری داوە تاکو دایمەزرێنێت و رەواجی بداتێ. لەو رۆمانانەدا کە بە نموونەیان دادەنێین وەک رۆمانی ((جین ئوستن)) [لەوانەیە (لەخۆبایی بوون و دەمارگیرییەکەی)] پلۆت و دایەلۆک باش ئاوێتەی یەکتر بوون. دایەلۆگەکان وەک دایەلۆگی نمایشنامەکان و دابونەریتی کۆمەلایەتی دیارکەوتوون؛ لەو رووەوە ئەو رۆمانە لە نمایشنامەی دابونەریتی کۆمەلایەتی ( Comody of Monners) نزیکە؛ بەلام لە پشت ئەو یاسا و رێسایانەش کە بەسەر رۆمانی ((بەرزاییە باگرەکان))دا حوکم دەکەن (نووسینی ئەمیلی برونتێ) هەندێک لەو نەریتە ئەدەبیانەی کە لە چیرۆک و گۆرانییە کۆنەکاندا هەن حەشاردراون. رۆمانی ((جین ئوستن و رۆمانی ((بەرزاییە باگرەکان)) هەردووکیان نزیکن لە نمایشنامە تراژیدییەکان و سۆزە پڕ دەردەسەری و ئاوێتە بە تووڕەیی و هەست و سۆزەکان؛ کە هەڵبەت ئەم جۆرە هەستانە هاوسەنگی ((ئاواز))ی رۆمانەکەی ((جین ئوستن))یان تێکداوە، بەلام لە رۆمانی ((بەرزاییە باگرەکان))دا جێگەیان باش گرتووە. بوونی رەگەزی غەیبی و تەنە



PDF4Kurd

سەرسوڕهێنەرەکانیش یاخود تەنانەت ئاماژە پێکردنیان (لە هەردوو ڕۆماندا) کە بە زۆری بەکارهێنانیان لە ڕۆماندا گەلێک سەخت و ئالۆزە بەهەمان شێوەیە. هەڵبەت پلۆتی ئەم ڕۆمانانەش لەگەڵ یەکتردا جیاوازن.

لە ڕۆمانی ((جین ئوستن))دا هەموو شتێک لەسەر تەوەری بارودۆخ و شوێنێکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە، بەڵام ((ئەمیلی برونتێ)) بەدرێژی بەدوای چیرۆکەکەیدا دەچێت. لەراستیدا ((ئەمیلی برونتێ)) لە چیرۆکەکەیدا پێویستی بەگێڕەرەوە هەیە، بەڵام بوون و ئامادەیی گێڕەرەوە لە چیرۆکەکەی ((جین ئوستن))دا بێ واتایە. و لە شێوەی پینەیەکدایە کە نایگرێت. کەوابوو بە ناچار بۆ گرنگیدان و ڕوونکردنەوەی چیرۆکی ((بەرزاییە باگرەکان))- کە بەرهەمێکی چیرۆکی و پەخشان ئامێزی جیاوازە و ئێمە لێرەدا بە ڕۆمانس (چیرۆکی دڵداری و پڕ ڕووداو) ناوی دەبەین- پێویستیمان بە یاسا و ڕێسای جیاواز هەیە. لێرەدا سەرلەنوێ ناچارین لە کات و شوێنی جیاوازدا سوود وەربگرین لە وشەی (ڕۆمانس)؛ بەڵام بەهەرحاڵ وادەردەکەوێت کە سوود وەرگرتن لە ووشەی ((ڕۆمانس)) گونجاوتر بێت لە وشەی ((چیرۆک)) (Tale) کە بۆ نووسینی کورتتر بەکاردێت.

### ڕۆمانس

جیاوازیی سەرەکی نێوان ((ڕۆمان)) و ((ڕۆمانس)) ( (((چیرۆکی دڵداری پڕ ڕووداو)) یان ((نەبەرد نامەی دڵدارییانە))) لە ڕووی جۆری دانانی کەسایەتییەوەیە. ڕۆمانس نووس هەوڵنادات کەسایەتی ڕاستەقینە بێنێتە ئاراوە و ئەم خۆپاراستنە تاڕادەیەکە، کە هەروەکو دەروونناسەکان دەڵێن کەسایەتییەکانی دەبن بە ((سیمبولی کۆنی و ئەزەلی)) (Archetype). دیسان



لە ڕۆمانس دایە کە ئێمە دەتوانین بەرجەستەیی تیۆرەکانی ((یۆنگ)) ببینین، واتە لە ڕۆمانسدا ((پاڵەوان)) هەمان ((غەریزەی (قەدەغەی) سێکسی)) ((یونگ))ە (Libido) و ((پاڵەوانی ژن))، هەمان ((فاکتەری دڵەراوکێ))یە (Anima) و ((دژە پاڵەوانی شەڕانگیز))یش هەمان ((سێبەر)) یاخود ((لایەنی نەستی و سروشتی مرۆڤ))ە (Shadow). هەر لەبەر ئەوەشە هەمیشە زەینییەتێکی بە توانا و توند لە ڕۆمانسدا دیارە کە ڕۆمان لێی بێ بەشە؛ لەلایەکی ترەوە هەمیشە لە پەراوێزی ڕۆمانسەکاندا، مەسەلەی ((نواندن)) لە ئارادایە. هەندێک لە ڕەگەز و بەشی کەسایەتییەکان لە ڕۆمانسدا لە کۆت و بەندی هیچ شتێکدا نین، کەواتە سروشتییە کە ڕۆمانس لە ڕۆمان شۆڕشگێرانەتر بێت، (لەوانەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە). ڕۆماننووسەکان پەیوەندییان لەگەڵ کەسایەتیدا هەیە؛ واتە ئەو کەسانەی کە دەمامکی کەسایەتییەکی تایبەت یان (پێگەی) کۆمەڵایەتی یان بەسەر چاویانەوەیە. سەرەڕای ئەوەش ڕۆماننووس پێویستی بە چوارچێوەکانی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر هەیە. بەو شێوەیەی کە هەندێ لە باشترین ڕۆماننووسەکان بە سوود وەرگرتن لەم چوارچێوانە زێدەڕۆییان کردووە؛ بەڵام ڕۆمانس نوس باس لە کەسانی جودا لە کۆمەڵگا و ئەو کەسانەی کە لە بۆشاییدا دەژین (واتە کەسایەتییە ڕەها و خەیاڵییەکان) دەکات. لەوانەیە ڕۆمانس، نووس تەنانەت کەسێکی کلاسیکی و پارێزگار بێت؛ بەڵام وەک بڵێی هەمیشە کەسێکی یاسا بەزێن و نەریت شکێن و سەرەڕۆیە و دەیەوێ لە لاپەڕەکانی کتێبەکەی ڕابکات.

کەواتە ((ڕۆمانسی پەخشان ئامێز)) چوارچێوە یاخود فۆرمێکی چیرۆکی سەربەخۆیە و پێویستە جیاوازی لەنێوان ((ڕۆمان)) و ((ڕۆمانس)) دابکرێت. هەروەها پێویستە ئەوان لە نێو هەموو ئەو بەرهەمانەی کە کەوتوونەتە ژێر چەتری ناونیشانی ((ڕۆمان))، دەربهێنین. هەمان ئەم پەیوەندییە لەنێوان



PDF4Kurd

((کورتە چیرۆک)) و ((چیرۆک))یشدا هەیە. لەم رووەوە پێویستە جیاوازی لەنێوان فۆرم، یا چوارچێوەی ((چیرۆک)) (وەک بەرهەمەکانی ((ئالان پۆ))) و کورتەچیرۆکەکانی ((کاترین مانسفیلد))[١٣] و ((چیخوف))یش[١٤]دا بکرێت. کەواتە رۆمانس و رۆمان دوو شتی جیاوازن. بەڵام نموونە پەتیەکانی هەریەک لە شێوازو چوارچێوە چیرۆکییەکانی (وەک رۆمان و رۆمانس.... تاد)، هەرگیز نادۆزینەوە و لە زۆربەی بابەتەکاندا دەتوانرێ ((رۆمانسی نوێ)) بە ((رۆمان)) ناوببەین و بەپێچەوانەشەوە. شێواز و چوارچێوە چیرۆکییەکان لەهەر بەرهەمێکدا لەگەڵ یەکتر تێکەڵاون و تەواو وەک نەژادە جیاوازەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ بوونە و ئێمە ناتوانین بەو شێوەیەی کە رەگەزی پیاو لەهی ئافرەت جیادەکەینەوە ئەوانیش بەو شێوەیە جیاببینین یاخود لە یەکتر جیایان بکەینەوە. لەراستیدا هەموو خەڵکیش پێشوازی لەو بەرهەمانە دەکەن کە ئاوێتەیەک لە چوارچێوە یاخود فۆرمە جیاوازە چیرۆکییەکانیان تێدا بەکارهێنرابێ، بۆ نموونە نوڤێلی رۆمانتیکی (Romantic Novel) (کە ئاوێتەیەکە لە رۆمانس و رۆمان) هێندە رەگەزی رۆمانسی تێدایە کە بتوانێت ((غەریزەی (قەدەغەی) سێکسی)) (Libido)ی خوێنەر لە دەرەوەی بوونیدا بەشێوەی ((پاڵەوانی چیرۆک)) و ((فاکتەری دڵەراوکێ کەر)) و بوونەکەی (Anima) بە شێوەی ((پاڵەوانی ژن)) (Heroine)، نمایش بکات؛ ئەوەندە رۆمان هەیە کە بتوانێت ئەم سومبولە دەروونیانەی خوێنەر بخاتە جیهانێکی بەرجەستە و ئاشناوە. لەوانەیە لێرەدا پرسیار بکرێت کە ئایا سوودی ئەم جیاوازی کردنە لە نێوان شێوازەکانی چیرۆکدا چییە؟ بەتایبەتی ئەوەی کە-سەرەڕای ئەوەی کە لە رەخنەی ئەدەبیشدا بەشێوەیەکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە باسنەکراوە- ئەم فۆرم و چوارچێوانەش ئەوەندە نامۆنین. وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە؛ بەڵام ئەگەر کاتێک گوێت لێدەبێت کە بەرهەمەکانی ((ئانتونی



ترۆلۆپ)) ((رۆمانن)) و هەموو نووسینەکانی ((ویلیام مۆریس))[١٥] رۆمانسن؛ لەبەر هەمان هۆی نامۆ نەبوونی ئەم چوارچێوانەیە و نابێ پێت سەیر بێت.

هۆی ئەم جیاوازی کردنە لەنێوان ئەو چوارچێوە چیرۆکیانەدا ئەوەیە کە رەخنە لە رۆمانس نووسە گەورەکان بگیرێت بەپێی ئەو بنەمایانەی کە زاڵن بەسەر بەرهەمەکانیاندا؛ بۆ نموونە بەرهەمەکانی ((ولیام موریس)) بە تەواوەتی نەخەینەلاوە، لەبەر ئەوەی کە هێشتا رەخنەگرەکانمان نازانن کە ((رۆمانس))یش چوارچێوەیەکی زۆر گرنگە، هەروەها بەپێی ئەوەی کە لە بارەی جەوهەری شۆڕشگێڕی ((رۆمانس))ەوە گوتمان، ئەگەر نووسەرێک ((رۆمانس))ی نووسی، تاوانباری نەکەین بە هەڵاتنی لە راستییە کۆمەڵایەتییەکان؛ یاخود بەو شێوەیەی ((والتر سکۆت)) خۆی گوتی ((رۆمانس نووس))ە، و کتووپڕ رەخنەی ئەدەبیش، هەڵە و لاوازییەکانی کارەکەی وەک ((رۆماننووس)) بەروودا نەداتەوە. سەرەڕای ئەوەش دەبێ بزانین کە ، لەگەڵ ئەوەیداکە رەگەز و تایبەتمەندی گەلێکی(رۆمانس) لە (خوو رەوشتی زیارەتکەر)ی بەرهەمی (جان بانین)داهەن، بەڵام کەسایەتی دروست کردنەکانی ئەم بەرهەمە کە لەسەر بنەمای نمونەی کۆن و ئەزەلی دانراون و روانینە شۆڕشگێڕی یەکەی سەبارەت بە ئەزمونێکی مەز هەبێ، گۆڕیویانە بە نمونەیەکی هەمەلایەنەی قاڵبێکی ئەدەبی. کەواتە نابێت وابیربکەینەوە کە ئەم بەرهەمە تەواو لەبەرئەوەی بووە بە بەشێکی ئەدەبی ئینگلیزی کە ناراستەوخۆ خۆراکی ئایینی ئەم ئەدەبەش دابینبکات، و لە کۆتاییشدا دەبێ بزانین کە کاتێ ((هاوتۆرن)) لەو پێشەکیەیدا کە بۆ بەرهەمەکەی ((خانوویەک بە حەوت بان))ی خۆی نووسیوویەتی، بەدڵنیاییەوە دەڵێت کە ئەم چیرۆکە ((رۆمانس))ە نەک ((رۆمان))؛ لەوانەیە بەتەواوی بڕوای بەوەبووە کە گوتوویەتی؛ سەرەڕای ئەوەی کە هەرلەوێدا



PDF4Kurd

دەڵێ قەدرو پلەو پایەی (ڕۆمان)،(ڕۆمانس نوس) ناچاردەکات لەبەر ئەوەی کە (ڕۆمانی) نەنوسیوە، داوای لێ بوردن بکات.

((ڕۆمانس)) چوارچێوەیەکی کۆنترە لە ((ڕۆمان))؛ لەوانەیە هەرئەوەش بێت بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو تەوەهوم و هەڵە  مێژووییە بێتە پێش کە ((ڕۆمانس)) شێوازێکی کۆنە و گەشەی نەکردووە و ناتەواو و پاشماوەی سەردەمی لاوازی و لاوییەتی مرۆڤە. ڕۆمانس حەزی لە دروستکردنی پاڵەوانە؛ ئەویش پاڵەوانانی ڕەوشت بەرز و لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو؛ هەروەها لایەنگری سیستمی دەرەبەگایەتییە، (لەوانەیە مەبەست ڕۆمانسە دواکەوتووەکان بێت). هەروەها ڕۆمانس لەسەردەمی ((ڕۆمانتیسیزم))دا گیانی بە بەرداهات و وەڕەواج کەوت و حەزێکی بەهێزی تێکەڵ بە خەیاڵی سەردەمی هۆز و فیۆدالیزم (Fudalism) و نەریتی پاڵەوان پەرستی (کە هەمان غەریزەی قەدەغەکراوی سێکسی بوو کە لە بوونی پاڵەواندا دەردەکەوت) هەبوو. لە بەریتانیا ڕۆمانسەکانی ((والتەر سکۆت)) و تارادەیەک ((برونتێ)) (ئان و شارلۆت و ئەمیلی) نیشاندەری بەشێک لە نوێکردنەوەی ژیانی -داپۆشراوی- ئەدەبی و هونەری ناوچەی ((نورتم بێریا))[١٦]ی بەریتانیا بوون، کە جۆرە کاردانەوەیێکی سۆزاوی و ڕۆمانتیکییە لە بەرامبەر ئاراستەی نوێی پیشەسازی لە ناوچەی ((میدلاندز))[١٧]ی بەریتانیادا؛ کە هەرئەم کاردانەوەش بووە هۆی هاتنە ئارای شیعرەکانی ((ویلیام ووردس وورت))[١٨] و ((ڕۆبێرت بۆرنس))[١٩] و فەلسەفەی ((تۆماس کارلایل)). کەواتە سەیر نییە ئەگەر ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانەی کە پەیوەندییەکی زیاتری بەچینی ناوەندی پیشەسازییەوە هەیە،[ (لەوانەیە مەبەستی ((دۆن کیشۆت))ی ((سێرڤانتس))]ە لەسەربنەمای لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕی ڕۆمانسە کۆنەکان و گاڵتەکردن بە بیروباوەڕەکانی، شێوە وەربگرێت. ئەو نەریتەی کە ((دۆن کیشۆت)) و



((سێرڤانتس)) دایانمەزراند لەو ڕۆمانانەدا کە بارودۆخ و ئاستی خەیاڵی ڕۆمانتیکییان لە ڕوانگەی خۆیانەوە تاوتوێ دەکرد بەردەوام بوو؛ هەر لەو ڕووەوەشەوە لە جیاتی ئەوەی کە ئەو بەرهەمانە بەسوود وەرگرتن لە ڕێسا و یاساکانی ئەو دوو جۆرە چوارچێوانە (ڕۆمانس و ڕۆمان) ئاوێتەیەکی هەست و سۆزاویی بهێننە ئاراوە، ئاوێتەیەکی بەڕواڵەت دژی یەکتر بەڵام تەنز ئامێز و کینایەییان دروستکرد؛ کە نموونەکانی ئەو جۆرە ڕۆمانانە مەودایەکی فراوانییان گرتەوە، هەر لە ڕۆمانی ((عیبادەتگەی نۆرسنگر))[٢٠] (نووسینی ((جین ئوستن)))ەوە بگرە تا ((لۆرد جیم))[٢١]ی (جوزێف کونراد) و ((خاتو بۆڤاری)) (نووسینی ((فلوبێر))).

ڕۆمانس یان ئەوەتا بەشێوەیەکی هۆشیارانە سوود لە نواندن وەردەگرێت، وەک ((خوو و ڕەوشتی زیارەتکەر))؛ یاخود نەستیانە سوودی لێوەردەگرێ، وەک ئەفسانەسازییە دڵدارییەکان لە بەرهەمەکانی ((ویلیام موریس))دا. ڕۆمانس ڕادەی ناوەندە لە نێوان ((ئەفسانە)) کە چیرۆکی ((خواوەندەکان)))ە و ((ڕۆمان)) کە پەیوەندیی بە کەسانی ئاساییەوە هەیە. ڕۆمانسی پەخشان ئامێز لە پاش ئەفسانە کلاسیکییەکان دەرکەوت؛ وەک ((چیرۆکەکانی ئایسلاند))[٢٢] کە پەخشان ئامێزە، ڕاستەوخۆ لەدوای ئەفسانەکانی گەلانی باکووری ئەورووپا و ئایسلاند سەریهەڵدا. ڕۆمان زۆرجار دەیەوێ ڕوانگەیەکی چیرۆکییانە بۆ مێژوو بخاتەڕوو، بۆچوونی دروستی ((فیلدینگ)) لەبارەی ڕۆمانەکەی ((تۆم جۆنز))- کە بە مێژوو ناوی نابوو- بەم ڕێسا و بنەما گشتییە، دەتوانین ڕوونبکەینەوە و پاڵپشتی بکەین، کە ((هەرچەند ڕۆمان لەڕووی قەبارە و کاتەوە درێژتر بێت، زیاتر جەوهەرە مێژووییەکەی دەخاتەڕوو))، بەڵام لەو شوێنەی کە ڕۆمان مێژووییەکی داهێنراوە و لەسەربنچینەی بیرکردنەوەی نووسەرە، بە زۆری



PDF4Kurd

رۆماننووس وا بەباش دەزانێ کە بەرژەوەندی رۆمانەکەی بەشێوەیەک هەڵبژێرێت کە بتوانێت بە ئاسانی فۆرم و شێوەی پێبدات.

کەواتە بەرژەوەندییەکان لەو کات و سەردەمانەدا وەردەگرێت کە تێیدا دەژیت، چونکە هەستدەکات کە ئەگەر سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو و جێگیر لە رابردوو هەڵبژێرێت زیاتر دەست و پێی خۆی دەبەستێتەوە و دەکەوێتە تەنگانەوە. لەبەر ئەم هۆیەیەکە کاتی ((رۆمانەکانی ڤیورلی)) (نووسینی ڤۆلتەر سکۆت)، دەگەڕێتەوە بۆ شەست ساڵ بەر لەم بەرهەمانە و کاتی رۆمانی ((دوریتی بچووک))[٢٣] (بەرهەمی چارلز دیکنز)یش چل ساڵ پێش خۆی بوو. بەڵام بەپێچەوانەی رۆمان، رۆمانس کات و مێژووی دیاریکراو و نەگۆڕ لە رابردووەوە هەڵدەبژێرێت؛ لێرەیە بەم یاسا گشتییە دەگەین کە زۆربەی ((رۆمانە مێژووییەکان)) ((رۆمانس))ن، بە هەمان شێوەش دەتوانین بڵێین کە ئەگەر ئەو ژیانەی کە لە رۆماندا دەخرێتەروو، پەیوەست بێت بە رابردوویەکی دوورەوە، سەرنج راکێشییە رۆمانسییەکان سەرنجی ئەو خەڵکە رادەکێشن. تەواو لەبەر ئەو هۆیەش لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا گشت خەڵک، رۆمانەکانی ((ئانتونی ترۆلۆپ)) یان وەک رۆمانس ناودەبردن، نەک رۆمان. لەوانەیە بتوانین بڵێین کە پەیوەندی لەگەڵ مێژووی رابردوو و ((بارودۆخ و سەردەمی هاوچەرخی رۆمان)) دوو رەگەزن کە رۆمان سنووردار دەکەن. ئەمانەش لەگەڵ گشتایەتی و بەجیهانی بوونی ((رۆمانس)) لە دژایەتی دان؛ هەروەها لەگەڵ ئەو پەیوەندییەش لە دژایەتی دایەکە مرۆڤی رۆژئاوایی لەگەڵ سەردەمە هاوچەرخەکەیدا بەرقەراری کردووە.



## (سەر بوردەی چیرۆک ئامێز) یان ((دان پێدانان))

شێوازێکی دیکە نووسینەوەی سەربوردەیە (Autobiography) کە بەپلەگەلێکی هەست پێنەکراو لەگەڵ رۆمان ئاوێتەیە. زۆربەی ئۆتۆبیۆگرافی نووسەکان لەژێر کاریگەریی بزوێنەرێکی داهێنەر و چیرۆکیدا، هەوڵیانداوە کە تەنیا رووداوو ئەزموونە تایبەتییەکانی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن، تا لە کۆتاییدا لەم رێگایەوە بتوانن بگەن بە پێکهاتە و سومبولێکی یەک چەشن و تەواو و لەوانەیە ئەم سومبولە کەسایەتییەک بخاتەروو کە بەرزترە لە خواستی یەکەمی نووسەر خۆی؛ یان کەسایەتییەک کە رەفتار و بیروڕاو هەست و سۆزی گونجاوی هەیە. دەتوانرێ ئەم جۆرە بەرهەمانە بە ((دان پێدانانەکان)) یاخود ((دان پێدانان)) ناوبنێین. واپێدەچێ داهێنەری ئەو شێوازە ((قدیس ئوگوستین))[٢٤] بێت لە پاشان ((جان جاک رۆسۆ))[٢٥]ش جۆرێکی نوێی ((دان پێدانانەکان))ی هێنایەئاراوە.نەریتی نووسینی(دان پێدانانەکان) لە ئەدەبی ئینگلیزیدا لەمێژە لەگەڵ بەرهەمەکانی وەک ((دان پێدانانە ئاینییەکان))و[٢٦] (بەرهەمی ((تۆماس براون))[٢٧]) و (لوتفی بێ پایان)[٢٨] (بەرهەمی ((جۆن باین یەن))) و ((تەمبێ کردن))[٢٩] (بەرهەمی ((جۆن هنری نیومان))[٣٠]) وێڕای بەرهەمگەلێکی تر کە عارفەکان هێناویاننەتە ئاراوە، دەستپێکردووە. ئەگەرچی دان پێدانانەکانی عاریفەکان جۆرێکی -تاڕادەیەک- جیاوازن لە دان پێدانانەکان، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ نەریتی دان پێدانان نووسی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەیە. ((دان پێدانان))یش دروست وەک رۆمانس تایبەتمەندی گەلێکی هەیە کە دەتوانین بە هاوکاری ئەوان ((دان پێدانانی پەخشان ئامێز)) لە ژانرەکانی تری چیرۆک جیای بکەینەوە. هەر بە هاوکاری ئەوان دەتوانرێ زۆر لە بەرهەمە بەنرخ و پەخشان ئامێزەکانی ئەدەبی چیرۆکی پێناسە بکرێن و، لە جیاتی ئەوەی کە دانرابن تا لەبەرزەخی نێوان کتێبەکاندا- و بە چارەنووسێکی نادیار-



PDF4Kurd

بەسەرببەن، شوێنێکی تایبەتییان بۆ بدۆزرێتەوە. دیارنەبوونی شوێنی ئەم جۆرە بەرهەمانە لە ئەدەبدا، لەوەوە سەری هەڵداوە کە ئەم بەرهەمانە تەواو ئەدەبی نین چونکە بەرهەمی هزرن. سەرەڕای ئەوەش بەرهەمی ئایینی یا فەلسەفی پەتیش نین، چونکە هەر یەکێکیان شێوازێکی ئەدەبی و پەخشان ئامێزی تایبەتی هەیە. هەروەها ((دان پێدانان))ەکان وەک ((رۆمان)) و ((رۆمانس)) خاوەنی جۆری کورت تری -وەک دەستنووس و وتارەکان-یشن. بۆ نموونە ((نامەکانی)) ((میشێل دەمونتانا))[٣١] ((دان پێدانان))ێکن کە لە چەندین نامە یان وتار پێکهاتوون، تەنیا شێوەیەکی درێژتر لە گێڕانەوەیان کەمە، کە بە جۆرێک پێکەوەیانەوە ببەستێ و پاشکۆدار بێت. ئەو پلانەی کە ((مونتانا)) بۆ هێنانە ئارای چوارچێوەی ((دان پێدانانەکان))ی داڕشتووە، تەواو وەک ئەو پلانە وایە کە ((جیمس جویس)) بۆ ((دوبلینییەکان))[٣٢]و ((جیوفانی بەکاشیو)) بۆ ((دیکامیرون)) دایرشت. چونکە مەبەستی هەردوو نووسەر (((جویس)) و ((بوکاشیو))) ئەوەبوو کە لە ڕێگای کۆمەڵێک چیرۆکی کورتەوە بگەن بە چوارچێوەی ((رۆمان)).

لە پاش ((روسۆ)) (واتە لەراستیدا چوارچێوەی ((دان پێدانانەکان)) لە ڕێگەی ((جان جاک روسۆ))یەوە دەگات بە دەریای رۆمان و تێکەڵ دەبن) پێکهاتەییێک دروستدەبێت کە پێکهاتووە لە ((ژیاننامە)) و ((چیرۆک))؛ کە لە ((ئۆتۆبیۆگرافییە چیرۆکییەکان))ی وەک (رۆمانی هونەرمەند) [رۆمانێک لە بارەی ژیانی هونەرمەندێک] و جۆرەکانی تری لەو بابەتەوە دەردەکەوێ. ئەم ئاڵ وگۆڕە لەوێوە سەری هەڵدا کە دەلیلێکی ئەدەبی نەبوو بۆ ئەوەی کە هەمیشە شەخسیەت یا قارەمانی دانپیانانەکان، خودی نووسەر بێت، بەم شێوەیە بەلای کەمەوە لەکاتی نووسینی رۆمانی ((مۆل فلاندێرز)) (بەرهەمی ((دانیال دیغۆ))وە تائێستا، سوود وەرگرتن لە دانپێدانانە شانۆیی یا چیرۆکییەکان لە رۆماندا کارێکی باوبوون. شێوەی ((شەپۆلی هۆش))یش



بوارێک بوو بۆ ئەوەی ئەم دوو شێوازە (((ئۆتۆبیۆگرافیی دانپێدانانەکان)) و ((رۆمان))) هەرچەند زیاتر و چڕوپڕتر تێکەڵ بەیەکتر بن. بەڵام تەنانەت لەم جۆرە بەرهەمانەشدا (ئەو بەرهەمانەی سوود لە شێوازی رەوانبوونی زەین وەردەگرن) دەتوانین بەروونی تایبەتمەندییە تایبەتییەکانی ((دان پێدانانەکان)) ببینین. بەزۆری دان پێدانانەکان لە ئەنجامی حەزێکی زۆری نووسەر لە مەسەلە تیۆری و مەعنەوی و هزرییەکاندا لە یەکێک لە بوارەکانی ئایین، سیاسەت، یاخود هونەردا؛ دێنەئاراوە و هۆی پشکوتن و سەرکەوتنیشیان هەر ئەوەیە کە زەینی نووسەرەکەی لە حاڵەتێک یان بابەتێکدا هێندە پێدەگات و بە کەماڵ دەگات، کە هەستدەکات ژیانەکەی هێندە گرنگ و بەنرخە کەشتێک لە بارەیەوە بنووسێت. بەڵام ئەو پەیوەندییە پڕ جۆش و خرۆشە بە بیروباوەڕە تایبەتییەکان، بەگشتی دژی ((رۆمانی ریالیزمی)) و توانای داهێنەرەکەیەتی. چونکە لە رۆماندا هونەری چیرۆکنووسی لە ئارادایە و ئەم هونەرە دەڵێت کە هەموو باوەڕو هزر و بیرێک پێویستە بەنێو هەموو رەگەکانی رۆماندا بچێتە خوار و هەرس بکرێت، یاخود بکەوێتە نێوان کار و کاردانەوە و پەیوەندی کەسەکانەوە، بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی ((جین ئوستن))دا کێشەکانی دەوڵەت و کلێسا و کەلتوور، تەنیا وەک کۆمەڵە زانیارییەک لەبارەی ئەو کۆمەڵگایەوە دەکەونەبەر لێکۆڵینەوە. یاخود بۆ نموونە ((هێنری جیمس)) بەوشێوەیە دەینوسی کە لە بارەیەوە دەیانگوت زەینی ئەو هێندە جوان و رازاوەیە کە هیچ هزرێک هەرچەند گرنگیش بێت، ناتوانێت زنجیری چیرۆکەکەی هەڵوەشێنێتەوە. یان زەینی لەرێ لابدات. رۆماننووسێک کە نەتوانێت وازبهێنێت لە خستنەڕووی نەخشە و تیۆر و بۆچوونەکانی لە رۆماندا یاخود مەیل و توانای ئەوەی نەبێت کە وەک ((هێنری جێمس)) ئەم هزروبیر و باوەڕانە لە رۆمانی خۆیدا رابکێشێت و هەرس بکات؛ ناچار بەشێوەیەکی



PDF4Kurd

سروشتی و نەستی روودەکاتە نووسینی ((دانپێدانانەکان)) و ((ئۆتۆبیۆگرافی))، یان بە وتەی ((میل)) (لەوانەیە ((جیمس میل))[٣٣]) پەنا دەباتە بەر ((مێژوویێکی زەینی و خەیاڵی لەبارەی کەسایەتییەک)). کاتێک ((زانستی جوانناسی فۆڕمەکانی چیرۆک)) لە بارەی رۆمانی ((روخساری هونەرمەند وەک پیاوێکی گەنج)) نووسینی ((جیمس جویس))ەوە وەک لوتکەی یەکێک لە فۆڕمە چیرۆکییەکان باسدەکات، بەو ئەنجامە دەگەین کە هەر پێویستە لە جەرگەی رۆماندا نەریت و فۆرمێکی تری چیرۆکنووسی هەبێت و ئاوێتە بێت بە رۆمان. قاڵبی رۆمان زیاتر پەیوەستە بە کێشەکانی دەرەوەی زەینەوە واتە باس لەو شتانە دەکات کە لەبەرچاون و لەبارەی تاک و کەسەکانە وەن. کارە سەرەکییەکەشی ئەوەیە کەسە ئاساییەکان کە لە رەگەزی مرۆڤن و لە کۆمەڵگادا دەژین نمایشبکات .((رۆمانس)) رەنگدانەوەیەکە لە کێشە سۆزاوییەکانی دەروونی مرۆڤ و وەکو رۆمان، چیرۆکی کەسەکان دووبارە دەڵێتەوە. هەروەها رۆمانس پەیوەندی بە کەسەکانەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی زەینی و خەیاڵی باسیان لێوە دەکات (مەبەست لە ناوی ((زەینی و خەیاڵی)) خستنەڕووی زەین و خەیاڵە نەک بەرژەوەندی و بابەتەکانی خەیاڵێک. کەسایەتییەکانی رۆمان بستێک لە ئێمە باڵابەرزترن واتە پاڵەوانن. کەواتە دەگمەنن و بەدەر لە دەرک پێکردنن. لە رۆماندا رۆماننووس چونکە بابەتیانە تر و واقیعیانە تر لە چیرۆک دەدوێت دەتوانێت لە دەروونی زەینی کەسایەتییەکاندا زیاتر شوێنی خۆی بکاتەوە) دانپێنانەکانیش زیاتر روویان لە هزر و بیر و هەست و سۆزە دەروونییەکانی مرۆڤە، بەڵام لەرووی ناوەڕۆکەوە زیاتر باس لە کێشە زەینی و تیۆرییە رووتەکان دەکەن. هەروەک دیارە، پێویستە لێرەدا هەنگاوێکی تر بنێین و بەرەو دۆزینەوەی چوارەمین فۆڕم لە فۆڕمەکانی چیرۆک بڕۆین کە باس لە کێشەکانی ژینگەی مرۆڤ و مەیلە زەینییەکانیان دەکات.



**((ساتیری منپوسی)) یاخود ((هەڵوەشاندنەوەی ئەدەبی))**

گوتمان کە زۆربەی خەڵک بەرهەمی ((گەشتەکانی گالیڤەر)) (نووسینی جۆناتان سویفت))) بە چیرۆک لە قەڵەم دەدەن و بە رۆمانی دانانێن. کەواتە پێویستە قاڵبێکی تری چیرۆکی هەبێت -کە هەیە- و ئێمە کاتێک پەی بەبوونی ئەم قاڵبە یان فۆڕمە چیرۆکییە دەبەین کە لە ((ئەمیل))[٣٤]ی ((جان جاک رۆسۆ)) وە بە ((کاندیدا))ی ((ڤۆڵتەر)) بگەین؛ یاخود لە رۆمانی ((رێگای هەموو گیانداران))[٣٥]ی ((ساموئیل باتلر))ەوە[٣٦]، بۆ بەرهەمەکەی تری کە لەژێر ناوی ((هەرێمی ئەرەهون یاخود کەسنەزان))[٣٧] بچین؛ یان لەپاش خوێندنەوەی رۆمانی ((خاڵ و خاڵی بەرامبەر))ی ((ئالدس هاکسلی))، بە خوێندنەوەی بەرهەمەکەی ((جیهانی جوانی و نوێ))وە خەریک ببین. هەندێ لە بەرهەمەکانی ((باتلەر)) و ((هاکسلی)) نیشاندەدەن کە ئەم فۆڕمە یاخود قاڵبە چیرۆکییە تەنانەت لەژێر باڵادەستی و سەرکەوتنی رۆمانیشدا، بنچینە و فۆرمی خۆی پاراستووە، ئەویش لە ئاستی پێگەیشتوودا . بوونی ئەم فۆڕمە لە چیرۆکدا دەتوانرێ بە ئاسانی ئاشکرا بکرێت و نیشانبدرێت؛ بە دڵنیاییەوە هیچ کەسێک دژایەتی ئەم بۆچوونە ناکات کە شەجەرەنامەی دامەزرێنەرانی بەرهەمەکانی وەک ((کاندیدا))[٣٩] یا ((گەشتەکانی گالیڤەر)) دەچێتەوە سەر نووسەرانی وەک ((فرانسو رابلە))[٤٠]ی (فەرەنسی) ((دسیدێریوس ئیراسموس))[٤١]ی هوڵەندی و ((لوشان))[٤٢] (ساتیر نووسی بەرەچەڵەک یۆنانی). وێرای ئەوەی کە لیکۆڵەرەوەکان لەبارەی شێواز و بیروڕای نووسەرانی وەک ((رابلە)) و ((سویفت)) و ((ڤۆلتەر))[٤٣] زۆر بابەتیان نووسیوە، بەڵام تائێستا لەبارەی ئەوەی کە ئەوان ئەو هونەرمەندە مەلەوانانە بوون لە هونەری چیرۆکنووسیدا، و ئەوەی کە ئەوان لەسەر فۆڕمێکی تایبەت لە چیرۆک کاریان کردووە، هیچ کەسێک توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی نەکردووە. ئەوەش خالێکە کە هەمیشە هەر کەسێک



PDF4Kurd

کە لەبارەی ڕۆماننووسی یەوە شتێک دەنووسێت بە ئاسانی و سادەیی بەسەریدا باز نادات. نووسەرێکی تری گەورە کە چیرۆکەکانی بە سوود وەرگرتن لەو قاڵبە چیرۆکییە نووسیون مامۆستا ((هاکسلی))، واتە ((تۆماس لاو پیکاک))ە. بەڵام ((پیکاک)) تەنانەت لە نووسەرانی تریش بێ شانس تر بووە. چونکە هیچ کەسێک سەری لەو قاڵبە چیرۆکییە دەرنەچووە کە ئەو نووسیویەتی، بەرەبەرە هەموویان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەو بە مەیل و چاوەترسییەکی زۆرەوە کۆمەڵە چیرۆکێکی پەخشان ئامێزی سادە و جیاوازی لە نەریتی باوی ئەدەبی، هێناوەتە ئاراوەهەر لەبەر ئەوەشە، شوێنی ئەو لە جیهانی ئەدەبدا بە تەواوی دیارنییە. ئێستا پێویستە بڵێین کە ئەو لەکاری خۆیدا بە هەمان ئەندازەی((جین ئۆستن)) بەرز و زانایە و لەرووی هونەریشەوە بە وردی و لێهاتووی و شارەزاییەکی زۆرەوە کاری کردووە، وەک لە ڕۆمانەکانیدا کردوویەتی.

فۆرم یا ئەو قاڵبەی کە ئەو نووسەرانە (((هاکسلی)) و ((پیکاک)) و...) بۆ نووسینی چیرۆکەکانیان بەکاریان هێناوە، هەمان ((ساتیری مێنیپێنی)) (Menippen Satire)یەکە هەندێ جاریش بە ((ساتیری ڤارونی)) (Varronian Satire) ناودەنرێ، و دەڵێن کە دامەزرێنەرەکەی نووسەرێکە کە لەسەر ڕێبازی (کەلبی) و ڕەشبین بووە، بە ناوی ((مێنیپێنی))[٤٤] (کە لە سەدەی سێیەمی پێش زایینیدا ژیاوە). بەرهەمە ((مێنیپێنییەکان)) لەناوچوونە؛ بەڵام دوو پەیڕەوکاری گەورە و گرنگی یان هەبوون؛ کە یەکێکیان ((لوشان))ی یۆنانی (لە نووسەرەکانی سەدەی دووەمی زایینی) بوو وە ئەوەی تر ((مارکوس ترانتیوس ڤارۆ))[٤٥]ی ڕۆمانی (کە لە نووسەرانی سەدەی سێیەمی پێش زایینییە)بووە. بێجگە لە چەند بەشێک لە بەرهەمەکانی (ڤارۆ) هیچی تر نەماوەتەوە. بەڵام نووسەرانی وەک ((گیوس پیترونیوس))[٤٦] (لە نووسەرانی ڕۆمان لە سەدەی یەکەمی زایینی) و ((لیۆشیوس ئاپۆلیۆس))



[٤٧] (نووسەری سەدەی دووەمی پاش زایینی) پەیڕەوییان لە شێوەی ساتیرییەکەی کردووە. وا بەرچاودەکەوێت کە ساتیری مێنیپێنی قۆناغی گەشەسەندووی شیعری ساتیریی بێت کە هەندێ جار لە نێوانیاندا پەخشانیش تێکەڵ کراوە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ تەنیا جۆرە پەخشان ئامێزەکەی دەناسین. ئەگەرچی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە نووسینە پەخشان ئامێزە (وەکو ئەوەی کە لە بەرهەمەکانی ((پیکاک))دا دەبینرێت)، سوود وەرگرتنی جاربەجاریەتی لە شیعر. ساتیری مێنیپێنی زیاتر کاری بە ئاراستەکانی زەین و شێوازی هزری تاکەکانەوە هەیە تاکو خۆیان. بەدەربڕینێکی تر ئەم شێوازەی چیرۆکنووسییە کەسانی وەک، خۆ بەزلزانەکان و دەمارگیران و کەسانی کەللەرەق و تازەپێگەیشتووەکان و هونەرمەندان و لایەنگران و کەسانی چاوچنۆک، واتە کەسانی ناشایستە و نەزان لەهەر بەش و هونەرێکدا دەخاتەڕوو؛ جۆری خستنەڕوو و شێوازی هزرکردنیان- کە ئەویش ئەنجامی کار و پیشەی ئەوانە- لەمەڕ ژیان ئاشکرا دەکات؛ بەڵام ئەو هیچ کارێکی بەسەر شێوازی رەفتار و کاروجۆری کاروکاردانەوەی کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکانەوە نییە. ساتیری مێنیپێنی بەم پێیەوە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی بیروڕاو بۆچوون و تیۆرە ئابستراکتەکان، کارەکەی وەک ژانری ((دان پیانانەکان))ە؛ بەڵام لەرووی جۆری کەسایەتی دانانەوە کارەکەی لەگەڵ ڕۆماندا جیاوازە. ساتیری مێنیپێنی لەجیاتی ئەوەی کە کەسایەتییەکان سروشتی و ئاسایی پیشانبدات، بەپێی میتۆد و شێوازێکی تایبەتی باسیاندەکات. کەسایەتییەکان لە ساتیری مێنیپێنیدا وەکو توتی و بانگەشەکەری بیروڕا و هزرەکان کاردەکەن. هەڵبەت لێرەشدا ناتوانین و ناکرێت سنوورێکی ورد لەنێوان ڕۆمان و ساتیری مێنیپێنیدا دیاریبکرێت؛ بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کەسایەتی یەکێک لە ڕۆمانەکانی ((جین ئۆستن)) لەگەڵ کەسایەتییەک بەراوورد بکەین کە لەو



PDF4Kurd

بچێت لە ڕۆمانی ((پیکاک))دا ، خێراپەی بە جیاوازی نێوان ئەم دوو فۆڕمە یا قاڵبە چیرۆکییە دەبەین. یاخود بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە ((سکۆبرویسترن))[٤٨] (کەسایەتییەک لە ڕۆمانی ((تۆم جۆنز)) بەرهەمی ((فیلدینگ))) کەسایەتییەکە پەیوەستە بە ڕۆمانەوە؛ بەڵام لە ((شادەمارەکان))ی ((تواکۆم))[٤٩] و ((سکوار))[٥٠]دا (هەردووکیان لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانی ((تۆم جۆنز)) فیلدینگن) خوێنی مێنیپێنییان لەگەڕدایە. یەکێک لە ناوەڕۆکە هەمیشەییەکانی بەرهەمەکانی مێنیپێنی گاڵتەوگەپ بە فەیلەسووفە گەورە و بەناوبانگەکان بووە. هەروەها جیاوازییەکی تری بەرهەمەکانی مێنیپێنی لەگەڵ ڕۆماندا ئەوەیە کە ڕۆماننووس شەڕ و خراپە و دەبەنگی بەجۆرێک لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت لەکاتێکدا نووسەری بەرهەمە مێنیپێنییەکان ئەمانە بە جۆرە نەخۆشییەکی عەقڵی کە لە ئەنجامی بێ هێزی توانای مێشک تووش بووە، یان بە جۆرێک لە خۆ بەزل زانینی شێتانەیان (کە شوێنێکی دیار و دەستنیشانکراوی ئەم جۆرە نەفامییە لە بەرهەمەکانی منیپوسی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان بووە) دەزانن.

((پیترۆنیۆس))، ((ئاپولیوس))، ((ڕابلە))، ((سویفت)) و ((ڤاڵتەر)) سوودیان لە فۆرمێک لە ((گێڕانەوە)) و چیرۆکنووسی وەرگرتووە کە تیایاندا پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا نییە و هەرئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەزۆری ئەو قاڵبە چیرۆکییەی کە سوودیان لێ وەرگرتووە، لەگەڵ ڕۆمانسدا وەکو یەک تەماشا بکرێن لەکاتێکدا ڕۆمانس لە ((ساتیری مێنیپێنی)) جیاوازە. (((دەڵێن کە ((ڕابلە)) فۆرمی ڕۆمانسی لەگەڵبەرهەمەکانیدا تێکەڵ کردووە)، چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمە مێنیپێنییەکان سوود لە پاڵەوان بازی و کەسانی پاڵەوان وەرناگرن؛ بەڵکو بنچینەی کارەکەیان لەسەر وێناکردنە عەقڵانی و بۆچوونە زەینییەکان



دادەنێن و باس لە خستنەڕووی نووسینە کۆمیدی و بەتامەکان دەکەن کە بەرهەمەکەی کەسانی تاک ڕەهەند و کاریکاتۆریستن.

سەرەڕای ئەوەش ساتیرە مێنیپێنیەکان جیاوازن لە چیرۆکە پیکارسکەکانیش؛ چونکە چیرۆکە پیکارسکەکان وەکو ڕۆمان کۆمەڵگایەکی واقیعی وێنە دەکێشن بەسیستەمێکی دیاریکراوەوە. ((ساتیری مێنیپێنی)) لە بەرزترین و چڕترین فۆرمی خۆیدا، جۆرە ڕوانگە و بینینێک لەبارەی جیهانەوە دەخاتەڕوو کە بەرهەمی شێواز و بۆچوونێکی تایبەتییە. مەیلی چیرۆکە مێنیپێنییەکان بۆ سیستەمێکی هزری تایبەت دەبێتە هۆی شێواندن و پەشۆکانێکی زۆر لە شێوە باو و مەنتیقی یەکەی گێڕانەوەی چیرۆکدا؛ بەڵام ئەم گرنگی دانە بەکاری گێڕانەوەی مەنتیقی و دروستی چیرۆک تەنیا دەبێتەهۆی ناوردبوونەوەی خوێنەر لە ناسینی جۆری چیرۆکەکان؛ یاخود مەیلی ئەو فراوان دەکەن بۆ ئەوەی کە هەر چیرۆکێک بە جۆرێک ڕۆمان دابنێ.

ساتیر (Satire) لە ڕۆمای کۆن و لەکاتی ڕنسانسدا، دوو ژانری ئەدەبی هەبووە کە یەکێکیان پەخشان ئامێز و ئەوی تریش بە وەزن و قافییە بووە، ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە جۆرە ((شێوەی بینین و ڕوانگە)) یاخود ((بنەمای پێکهاتەیەکی تایبەت)) دەگەیەنێت. هەمان ئەو شتەی کە ئێمە بەجۆرێک ئەفسانەمان (Mythos) لە قەڵەمدا. لە ساتیری مێنیپێنیدا -هەروەک گوتمان- ئەو شێوەی ((بینین و ڕوانگە)) لەگەڵ فۆرم یا ((قاڵبی تایبەتی خۆی))یشدا دەگونجێت. ساتیر وەک جۆرێکی ((شێوەی بینین و ڕوانگە)) -بەو شێوەیەی کە دیتمان- بریتییە لە فانتازیا (Fantasy)، سەرەڕای ((بنەما ئەخلاقییەکان)) (Morality)، بەڵام ساتیری مێنیپێنی وەک ((فۆرم و چوارچێوە)) (هەڵبەت ئەگەر تەنیا تایبەت و سنووردار بکەین بە ئەدەبیات، چونکە لە زۆر لە هونەرەکاندا وەک ((کارتۆن))یش سوود لەم قاڵبە وەردەگرن) زۆر شیاوی



PDF4Kurd

گۆڕانە و؛ دەتوانێت یان بەرهەمێکی تەواو ((ئەخلاقی)) بێت یان تەواو ((خەیاڵی)). بۆ نموونە لە چیرۆکی پەرییەکاندا چیرۆکی پڕ ڕووداوی مێنیپێنی دەبینن کە تەواو فانتازین. بۆ نموونە هێشتا هەموو ئەو چیرۆکانەی لەبارەی ((ئۆلیس))، و بەرهەمی ((مندالە دەریاییەکان))[٥٣] (نووسینی چارلز کینگزلی) کە لەژێر کاریگەریی بەرهەمەکانی ((رابلە))دا نووسراون، ساتیری مێنیپێنی تەواون. جۆری ئەخلاقی و بێگەردی فۆرمی ((ساتیر)) ڕوانگەیەکی شێلگیرترە بۆ کۆمەڵگە وەک تاکە سومبولێک کە ئاقلانە و خوازراوە؛ یاخود بە واتایەکی تر ڕوانگەیەکە بۆ کۆمەڵگای (مدینە فاضلە) (Utopia). زۆربەی جۆرە کورتەکانی ساتیری مێنیپێنی بەشێوەی دایەلۆگ) یان باسن؛ و شێوەشانۆی یەکەشیان زیاتر بەرووبەڕووبوونەوەی نێوان بیروڕاو بۆچوونەکان دەچێتە پێش نەک ڕووبەڕووبوونەوەی کەسایەتییەکان. ((ئیرازموس)) ئەم شێوەیەی زۆر لە بەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە، لەبەرهەمەکانی ((ڤۆلتێر))یشدا دەبینرێت. هەروەها لێرەدا فۆرم و قاڵبی ساتیر لەڕووی ((شێوەی بینین و ڕوانگە))ەوە (Attitude) بە یەک شێوە ناچێتە پێش. کەم کەمە ((خەیاڵی)) بوونەکەی بەهێز دەبێت و هەندێ کاتیش بەرەبەرە دەگۆڕێت بۆ باسە تەواو ئەخلاقییەکان. ((دایەلۆگە خەیاڵییەکان))[٥٤] بەرهەمی ((والتر سڤێج لاندۆر))[٥٥] و ((گفتوگۆی مردووەکان))[٥٦] (بەرهەمی ((مایتو پرایر))[٥٧]یش لە ریزی ئەم جۆرە بەرهەمانەدان. هەندێ جاریش ئەم شێوەیەی کار (شێوەی دایەلۆگ یان باس) تەواو فراوان و درێژ دەبێت. لەواندا زیاتر لە دووکەس، لەگەڵ یەکتردا دەپەیڤن؛ کە لەم شێوەیە دا ئەم باسانە لە شوێن و فەزایەکی وەک کۆبوونەوەی بیروڕا گۆڕینەوە یاخود دانیشتن بۆ باس و گفتوگۆ ئەنجامدەدرێن، وەک یەکێ لە کارەکانی ((پیترۆنیۆس)) کە بەباشی هاتووە و قەبارەکەشی گەورە بووە. ((ئەفلاتون))[٥٨] (کە هەڵبەت زۆر لە



پێش ((منیپۆس) لەم بوارەدا کاری کردووە) کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەم نەریتە ئەدەبییە جێهێشتووە. لەپاش ئەو ئەم ڕەوتە بەبێ وەستان بەردەوام بووە و دەست بەدەست سووڕاوە تا ئەوەی کە لە بەرهەمی ((باڵدار سارە کاستیلیون)) دا[٥٩] گۆڕا بۆ گفتوگۆیەکی بەرێزانە و لەسەرخۆ، ئەویش لە بارەی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ((دەرباری ئایدیال))؛ یاخود لە بەرهەمی ((ئیزاک وولتۆن))دا [٦٠] گۆڕا بۆ باسێک لەبارەی ((بنەما و شێوازەکانی ماسیگری)). جۆرە تەواوکراو و نوێیەکەشی لە بەرهەمەکانی ((پیکاک))، ((هاکسلی)) و لاسایی کەرەوەکانیاندا، بەشێوەی کۆمەڵە باسێک لەبارەی پشووی کۆتایی هەفتە لە خانوویەکی دێهاتیدا دەرکەوت؛ کە هەڵبەت لەم جۆرەی دواییدا بۆچوونەکان، بیروباوەڕ، تیۆر و، کێشە کەلتوورییەکان ئەوەندەی مەسەلەکانی خۆشەویستی و دڵداری گرنگن. ڕۆماننووس دەوڵەمەندی و قووڵبوونی خۆی لە ڕێگەی بەش بەشکردن و شیکردنەوەی تەواوی پەیوەندییە مرۆڤییەکان (وەک ((هێنری جێمز)))، یاخود شەن و کەوکردن و وردبوونەوە لە دیاردە و کێشە کۆمەلایەتییەکان (وەک ((تۆلستۆی))) نیشاندەدات، بەلام ئەو نووسەرەی کە سوود لە ساتیری مێنیپێنی وەردەگرێت، تەنیا پەیوەندی بە ناوەڕۆکە ئەقلانی و لێکۆلینەوە بیرمەندانەییەکانی کێشەکانەوە هەیە و بە باسە تیۆرییەکان قووڵایی بە بەرهەمەکانی خۆی دەدات؛ بە زۆری ئەم کارەی بە هێنانی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زانایانە، لەبارەی بابەت و ناوەڕۆکەکەی- لە بەرهەمەکەیدا- ئەنجامدەدات. یاخود بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەورە و ماقووڵانە و بۆ نیشاندانی لێهاتوویی خۆی بەرهەمەکەی پڕ لە زاراوەی هونەری دەکات، لە هەموو بوارەکاندا یەکێک لە جۆرەکانی یاخود لەڕاستیدا یەکێک لە بەشە کۆمەڵەکانی ئەم فۆرمەی بەرهەمەکان، بەرهەمێکە وەک ئینسکلۆپیدیا پڕە لە بەرهەمی تێکەڵ و پێکەڵ؛ کە



PDF4Kurd

دامەزرێنەرەکانی ((ئەسینیۆس))[٦١] (لە زاناکانی کۆتایی سەدەی دووەمی زاینی یۆنانی)بە بەرهەمەکەی خۆی ((قسە خۆشەکان لە میوانداریێتیدا))[٦٢] و ((ئەمبدو ژیوس مکروییوس))[٦٣] (لە نووسەرانی کۆتایی سەدەی چوارەمی زاینی رۆمان)لە بەرهەمەکەی خۆی بەناوی ((جەژنی خوای زوحەل))[٦٤] بوون. لەم بەرهەمانەدا خەڵک لە میوانداریێتی دادەنیشتن و لەبارەی هەر بابەتێکەوە کە بە گوێرەی پێویستی باسەکە دەهاتە پێش، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زانایانەی خۆیان بەرچاو دەخست. نمایش کردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانایانە لەوانەیە ((وارو))ی بردبێتە ناو شێوەی ساتیری مێنیپینی یەوەو رەواجی پێدابێت ((وارو)) ئەوەندە لە زانستە جیاوازەکاندا شارەزا بوو کە تەنانەت ((مارکوس کونتیلیان))[٦٥] (لە وتار بێژ و نووسەرانی سەدەی یەکەمی زاینی رۆما)یش ستایشی ئەوەی دەکرد. مەیلی سوود وەرگرتن لە بەرهەمە نیمچە ئینسکلۆپیدیایی و تێکەڵ و پێکەڵەکان لە ساتیری منیپوسیدا، دەتوانین بە ئاشکرا لە بەرهەمەکانی ((رابلە))دا ببینین؛ بەتایبەتی پێرستە درێژەکان، شێوازە جۆراوجۆرەکانی فاڵگرتنەوە و پێشگۆیی. ئەو زاراوانەی کە لە بارەی جۆرەکانی مێشک یان قوماشەکانی پێشەوەی پانتۆڵ -لە بەرهەمەکەیدا- دێنێت. لەبابەتە نیمچە ئینسکلۆپیدیاییەکانی ((ڤۆلتێر)) و ((ئیرازموس)) کە لە بەرهەست و ئەرک لە بەرهەمەکانیاندا هێناویانن، ئەو خاڵە دەخاتە زەینەوە کە بەشێک لە ناوبانگەکەیان وەک هونەرمەند، پەیوەستە بەو توانایی و غەریزەوە، کە لە کۆکردنەوەی راستییەکان و زانستی کاروبارە جیاوازەکاندا هەیانە. ئەو شێوە نیمچە ئینسکلۆپیدیاییەی کە ((فلوبێر)) لە نووسینی ((بوڤار و پکوشە))[٦٦] دا گرتیەبەر، دەتوانرێ تەنیا لەم رێگایەوە رونبکرێتەوە کە ئەو لە نووسینی ئەم بەرهەمەدا لەژێر کاریگەری شێواز و نەریتی ئەدەبی مینێپیدا بووە.



بنچینە و پێکهاتەی بەرهەمی ((شیکردنەوەی مالیخولیا)) لە نووسینی ((رابێرت برتن)) خستنەڕوویێکی هونەرمەندانە و داهێنەرانەی توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوەیەکی زانایانە- و ئەمیش بەشێوەی سەرتاپاگیر- پێکدەهێنێت. ئەم کتێبە تاپێش ((گەشتەکانی گالیڤەر))ی ((سویفت)) گەورەترین بەرهەم بوو بە شێوەی ((ساتیری))- لە ئەدەبی بەریتانیادا- . لەم کتێبەدا کۆمەڵێ مرۆڤایەتی لەژێر تیشکی سیمبولێکی کۆمەڵگایەکی گونجاو لەگەڵ عەقڵدا، لێیدەکۆڵرێتەوە و پیشاندەدرێت کە چۆن لە رێگەی چارەسەرکردنی مالیخولیالی یەوە دەتوانرێ ئەم کۆمەڵە دامەزرێنرێت. ((برتن)) (بەهێنانی گوتە لە کتێبە جیاجیاکانەوە) توێژینەوەی نێوان کتێبە جیاوازەکان دەکاتە شوێنگرەوەی سوود وەرگرتن لە دایەلۆگ، و ئەنجامی کارەکە بوو بە بەرهەمێک کە لە توێی کتێبێکدا ژیانی ئادەمیزاد بە کاملترین شێوە لێی کۆلراوەتەوە و تاوتوێکراوە؛ ئەمە شتێک بوو کە لەسەردەمی ((جێفری چاوسێر))ەوە ئەدەبی ئینگلیزی نموونەیەکی ئاوای بەخۆوە نەبینیبوو، (((چاوسێر))یش لەو نووسەرانە بوو کە جێی سەرنجی ((برتن)) بووە). لەوانەیە لەکاتی خوێندنەوەی ئەو باسەی کە ((برتن)) لەپێشەکی کتێبەکەدا دەیکات و لەو راکردنانەی کە کات ناکاتێک دەیانکات هەست بەشتێک بکەین؛ هەڵبەت کاتێک وردتر لێی بکۆڵینەوە، تێدەگەین کە ئەوانە هەمان قاڵبی مێنیپێنین بەڵام لەجۆری زانایانە و لێکۆڵەرەوانەن. لەم کتێبەدا ((برتن هەندێ جار وازی لە بابەتی سەرەکی کتێبەکە هێناوە، باس لە کێشەگەلی وەک ئارەزوو و بارودۆخی رۆحی مرۆڤ و نەهامەتییە گەورەکان و زاناکان دەکات یان گەشتێکی سەیر و سەمەرەو، هەجو و گاڵتەبە فەیلەسووفە گەورەکان دەکات، هەروەها سوود وەرگرتنێکی بەکینایە و کۆمیدییانەی مەسەلەی توێژینەوەی زاناکان دەکات. وشەی توێکاری ((علم التشريح: (Anatomy) لە ناونیشانی کتێبەکەی ((برتن))دا بەمانای



PDF4Kurd

لێووردبوونەوە یا شیکردنەوە و تاتوێکردنە، کە بە وردی شێوازی سوود وەرگرتنی ئەو لەو فۆرم یا قاڵبە- کە لێکۆڵەرەوانە و زانایانەیە- دەگەیەنێت. ئێمەش دەتوانین بۆ ناونانی ئەم قاڵبە لە باتی سوود وەرگرتن لە وشەی قورسی ((ساتیری مێنیپێنی)) (کە ئەمڕۆ تەنانەت تارادەیەکیش هەڵخەڵەتێنەرە) سوود لە ناونیشانی گونجاوی ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) وەرگرین.

((شیکردنەوەی ئەدەبی))یش سەرەنجام کەم کەمە لەگەڵ ڕۆماندا تێکەڵ بووە و زۆر لە بەرهەمە دووڕەگەکانی، وەک ((ڕۆمانە بیر و باوەڕییەکان)) و (Roman 'athese) (ئەو ڕۆمانانەی کە تێیدا کەسەکان سەمبولی بیروباوەڕ و هزرە کۆمەڵایەتیەکان و ئەوانی ترن (وەک ڕۆمانە کرێکارییەکانی ساڵانی سییەکان)) داهێنان. بەڵام تەنیا ((لارنس ستێرن)) کە لە شوێنکەوتووەکانی ((بارتن)) و ((رابلە)) بوو. توانی هەڵسێت بە تێکەڵکردنی ئەم دووانە بە باشترین شێوە. ((تریسترام شەندی)) (نووسینی ((لارنس ستێرن))) (بەهەمان شێوە کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا گوتمان) لەوانەیە بتوانین بەڕۆمان ناوزەدی بکەین، بەڵام چیرۆکێکە کە هەمیشە شێوازی گێڕانەوەی تێکدەدات و لە بابەتی سەرەکی چیرۆکەوە دوور دەکەوێتەوە. لە ((تریسترام شەندی))دا لەگەڵ تایبەتمەندی گەلی وەک دروستکردنی کەسایەتی بەپێی شێوازێکی تایبەت، جۆر و بەشی پێرستەکان، رستە وهێلی کۆمیدی، گەشتی ((لووتی گەورە))، (لەوانەیە مەبەستی، گەشتی نووسەری نامەی ((جۆری لووتەکان)) لە ڕۆمانی ((تریسترام شەندی))دا بێت) توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانایانە و گاڵتەی هەمیشەیی بە فەیلەسووف و رەخنەگرە گەورەکان، ڕووبەڕوو دەبینەوە. کە هەموویان پەیوەسن بە قاڵب یا شێوازی ((شیکردنەوەی ئەدەبی))یەوە.



ئەگەر بە تەواوی لە قاڵب و نەریتەکانی ((شیکردنەوەی ئەدەبی تێبگەین زۆر لە رەگەز و بەرهەمە گرنگەکانی مێژووی ئەدەبیاتیش دووبارە روون دەکرێنەوە و سەرلەنوێ لەبەرچاو دەگیرێن، وەک کتێبی ((خۆشەویستی فەلسەفە))[٦٧] نووسینی ((ئینبشیوس بوئیتوس))[٦٨] یەکێکە لە نووسەرانی کۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینی ڕۆم) کە جۆرە بەرهەمێکی ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) نایابە، هەر لەبەر ئەم هۆیە گرنگەشە کاریگەرییەکی قووڵی کردۆتە سەردنیای ئەدەبی و  دنیای نووسەران یش. لەم کتێبەدا کە هەندێ جار شیعریش تێکەڵی بابەتە پەخشان ئامێزەکان دەبێت، سوود لە ئاوازێکی کۆمێدی و هزرڤانانە وەرگیراوە کە کاردەکاتەسەر هەر کەسێک. کتێبی ((ماسیگری راستەقینە))[٦٩] (نووسینی ((ئیزاک وۆڵتن)))یش جۆرە بەرهەمێکی ((شیکردنەوەی ئەدەبی))یە؛ چونکە لەویشدا هەم سوود لە پەخشان وەرگیراوە هەم لە شیعریش؛ دیسان هەم سوودی لە شێوەی گفتوگۆ وەرگرتووە و هەم لە شوێن و فەزای گوندنشینییش. سەرەڕای ئەوەش جۆرە وتەیەکی لێکۆڵەرەوانە کە پەیوەست بێ بە جۆر و بەشەکانی خۆراکەوە، هەروەها سەر زەنشت و گاڵتەپێکردنی بەڕێزانەی کۆمەڵگا و ئەویش بەشێوەی مێنیپێینی، (لەبەرئەوەی کە هەموو شت بەگرنگ دەزانێت تەنیا ماسیگری نەبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا ئەوەندە سەرکەوتوو نەبووە کە کار و مەسەلەیەکی  گرنگتر لە ماسیگری بدۆزێتەوە )دیسان بەڵگەی ئەو خاڵەیە. لە قۆناغە جیاوازەکاندا ((ڕۆمانسەکان)) و، ((دانپێدانانەکان)) و ((شیکردنەوە ئەدەبیەکان)) زۆر پشتگوێ خراون و ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەبووە کە ئاشکرا نەبووە  دەکەونە ناو کام دستە لە بەرهەمە ئەدەبیەکان دوە. بۆ نموونە لەنێوان قۆناغی ((لارنس ستێرن)) و ((پیکاک)) لەنێو ((ڕۆمانسەکان))دا، ڕۆمانسی ((ملماسی سەرگەردان))[٧٠] (نووسینی ((چارلز رۆبێرت مچورین)))؛ لەنێو ((دان پیانانەکان))دا، بەرهەمی



PDF4Kurd

((دان پێدانانەکانی تاوانباری روو سپی))[٧١] نووسینی ((جێمس هۆک))[٧٢]؛ لەنێو ((شیکردنەوە ئەدەبییەکان))دا بەرهەمەکانی ((پزیشک))[٧٣] نووسینی ((روبێرت ساوس))[٧٤]، ((جۆن بانکل))[٧٥] نووسینی ((تۆماس ئامۆ))[٧٦] و کۆمەڵە نووسینەکانی ((شەوەکانی ئامبرۆز))[٧٧] هەر نەهاتونەتە هەژمارتن.

لێرەدا خراپ نییە کە باسەکانمان کورت بکەینەوە و ئەنجامێک لە وتەکانمان وەرگرین. کاتێک ((ئەدەبی چیرۆکی)) لەرووی فۆرم و قاڵبەوە تاوتوێ دەکەین تووشی چوار ڕێچکەی سەرەکی (قاڵبی بنەڕەتی) دەبینەوە کە جیهانی چیرۆکیان لە باوەش گرتووە. ئەو چوار قاڵبە بریتین لە ((رۆمان))، ((دانپێدانانەکان))، ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) و ((رۆمانس)) کە لەمانەوە شەش جۆرە پێکهاتەی چیرۆکیی هاتوونەتە ئاراوە و هەن (لەوانە ئەو چوارەی کە پێشتر باسمانکردن لەگەڵ ((ئۆتۆبیۆگرافی)) و ساتیری مێنیپێنی))). پێشتر نیشانماندا کە ((رۆمان)) چۆن لەگەڵ سێ قاڵبی چیرۆکی تر تێکەڵاوە، لێرەشدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەرهەمێکی پاک و پوختە کە تەنیا سوودی لە یەک فۆرم یان قاڵبی چیرۆکیی وەرگرتبێت، بە دەگمەن دەستدەکەوێت. بۆ نموونە رۆمانە سەرەتاییەکانی ((جۆرج ئەلیوت)) کاریگەریی قاڵبی ((رۆمانس)) یان لەسەرە و، کارەکانی دواتری لەژێر کاریگەریی قاڵبی ((شیکردنەوەی ئەدەبی))دا هاتوونەتە ئاراوە. ئەو نەژادەی لە تێکەڵکردنی رۆمانس و دانپێدانانەکان دروست بووە، پێویستە لەنێو ((ئۆتۆبیۆگرافی))ی رۆمانتیستدا بدۆزرێتەوە؛ کە نموونە ئینگلیزییەکانی نووسەرانی وەک ((جۆرج بارۆ)) (کە نووسەرێکی دەرەوە گەرابوو)) و ((تۆماس دۆکوینسی))[٧٨] کە ((دەروون گەرا)) بوو هێنایاننە ئاراوە. دەتوانین پێکهاتەی ((رۆمانس)) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) (هەرروەکو گوتمان) لە بەرهەمەکانی ((رابلە))دا ببینینەوە. لە نموونەکانی تری (موبی دیک)ە[یانەهەنگی سپی- بەرهەمی – هێرمان ملویل] کە تێیدا ناوەڕۆکێکی



رۆمانتیک، واتە راوکردنی گیانلەبەرە وەحشییەکان، بەرەبەرە فراوان بووە و گۆڕاوە بۆ بابەتگەلی (شێوە ئەنسکلۆپیدیا) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی گیانەوەری)) لەژێر ناوی (نەهەنگ)دا. ((دانپێدانانەکان)) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) یش لە ((سارتۆرسیارتوس)) (بەرهەمی تۆماس کار لایل) یان لە هەندێ لە بەرهەمەکانی ((سۆرن ئیبی کییەرک گۆر))[٧٩] (کە نیشانەی ئەزموونە سەرسوڕهێنەر و داهێنەرەکانی ئەون لە بواری ئەدەبیاتی پەخشان ئامێزی چیرۆکیدا) وەک ((ئەم یا ئەو)) [٨٠] لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو کراون، ئەو بەرهەمانەی سوودیان لە دارشتنە چیرۆکییە گشتگیرەکان وەرگرتووە و زۆرجار -بەلایەنی کەم ەوە سێ قاڵبی چیرۆکی لەگەڵیەکتردا تێکەڵکراون.

بۆ نموونە لە ((پامێلا)) (بەرهەمی ساموئیل ریچاردسۆن)دا قاڵبەکانی ((رۆمان)) و ((رۆمانس)) و ((دان پێدانانەکان))؛ لە ((دۆن کیشۆت))دا (بەرهەمی ((سێرڤانتس))) قاڵبەکانی ((رۆمان)) و ((رۆمانس)) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی))؛ لە بەرهەمەکانی ((مارسێل پرۆست))دا، قاڵبەکانی ((رۆمان)) و ((دان پێدانانەکان)) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) لەبەرهەمەکانی ((ئاپۆلیۆس))دا قاڵبەکانی ((رۆمانس))؛ ((دان پێدانانەکان)) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) تێکەڵکراون.

من بە ئەنقەست هەوڵمداوە بە شێوەیەک باسبکەم کە هەموو شتێک بەپێی نەخشە و ڕێژەیەکی ورد بێت، چونکە دەمانەوێت سوودەکانی روونکردنەوە و راڤەکردنە سادە و لوجیکیەکانی، شێوازی چیرۆک گەلێکی وەک ((مۆبی دیک)) یا ((ترێسترام شەندی)) نیشانبدەین. ئەو شێوەیەی کە تائێستا رەخنەگرەکانمان بۆ توێژینەوەی قاڵب و فۆرمی چیرۆکەکانی وەک ((مۆبی دیک)) یا ((ترێسترام شەندی)) هەڵیان بژاردووە، کە شێوەی توێژینەوەی زاناکانی سەرزەمینی ((برابدینگ ینگ))(٨١)ە (ناوی

سەرزەمینێک لە کتێبی ((گەشتەکانی گالیڤەر))ی ((سویفت))دا) لە چیرۆکی ((گەشتەکانی گالیڤەر))دا زانایانی ئەو سەرزەمینە لەپاش دەمەتەقێ و ململانێیەکی زۆر سەرەنجام رادەگەیەنین کە پەیدابوونی بوونەوەرێک بەناوی ((گالیڤەر)) جۆرە ((گاڵتەیەکی سروشت))[٨٢] بووە. قاڵبی ((شیکردنەوەی ئەدەبی)) زیاتر لە هەر شتێکی تر سەری لە رەخنەگران شێواندووە و گومرای کردوون، لەبەرئەوەش زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە لەژێر کاریگەریی چوارچێوەی ((شیکردنەوەی ئەدەبی))دا بەرهەمێکیان هێناوەتە ئاراوە، بەوە تاوانبارکراون کە سەرپێچیان لە نەریتە ئەدەبییەکان کردووە. لێرەدا مومکینە خوێنەران خێرا بەرهەمەکانی ((جێمز جویس)) یان بەبیر بێتەوە. چونکە هێندە گوتراوە کە بەرهەمەکانی ((جویس)) سەیر و دەگمەنن، کە یەکسەر مرۆڤ بیری بۆ لایان دەچێت. ئەو وردەکارییەی کە جۆیس تەرخانی کردووە بۆ دارشتنی بناغەی ((ئولیس)) تەنانەت لەرادەی سروشتی یش زیاتر رۆیشتووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ((جویس)) ((ئولیس))ی بەپێی بنەما زانراوەکانی چیرۆکە پەخشان ئامێزەکان نەنووسیوە، هەموویان وای بۆ دەچن کە ئەو بەرهەمە پێکهاتە و فۆرمێکی دیاریکراوی نییە. رێگا بدەن کە ئولیس بەپێی بنەماکانمان هەڵسەنگێنین:

ئەگەر داوا لە خوێنەرێک بکەین کە ((ئولیس))ی خوێندبێتەوە، تا پێرستێک لەو خاڵانە ئامادەبکات کە زیاتر لە هەر شتێکی تر ئەویان خستووەتە ژێرکاریگەرییەوە لەوانەیە ئەم خاڵە لۆجیکییانەی خوارەوە بنووسێت:

١- ئاشکرایی و بەرجەستەییەک کە بەهۆیەوە دیدەنییەکان و دیمەنەکان و دەنگ و بۆنکردنەکانی دەوروبەری ((دۆبلین)) بەرجەستە و زیندووبوونە. نواندنی کەسایەتی رەوان و قووڵ و سروشتی بوونی گفتوگۆکان.



PDF4Kurd

٢- لاسایی کردنەوەی مامۆستایانە، بەڵام گاڵتەجارییانەی کەسایەتییەکان و چیرۆکی ((ئۆدیسە))ی ((هۆمر))؛ لە بەرامبەر دانانی ((ئولیس)) لەگەڵ سومبوڵی قارەمانی پاڵەوان گەرایانەی ((ئودیسە))[٨٣] ی ((هومەر))دا.[٨٤]

٣- فراوانی و ئاشکراکردنی کەسایەتییەکان و چیرۆک لە رێگەی شێوازی وردبوونەوەی شەپۆلی زەینەوە.

٤- مەیلی هەمیشەیی بۆ سوود وەرگرتن لە شێوازی (تەکنیک و مایەی کار) کە تێیدا سوود لە وردبوونەوەی شێوەی ئینسکلۆپیدیایی وەردەگرێت؛ هەروەها بە رووبەڕووبوونەوەیەکی زانایانە و قووڵ لەگەڵ تەکنیک و هەوێنی چیرۆکدا.

ئیتر لێرەدا لەوانەیە کێشە نەبێت کە تێبگەین چوار خاڵی سەرەوە ئاماژە بە کۆمەڵێ رەگەز لە ((ئولیس))دا دەکەن کە هەریەکەیان یەک لەدوای یەک پەیوەستن بە یەکێ لە قاڵبەکانی ((رۆمان)) و ((رۆمانس)) و ((دانپیانانەکان)) و ((شیکردنەوەی ئەدەبی))یەوە. کەواتە بەم شێوەیە ((ئولیس)) داستانێکی جوشدارییانەی پەخشان ئامێزی تەواوە، کە سوودی لە هەر چوار قاڵبی چیرۆکی وەرگرتووە، و گرنگی هەر چوار قاڵبیش لەم بەرهەمەدا، بەکردەوە یەکسانن و هەرکامێکیشیان تەواوکەری ئەوی ترە. کەواتە بەم پێیە، ((ئولیس)) بەرهەمێکە خاوەنی یەکێتییەکی هونەرییە نەک کۆمەڵێکی تۆپەڵەبوو بەڵام بەبێ فۆرم.

## پەراوێزەکان

1- Sartor Resartus.

٢- Thomas Carlylle مێژوونووس و فەیلەسووف و نووسەری سکۆتلەندی (١٧٩٥-١٨٨١).

3- The Anatomy of Melancholy.

٤- Robert Burton ڕۆماننووس ئینگلیزی (١٥٧٧-١٦٤٠).

٥- George Borrow نووسەر و ئەدیبی ئینگلیزی (١٨٠٣-١٨٨١).

6- Lavengro.

7- World Classics.

8- Tudor.

9- Tudor Apprentices.

١٠- Thomas Deloney نووسەری ئینگلیزی (١٥٤٣-١٦٠٧؟).

١١- Thomas Love Peacock ڕۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی (١٧٨٥-١٨٦٦).

12- The Egoist.

١٣- Katherine Mansfield نووسەری ئینگلیزی (١٨٨٨-١٩٢٣).

١٤- Anton Chekhor شانۆنووس و چیرۆکنووسی ڕوسی (١٨٦٠-١٩٠٤).

١٥- William Morris شاعیر و نووسەری ئینگلیزی (١٨٣٤-١٨٩٦).

16- Northumbria.

17- Midlands.

١٨- William Words Worth شاعیری ئینگلیزی (١٧٧٠-١٨٥٠).

١٩- Robert Burns شاعیری سکۆتلەندی (١٧٥٩-١٧٩٦).

20- Northanger Abbey.



21- Lord Jim.

22- Sagas of Lceland.

23- Little Dorrit.

٢٤- St- Augustine یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی زانستی کەلامی مەسیحییەت (٣٥٤-٤٣٠).

٢٥- Jean Jacques Rousseau فەیلەسووف و نووسەری فەرەنسی (١٧١٢-١٧٧٨).

26- Religio Medici.

٢٧- Thomas Bronwne پزیشک و نووسەری ئینگلیزی (١٦٠٥-١٦٨٢).

28- Grace Abounding.

29- Apologia.

٣٠- John Henty Newman ڕۆماننووس ئینگلیزی (١٨٠١-١٨٩٠).

٣١- Michel de Montaine نووسەری فەرەنسی (١٥٣٣-١٥٩٢).

32- Dubliners.

٣٣- James Mill فەیلەسووف و مێژوونووسی ئینگلیزی (١٧٧٣-١٨٣٩).

34- Emile.

٣٥- ؟.

٣٦- Samuel Butler ساتیرنووسی ئینگلیزی (١٨٣٥-١٩٠٢).

37- Erewhon Books.

38- The Brave New World.

39- Condid.

٤٠- Francois Rabelais ساتیرنووسی فەرەنسی (١٤٩٤-١٥٥٣).

٤١- Desiderius Erasmus زاناو نووسەری هۆڵەندی (١٤٦٤-١٥٣٦).

٤٢- Lucian ساتیرنووسی بەرەچەڵەک یۆنانی (٢٠٠-١٢٠).

٤٣- Voltaire نووسەری فەرەنسی (١٦٩٤-١٧٧٨).

44- Menippus.



PDF4Kurd

45- Marcus Terentius Varro.

46- Gaius Petronius.

47- Lucius Apuleius.

48- Squire Wastern.

49- Thwackum.

50- Square.

51- Alices Adventures in Wander Lands.

٥٢- Lewice Corroll زانای بیرکاری و نووسەری ئینگلیزی (١٨٣٢-١٨٩٨).

53- Water- babies.

54- Lmaginary Conversation.

٥٥- Walte Savage Landor شاعیر و نووسەری ئینگلیزی (١٧٧٥-١٨٦٤).

56- The Dialogue of the Dead.

٥٧- Mattew Prior شاعیری ئینگلیزی (١٦٦٤-١٧٢١).

٥٨- Plato فەیلەسوفی یۆنانی (٤٢٧-٣٤٧ پێش زاینی).

٥٩- Baldassare Costiglione نووسەری ئیتاڵی (١٤٧٨-١٥٢٩).

٦٠- Izaak Walton نووسەری ئینگلیزی (١٥٩٣-١٦٨٣).

61- Athenaeus.

62- Deipnosophists.

63- Ambrosius Macrobius.

64- Saturnalia.

65- Marcus Quintilian.

66- Bouvard et Pecuchet.

67- Consolation of Philosophy.

68- Anicius Boethius.

69- Compleat Angler.

70- Melmoth the Wanderer.



71- Confessions of a Justified Sinner.

٧٢- James Hogg شاعیر و نووسەری ئیسکۆتلەندی (١٧٧٠-١٨٣٥).

73- Doctor.

٧٤- Robert Southey شاعیر و ئەدیبی ئینگلیزی (١٧٧٤-١٨٤٣).

75- John Buncle.

٧٦- Thomas Amory نووسەری بەرەچەڵەک ئیرلەندی (١٦٩١-١٧١٨).

77- Noctes Ambosianae.

٧٨- Thomas De Quincy نووسەری ئینگلیزی (١٧٨٥- ١٨٥٩).

٧٩- Sören Aabye Kierkegaard فەیلەسوف و گوتارنووسی دانیمارکی (١٨١٣-١٨٥٥).

80- Either Lor.

81- Brobdingnag.

82- Lusus Naturae.

83- Odyssey.

٨٤- Homer شاعیر و حەماسەبێژی یۆنانیی سەدەی حەوتەمی پێش زاینی.



PDF4Kurd

## هەندێ لە سەرچاوەکان


–Abrmas M. B. ((AGlossary of Literary Terms… Third Edition New York: Holt, Rinehart & Winston Inc. 1971.

–Bradbury, Malcolm. (What is a Novel?)) Second Edition. London: Edward Arnold 1973.

–Brown, Calvin S., et al. ((The Readers Companion to Literatute)). Twelfth Printing. New York: the Dryden Press, Inc. 1956.

–Cuddon J. A. ((Aictionary of Literary Terms)) England: Penguin Books, 1984.

–Flint Thrall, William, William and Addison Hibbard ((A Hand Book to Literature)). Fourth Edition. New York: The Odyssey Press, 1981.

–Frye, Noethrop. ((The Forms of Fiction: Discussions of the Novel)). Ed. Royer Sale. Boston: D. C. Heath and Company 1960.

–Harvey, Paul. ((the oxford companion to English Literature)).
Fourth Edition. London: Oxford Universiry. Press, 1973.






PDF4Kurd